نۆڤلێت حەبیبە

سەرجەم مافەکانی لەچاپدانەوە و بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە یاخود بەشێکی بەشێوەی چاپکراو یاخود دیجیتاڵی یان هەر شێوازێکی تری بڵاوکردنەوە، بەپێی یاسا پارێزراوە، هەر کەس و لایەنێك بیکات ڕووبەڕووی لێپێچینەوەی یاسایی دەبێت.

# نۆڤلێت حەبیبە

نیهاد جامی

ناوی کتێب: نۆڤلێت حەبیبە
بابەت: نۆڤلێت
نووسەر: نیهاد جامی
تایپ: نووسەر
دیزاین: هەرێم عوسمان
چاپ: چاپخانەی کارۆ - سلێمانی
تیراژ: ٥٠٠ دانە
ساڵی چاپ: ٢٠٢٤ ی زایینی
نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم
نرخ: ٤٠٠٠ دینار

لە بەڕێوەبەرێتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (   ) ی ساڵی ٢٠٢٤ ی پێدراوە

© مافی لەچاپدانەوە و بڵاوکردنەوەی پارێزراوە.

# پێـــــــــــڕســـــــــت


نوسینی وەسیەتنامە.................................................. ٧
کتێبەکانی دایکم ................................................ ١٤
ژیاننامەی کچێک ................................................ ٢٠
عاشقی کتێب دەبێت ............................................ ٢٠
کتێب نهێنی ژیانە.................................................. ٢٥
مردن کووشتنی یەکەمین خەونە.................................. ٢٩
دایکە بووم بە پیاو................................................. ٣٢
گوناهەکانمان ئازارەکانی مەسیحە............................. ٣٦
دایکم کریستیان بوو ............................................. ٤٠
کتێبی ڕوناکی عەقڵ................................................. ٤٤
بەشی یەکەمی: ژیان لای کۆندێرایە............................. ٤٤
دایکم خۆشەویستی هەبوو.......................................... ٥٦
سەلیم تەورات دەخوێنێتەوە ..................................... ٥٩
پەراوێزێک بۆ دەستنووسەکەی سەلیم.......................... ٦٣
کتێبی ڕوناکی عەقڵ ............................................... ٦٦
بەشی دووەم: ژیان لەکوێیە؟.................................... ٦٦
پەراوێزێک بۆ کتێبەکەی دایکم ................................ ٧٠
تریفەی تورە ....................................................... ٧٥
بیرۆکەیەکی نوێ ................................................. ٧٨
بۆ چاپکردنی دەستنووسەکان.................................... ٧٨

کتێبی ڕوناکی عەقڵ ........................................ ٨١
بەشی دووەم: ژیان لەکوێیە؟.................................. ٨١
خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی ژیان وا لەشوێنێکی دیکەیە ......... ٨١
کورتە چیرۆکی مار و درەخت ................................. ٨٨
نهێنیەک لەچیرۆکدا............................................. ٩١
دۆزینەوەی نامەیەکی فەریبا.................................... ٩٣
هەڕەشەکانی فەریبا و ......................................... ٩٦
نەخۆشکەوتنی ................................................... ٩٦
کتێبی ڕوناکی عەقڵ ........................................... ١٠٠
بەشی دووەم: ژیان لەکوێیە؟.................................. ١٠٠
جیاوازیەکانی منی خوێنەر لەگەڵ کارەکتەردا.................. ١٠٠
من لەناو ڕۆمانەکەی کۆندێرا و ............................... ١١٠
کتێبەکەی دایکمدا............................................... ١١٠
مەلیکە دەبێتە رۆماننوس........................................ ١١٣
بەراوردێک لەنێوان ............................................. ١١٦
سەلیم و میشێل عەفلەق........................................ ١١٦
وتارەکەی دایکم بلاو کرایەوە................................... ١٢١
روناکیەک بۆ ئەم تاریکیە........................................ ١٢٥
چاپی سێیەمی کتێبەکەی باوکم ................................ ١٢٩
من شاهیدانی یەهوەم .......................................... ١٣٣
ونبوونی نووسەر و شانۆکارێک ................................ ١٣٨
لە کۆڵانێکی پاریسدا ........................................... ١٣٨

## نوسینی وەسیەتنامە

نووسین وەسیەتێکە بۆ زمان، ئەوە لەقسەیەکی شاعیران دەچێت، بەلام مەبەستمە باس لەوە بکەم، نووسینێک کە دەبێتە وەسیەتنامە بۆ دابەشکردنی موڵک و سامان نیە، قسەیەکە بۆ دواهەمین نووسین کە نووسراوە، کەسێک کە دەنووسێت و ڕۆژێک کەسێک بەرهەمێکی نەخوێندۆتەوە، بۆی گرنگ نەبووە تا لەژیاندایە کەس وەک نووسەر بیناسێت، دەی ئەوە منم کە هەست بەتێپەڕین بەناو تەمەن دەکەم، دەمەوێت بەر لەمردن تەواوی ئەو نووسینانە لەماڵەکەمدا بپارێزم، ئەوانە بەرهەمی بوونن نەک عەقڵ وبیرکردنەوە، ژیانی ساڵەهای ساڵ لەناو کتێبەکان وایدەکرد سەرنجەکانم یادداشت بکەم، کاتێک دەگەڕامەوە سەریان وشتی زیادم لادەبرد، هەندێکیترم دەنووسی، هەستم دەکرد هەر نووسینێکیان ڕووبەرێکی تایبەتی هەیە، بۆخۆیان بوونە بە کتێبی سەربەخۆ، کتێب تاکە عەشقی منە لەم ژیانەدا.

عەشق دەبێت بەنهێنی لەناو ماڵی تاریکی بپارێزرێت، کە مردیت دەکرێت کەسێک بەمەشخەڵەوە بێت بەناو ئەو

تاریکیەدا، وەک گەڕانی کەسێک بەناو ئەشکەوتێکی تاریک، ئەو دەمە بەناو عەشقی مندا تێدەپەڕن، سەیریان بەوە دێت کەسێک تەنیا خەریکی خوێندنەوە نەبووە، بەڵکو ئەو هەموو کتێبەی نووسیوە، بێ ئەوەی بیەوێت کەس وەک نووسەر بیناسێت، سەختە لەوە تێبگەن، مەگەر کەسێک لەپێشەکی کتێبەکانم ئەو وەسیەتنامەیەی بکەوێتە دەست و بتوانێت لەعەشقی من بۆ کتێب تێبگات.

خوێندنەوە دنیایەکە دەتوانم تیایدا خۆم بناسم، ئەوە وێنەیەک بوو بۆ ناسین، ڕەنگە تەمەنم تەنیا هەشت ساڵ بووبێت، کە ئاشنای ئەو دۆخە بووم، بەلاتانەوە سەیر نەبێت، ئەو ڕۆژگارە قوتابخانەکان زیندان نەبوون تا لێیانەوە ڕابکەین، لەوێ کتێبیان بە پۆلەکان دەگێڕدرا، بۆ ئەوەی هەر منالێکی قوتابخانە گەر بیەوێت دەتوانێت بیکڕێت، هەر لەو ڕۆژگارەوە ئەو پارەیەی لەمالەوە وەرم دەگرت نەم دەخستە دەستی مام فازلی حانووت، تاوەکو پسکیتێکی هەشت دانەی و کۆکا کۆلایەکم پێبدات، لەبری ئەوە لەوانەی دووەم کاتێک مامۆستا شاعیرەکەمان بەپۆلەکان دەگەڕا، کە کێ کتێب دەکرێت؟ وابزانم یەکەم کتێب کە لەقوتابخانە کڕیم کتێبێک بوو بەناوی ”باپیرەم گووتی“

کۆمەڵە چیرۆکێک لەڕێی گێڕانەوەی کەسێتی باپیرەوە پێی ئاشنا دەبووین، هەروەها ڕۆژانی هەینی، کاتێک باوکم لەگەڵ خۆی دەیبردم بۆ بازار چیرۆک و گۆڤاری منالانی بۆ دەکڕیم،

ئیدی هەستم دەکرد من لەمناڵانی هاوتەمەنی خۆم جیاوازم، چونکە خوێندنەوە دنیام ڕووناک دەکاتەوە، ئەوە هۆکارێک بوو کەمتر منی خستە یاریکردن لەگەڵ هاوتەمەنەکانم، تەنانەت یاری بوکەڵە بۆ من هیچ مانایەکی نەبوو، هەندێک جار سەرم بەناو کتێبخانەیماڵەوەدا دەگێڕا، ئەو کتێبخانەیەی باوک بۆمانی کڕی و براکانم کتێبیان تیا دەپاراست، لەپاڵ هەندێک گۆڤاری ڕەنگاو ڕەنگی ئەو ڕۆژگارە، کتێب هەبوو هەموو کەس حەزی پێی دەکرد، بەڵام هەر لەو ڕۆژگارەوە من ڕشانەوەم پێی دەهات، یەکێک لەوانە بیرمە گۆرانیەکانی گۆرانی بێژێکی ناوداری ئەو ڕۆژگارە بوو، وابزانم هەموو گەڕەک ئەو کتێبەی لەماڵی ئێمە خواست و دەیانبرد بۆ خوێندنەوە، کە دەیانهێنایەوە، دەمووت "ڕشانەوەیان هێنایەوە"

وەک ئەوەی گەڕەک تاعوون بێننەوە بۆ ماڵەکەمان، ڕاستیەکەشی هەر وابوو، ئەو ڕۆژانەی ئەو کتێبە لەکتێبخانەکە نەبووایە، هەستم بە هەناسەیەکی پاکی ناو کتێبەکان دەکرد، گەرچی کتێبەکانی من لەوێ نەبوو، ئەو دۆلابە ئاسنەی کتێبەکانمی تیا بوو، باوکم بە تەختەدارێک و ڕەفێک بۆی جیاکردبوومەوە، تا کتێبی قوتابخانە لەگۆڤار و کتێبەکانیترم جیا بکەمەوە.

ئەو ڕۆژگاری سەرەتایە دنیا وەک ئێستە بوو، بەکەمێک کاڵبوونەوەی ڕەنگەکانی، بەهەندێک گۆڕانکاریەوە، بۆ نموونە لەمناڵی وا تێگەیشتبووم دەبێت بخوێنمەوە، تا لەدنیا بگەم

و بەگەمژەیی نەمێنمەوە، ئێستا تێدەگەم تا زیاتر بخوێنمەوە خەمگینترو نائومێدترم، چونکە بەو تاریکیەی ناو خۆم ئاشنا دەبم، بەڵام گرنگ کتێب لەنێوان ڕوناکی وتاریکی وەستاوە، بۆیە گەر تاریکیشم بۆ بێنێت، من ئەو تاریکیەم خۆش دەوێت، ئەوە دەبێتە جیابوونەوەی نێوان عەقڵ و گەمژەیی، گرنگ نیە من لەبەرەی عەقڵدا بم، هێندەی گرنگە سەر بەبیرکردنەوەی ئەوانیتر نەبم، کەوەک کتێبی گۆرانیەکە ڕشانەوەم پێی دێت.

ساتی وا هەبوو جیاوازیەکانی بیرکردنەوەم تەنیا پێکەنینی بۆ باوکم درووست دەکرد، بەڵام لەڕاستیدا من دنیام وا دەبینی، ڕەش و سپی چیە؟ ئەوە تێگەیشتنە لە کتێب، کتێبەکان وێنای ئەو جیاوازییەیان دەکرد، گەرچی خۆم بەکتێبی قوتابخانە زۆر خەریک نەدەکرد، بەوپێیەی هەر لەمناڵیەوە دەمزانی زانیاری ناو کتێبەکان ئەو مامۆستایانە نووسیویانە کەلەناو پۆلەکانی قوتابخانە تۆزی تەباشیرەکان خنکاندوویانیەتی، خۆیان بە پسپۆر دەبینی بۆ کتێبی ئەلف وبێی کوردیی باڵدار، ئەو کتێبەی بەدرێژایی ژیانی خوێندنم وەک تاکە کتێبی قوتابخانە خۆشم ویست، تۆ کە یەکەمجار بەتەختە ڕەش و ڕەحلە و بۆنی لاستیکی کاغەزو قەلەمی دار و تەباشیر ئاشنا دەبیت، ناتوانیت ئەو کتێبەت خۆش نەوێت، ئەو کتێبە فێرت دەکات چۆن بخوێنیتەوە و چۆن بنووسیت، بیرۆکەی چۆن دەتوانم بخوێنمەوە بە ئاسانی ئەو کتێبە لامانی ئاسان دەکرد.

کتێبەکانی دواتر شتێکیان بەمن نەدەبەخشی، جگە لەلاسایی ئەو کتێبە و هەوڵدان بۆ دانانی زانیاری سواو، بۆیە کاتێک

مامۆستای ئاین دەیویست هەر لەو منالّیەوە ڕاڤەی سورەتی فاتیحامان بۆ بکات، خۆی ووشەکانی بۆ دەکردین بە کوردیی، بەپێی تێگەیشتنی خۆی قسەی بۆ دەکردین، وای پێ نیشان دەداین کە خودا لە ئاسمانە و کەس لەو گەورەتر نیە.

بیرکردنەوە لەخودایەک کە لەئاسمانە و لەهەموو شتێک گەورەترە، گرنگترین بیرۆکە بوو، کە گومان لەعەقلّی مامۆستای ئاین بکەم، بەپێی زانیاری خۆم بۆ کتێب وگۆڤارەکان.. تا خودای ڕاستەقینە بدۆزمەوە، ئەو دەمەی منالّێک خودا بدۆزێتەوە بەپێی خەیالّ و وێناکردنەکانیەتی، بەلّام چونکە گەورەکان لەو خەیالّە تێناگەن، خێرا بێدەنگت دەکەن.. یاخود بەدەمتەوە پێدەکەنن، بیرمە یەکەمجار ئەو بیرۆکەیەم لەلای باوکم باس کرد، ئەویش زۆر بەووردی گوێی بۆ گرتبووم.

بەیانیان کە دنیا ڕۆشن دەبێتەوە تا هاتنی تاریکی، خودا سپیەکە لەئاسمانە، دوای خۆرئاوابوون خودا ماندوو دەبێت.. بە چاودێریکردن وئاگا لێبوونی ئێمە، دەچێت دەخەوێت و خودا ڕەشەکە دێت، تا ڕۆژ دەبێتەوەو خودا سپیەکە لەخەو خەبەری دەبێتەوە، ئیدی ئەو دوو خودایە بەو شێوەیە خودایەتی دەکەن، دلّسۆزی بۆ یەک دەنوێنن، خودا سپیەکە ژنێکە و خودا ڕەشەکە هاوسەرەکەیەتی.

باوکم سەرەتا بەو تێگەیشتنە بەشیوەیەک پێکەنی، وەک ئەوەی هەموو ژیانی قسەیەکی لەوە گالّتەجارتری نەدۆزیبێتەوە، کەبینی من پێناکەنم هێندەی بەحەپەساوی لەو دەڕوانم،

ئەو مامۆستای تایبەتی ژیانم بوو، نەدەبوو وەک ئەوانیتر کاردانەوەی هەبێت، دەبوو بەشێوەیەکیتر سەیری شتەکان بکات، بۆیە هەوڵیدا پێکەنینەکانی بگۆڕێت بە خەندەیەک، تا خۆی بۆ کۆمەڵە ووشەیەکی پچڕ ئامادە بکات، کە نازانێت چۆن لەگەڵ مندا بیخاتە ڕستەوە، بۆیە دەستی بەسەرما هێناو باسی لەوە کرد: ئاخۆ کتێبێک هەیە ئەو زانیاریانە پشت ڕاست بکاتەوە؟ گەر کتێبێک بوونی نەبێت، واتە گەڕانێکمان نەکردووە، چۆن دەبێت خەیاڵەکانمان بەبێ توێژینەوەکان بکەین بەیەقین.

ئەو پێشتر ئەوانەی باسکردبوو، بۆیە دەبوو لەوانەی ئاینەوە دەست پێبکەم، لە مەزنی خودایەک لە ئاسمانە، ئەو بڕوای وابوو ئەو بیرۆکەیە کە نەبووە بە توێژینەوەو بەرەنجامی خوێندنەوە نیە، هێندەی بیرکردنەوەیە لەقسەکانی مامۆستایەک وەک بیرکردنەوە کارێکی خراپ نیە، بەڵام شایستەی ئەوە نیە لەلای کەس باسی بکەم، چونکە دەبێتە هۆی نارەحەتی و ئازار بۆ من، تەنیا کاتێک ئەو باسە لە کتێب، یان بوونە کتێب بەدەستمان گەیشت.

ئەوەیان قسەیەکی باوەرپێهێنەر بوو، بەڵام لەهەمان کاتدا بۆ من سەرەتای بیرکردنەوە بوو لەو شتانەی توانای بینینمان نیە، دەمانەوێت وێنای بینینی بکەین، ئەوە سەرەتای فێربوونی تۆمارکردنی سەرنجەکان بوو، سەرەتا دەفتەرێکی بچکۆلەی پەمەییم کڕی، ئەوەش بیرمە لەچوونێکمان بۆناو بازار لەڕۆژانی هەینی بوو، داوام لەباوکم کرد جگە لەکتێب پێویستم

بە دەفتەرێکی بچکۆلە هەیە، بیرمە ئەویش کە لەو حەشامەتە توند دەستی گرتبووم نەوەکو وون بم.

با جارێ بچین جل و بەرگی جەژنت بۆ بکڕم، لەگەڕانەوە پێش ئەوەی بە پاسەکە بگەڕێینەوە دەچینە کتێبفرۆشیەکە، بزانین چی نوێیان هەیە و دەفتەرە دڵخوازەکەشت دەکڕین، بەڵکو بنەماڵەکەمان نووسەرێکی مەزنی تیا لەدایک بێت.

لەو سەرەتایەوە فێربووم بیرکردنەوە لەشتەکان، خوێندنەوەی کتێبەکان لەدەفتەرە بچکۆلەکان تۆمار بکەم، ئەوانە بۆ من وەک پەراوێزی ژیان و کتێب وابوون، کەئێستا بوونەتە نووسینەوەی وەسیەتنامەی نووسین.

## کتێبەکانی دایکم

بیرکردنەوە لەوەسیەتنامەکەی دایکم، پێویستی بەگەڕانەوەیە بۆ ناو ساڵەکانی بەتەنیشت ئەو تیایدا ژیام، چۆن دەکرێت بەناو ئەو هەموو سەرقاڵیەی ماڵ وکارکردن، کەچی ئەو شەوانە کاتێک خەریکی خوێندنەوە بووە بەتەنیشت کتێبەکانەوە کۆمەڵە کتێبێکی نووسیبێت؟

پرسیارەکەی من بێ وەڵام دەمێنێتەوە، تەنیا کاتێک دەتوانم وەلامی خۆم وەدەست بێنم، گەر بێت و دایکم بگەڕێتەوە ژیان، ئەوەشیان شتێکە بەهیچ شێوەیەک نایەتە دی، بۆیە دەبێت بڕێک لەگەیشتن بەزانیاری پرسیارەکەم تەنیا بەناو دەستنووسەکانیدا بچمەوە، کە هەریەکەیان بۆ خۆی کتێبێکی سەربەخۆیە، دەزانم لەبەشێکی زۆری نووسینەکانی تێناگەم، یاخود هەندێک نووسینی هەیە من هیچ ئارەزوویەکی لێ ناکەم، بەلام ئەگەر ئێستا لەژیان بووایە، ڕێک لەسەر ئەو قەنەفەی بەرامبەر دابنیشتبایە، پێم دەووت "دایکە ئەوە باسی چی دەکەیت؟ جا ئەو باسە چ پەیوەندی بەتۆوە هەیە؟ تخوا پێم بڵێ فەلسەفە چ قازانجێکمان پێ دەگەیەنێت؟"

سەری لەسەر کتێبەکە بەرز ئەکردەوە و چاویلکەکەی دادەنا، وەک ئەوەی هەر بەڕاستی بیەوێت وەڵامی پرسیارەکانم بداتەوە، بەلام ئەو هەموو ژیان نەیهێشت کەس نووسینەکانی بکەوێتە بەر دەست، بۆیە ئەو ساتە سەر لەنوێ چاویلکەکەی دەکردەوەو چاو وبەردەوام دەبوو لەخوێندنەوە، دوای تاوێک دەیـووت "ناشیرینترین کارێک مـرۆڤ بیکات چوونە ناو نهێنی یەکتریە" بەڵام دایکە دەمەوێت تێبگەم، ئەوە تێگەیشتنە بێمانابییەکی سەیرە، ئەو وا ناڵێت، ئەوە خۆمم وەڵامی خۆم ئەدەمەوە، جارێکیان ئەو قسەیەم لەو بیست، کاتێک ویستم هۆکاری خۆشەویستی باوکم بۆ ئەو بزانم، ئاخۆ باوکم تا مرد جگە لەو هیچ ژنێکی تری خۆشنەویست؟

ئێستا تا بەناو دەستنووسی کتێبەکان ڕۆبچم، لەنهێنیەکی گەورە تێدەگەم، کتێبەکان تاکە پردی تێگەیشتنە لەپرسیارەکان، ئەوە کتێبەکانن دەتوانن وەلامی هەموو پرسیارەکانم بدەنەوە، منێک کە ڕقی هەموو دنیام لەکتێب و قوتابخانە بوو، بەهەردوو ساڵێک پۆلێکم بڕی و نۆ ساڵ خوێندم و نەمتوانی شەشی سەرەتایی تەواو بکەم، وابزانم دواهەمین وانە کەخوێندبم ئاین بوو، دوای شکستەکەم لە وانەی ئیملای کوردیی، ئەو ڕۆژەی کرام بەنوکتەی هەموو پۆلەکە، کاتێک دەبوو بنووسم "باران دەبارێت" کەچی من نووسیبووم "بابان دەبارێت"، دۆخی دەروونیم بەشێوەیەک تێکچوو بوو، تەنانەت کە وانەی ئاین خۆشترین وانەبوو لای من، بۆیە باش خۆم بۆی ئامادە دەکرد،

بەلام چونکە "بابان دەباریێت"، هەمووی لێتێکدام، بۆیە لەبری ئەوەی بڵێم " ئەلکەعبەت و قیبلەتونا" کەچی ووتم "ئەلقەحپەت و قیبلەتونا"

ئیدی بەچاوی فرمێسک گەڕامەوە ماڵەوە، ئەوە دووەم جار بوو لەژیانم بگریم، جاری یەکەمم کاتێک باوکم لەنەخۆشخانە مرد، ئاوا شین وگریانم بۆ بەست، ئەمجارەش کاتێک پۆلەکە هەموویان پێم پێکەنین، بەڵام خۆم گرت تا وانەی ئاینیش تەواو بوو، کە هاتمەوە ماڵەوە بەشێوەیەک گریام، کەچی دایکم دەیویست بەپێکەنین هێمنم بکاتەوە، دەیووت "چیە تازە زانیووتە باوکت مردووە"

پێکەنینێکی لەناکاو گریانەکەمی قووتدا، ئەوە دڵخۆشی کردیت، بەلام ئەوەی هەرگیز چاوەڕوانت نەکرد کە من واز لەخوێندن بێنم، بەتایبەت کە تۆ مامۆستای قوتابخانەیت، چۆن دەبێت کوڕی تۆ خوێندن تەواو نەکات، بەڵام سووربوونە سەیرەکەی من و گریان و ناڵە ناڵ بەزۆر دەتناردم بۆ قوتابخانە، تا ئەو ڕۆژەی زانیت من ناچمە قوتابخانە، دەچمە یاریگای تۆپی پێ بۆ سەیرکردنی یاریەکان.

ئەو دەنگەم ئێستا هەست دەکەم ڕۆحی دایکم ئەدوێنێت بۆ ناو ساڵەکانی منالی، دەتویست کارێکم بۆ بدۆزیتەوە تا لەدڵڕەقی و خراپی دنیا بمپارێزیت، بەڵام ڕاستیەکەی نەتدەزانی ئەوە دنیایە دەبێت خۆی لەشەڕانیەتی من بپارێزێت، من بۆ ئەوە نەکرابووم بچمە بەر خوێندن، بۆ ئەوە خەڵق ببوم تا

لەبازار بم، لەبەردەرگای سینەماکان خەریکی یاری لیگاو بم، کە بیست و سێ دەست فیشەم بردەوە، ئەو یاریەی کە تۆپی پێ بوو، ئەوسا بڕۆم بۆ کافتریای بلیاردەکە، گەرچی هەموو ژیانم فێری نەبووم و تەنیا دۆڕاندم، تا بڕیارمدا جارێکیتر ئەو یاریە نەکەمەوە.

سەرەنجام لەلای خزمێکی خۆمان بووم بە شاگردی چایچی، خێرا کەوتمە ناو بازار، تا لەکارەکەم زیاتر دەمامەوە، ڕقم لەکتێبەکان زیاتر دەبوو، بەهای مرۆڤم لەو پارەیە دەبینی کە دەستی دەکەوێت، پارە تاکە شتێک بوو دەیتوانی هەموو شتێک بکڕێت، تەنانەت کتێبیشی پێ دەکڕدرا.

ئەو کاتەی دایکم مرد من لەتەمەنی پەنجا ساڵیم نزیک دەبوومەوە، ئەو ڕۆژانە خولیای چوونم بۆ چایخانەکەم نەمابوو، بەڵام شاگردەکانم نەیانهێشت دابخرێت و کارەکانیان بەباشی بەڕێوە دەبرد، ڕۆژێک دەرگا لەژووری کتێبخانەکەی دایکم دەکەمەوە، بۆنێک لەکاغەزی کتێبەکانەوە بەناو ژوورەکەدا پەرش و بڵاوبوون، وەک ئەوەی دایکم کەمێک پێش ئێستا لەژوورەکە بووبێت، کەوتمە خەیاڵکردنی ژیانێک کە دنیا لەشێوەی پیاوێکی ڕیژدرێژی سپی بە گۆچانێکەوە بەناو لاپەڕەی کتێبەکان دەگەڕێت، ووشەکان دەکات بە باڵندەو بەناو ئەو ژوورەدا دەفڕن.

وەسیەتبێت کوڕم گەر ڕۆژێک منیش مردم، ئامان نەچیت ئەو کتێبانە بفرۆشیت، تا ئەو ڕۆژەی کتێبەکان لەم ژوورە بن،

گیانی من لەم ماڵە دەمێنێتەوە، هەر کاتێک کتێبەکان لەم ماڵە نەما، ئیدی منیش بەیەکجاری دەمرم، بۆ هەتایە هەست بکە بوویتە هەتیوو و بێ دایکیت.

ئەو دەمەی ئەو قسانەی بۆ دەکردم، ترسێک دایدەگرتم، بەڵام چایچی هەموو ژیانی لەناو پیاڵەو شەکرو قاپی ماستاو دەباتە سەر، کەی کاتی ترسی هەیە، دەموویست ترسەکە بگۆڕم بە باسکردن لەهەندێک مشتەری چایخانەکە، دەزانی تەنیا تۆ بەردەوام باسی مردن دەکەیت، کەس مردنی بیر نیە، پیاوێک هەیە هەموو بەیانیەک دێت لەچایخانەکەمان قەیماغ و هەنگوین وسێ چای دەکاتە سەری، تەمەنیشی دوو بەقەد تۆیە، هەفتەی پێشوو زانیم ژنی دووەمیشی هێناوە، جا با باسی مام قاڵەی خاوەن چێشتخانەکەی دراوسێی چایخانەت بۆ نەکەم، دەزانم خزمی تۆیە، بەڵام تۆ وەک من نایناسیت، بڕوا بکە شتی وای لەبارەوە دەگێڕنەوە پێویستە پۆلیسی مکافەحە بەس بە کێبڵ سزای بدات، کەچی دەڵێت "من ئەو ڕۆژەم بیرە کە دایکت لەدایک بووە"

دایکیشم هەر مردنی لەسەر زارە، ئەرێ بابە ڕۆژێک هەر ئەمریت چ پەلەتە، خۆ رۆژێک هەموومان هەر ئەمرین، بەڵام تخوا چیتر باسی مردن مەکە، باشە باش خوا نەکات پێش من بمریت، بەڵام گەر مردیشی بەدڵنیاییەوە ئەو دائیرە مەعاریفەت بۆ دەپارێزم، بەڵام دڵنیام من پێش تۆ دەمرم، سی و دوو ساڵ کراسی ڕەشم بۆ دەپۆشیت.

وانەبوو قسەکەی دایکم هاتە دی و ئەوەی من تەنیا خەیاڵ بوو، دایکم مرد و دەبێت وەسیەتەکەی بێنمە دی و کتێبخانەکە بپارێزم، ئیدی لەو سەرەتایەوە چایخانەکە دەدەمە دەست شاگردەکان، تەنیا رۆژانی هەینی بۆ حیساباتی هەفتە سەردانیان دەکەم، نامەوێت کچەکەشم تێکەڵی هیچ کارێک بکەم، ئەگەرچی نامەوێت ئەو وەک من بێت و لەخوێندن بێبەش بێت، گەر دایکم چاوی لێم بوایە، دڵخۆش دەبوو کە چۆن کتێبخانەکەی من دەگۆڕێت و دەمەوێت نەوەکەی خوێندن تەواو بکات، کتێبخانەکەشی وەک گەوهەروسامانی بنەماڵەکەمان دەپارێزم، تا رۆحی ئەو لەماڵەکە بمێنێتەوە.

زۆربەی کاتەکانی ژیانم لەناو کتێبخانەکەی دایکم دەبەمە سەر، چێژێکی زۆر لەو نووسینانە دەبینم کە دایکم نووسیویەتی، بەر لەمن کەس نەیخوێندۆتەوە، وەک ئەوەی بەتایبەت بۆ منی نووسیبێت، ئەوە منم بڕیاردەدەم چارەنووسی ئەو نووسینانە بەچی دەگات، دیلیان دەکەم وبۆخۆم دەیانپارێزم؟ دەیانسووتێنم؟ بڵاویان دەکەمەوە؟

پرسیارەکان بەرەو ڕووم دێن، بەڵام من لەپرسیارەکان ڕادەکەم، پێویستم بە وەڵامی پرسیارەکان نیە، نووسەری ئەو نووسینانە فێریان کردم بۆ تێگەیشتن لەپرسیارەکان دەبێت کتێبەکان بخوێنینەوە، لەناو کتێبەکان بەدوای تەواوی پرسیارەکان بگەڕێین، ئەوە وا دەکات لەناو کتێبخانەکەدا تەواوی ئەو دەستنووسانە بخوێنمەوە کە دایکم نووسیویەتی.

## ژیاننامەی کچێك
## عاشقی کتێب دەبێت

ژوورێکی تاریکی خانوویەکی گڵینە ژنەکان کۆ دەکاتەوە، تەشتێک خراوەتە ناو ڕانی ژنێکی سکپڕ تا منداڵێک بێتە دنیاوە، لەودیو دەرگاکەوە پیاوانێک خەون دەبینن کوڕێک بێتە دنیا، کوڕێک ببێت بە میرات بۆ سامانی باوک.

سەرەتایەکی خراپ نیە بۆ گێڕانەوەی چیرۆکی هاتنە دنیای منداڵێک، بەلام ئەو پەڕی نائومێدیە گەر ئەو منداڵە کچ بێت، بۆیە باش بوو من لەو خانووە گڵە لەدایک نەبووم، لەشار هاتمە دنیا، لەنەخۆشخانەی منداڵبوون پەرستارو پزیشک بەدەورم بوون، تا یەکەم ڕۆژی تەمەنم کچەکان بەتەنیشت دایکمەوە دامنێن، تاوێکیتر باوکم دەمکاتە باوەش و بەرەوماڵەوە دەگەڕێینەوە، ڕەنگە گێڕانەوەی ئەم چیرۆکی لەدایکبوونەم وەک درۆیەک سەیربکەن، لەڕاستیدا کاتێک گەورەبووم شووم کرد و کوڕەکەم هاتە دنیا، تەواوی لەدایکبوونی خۆم لەساتی مناڵ بوون بینی، منداڵێک دەهاتە دنیا، منیش قاوشی نەخۆشخانەکەم لێ ببوو بەهۆڵی سینەما و فیلمی لەدایکبوونم دەبینی، تا ئەو ڕۆژەی گەورە دەبووم و شووم دەکرد و دەگەیشتمە نەخۆشخانە،

بەڵام ئەو دەمەی منالّەکەم دێتە دنیا، کوڕێک ناگرییێت بەقەد ئەوەی پێدەکەنێت، فیلمەکە تەواو دەبێت، بەڵام لەبڕی ئەوەی بنووسرێت کۆتایی، دەنووسرێت سەرەتا.

منالّیم لەناو کتێب بوو، هەر زوو تێگەیشتم ئەوانەی من خۆشم دەوێـن مرۆڤن لە ووشـە، نەک لە گۆشت و خوێن، بەلام مرۆڤی ناو کتێبەکان دەیانتوانی تا ساتی خەوتن لەگەڵمدا قسە بکەن، باسی ئەو بەشە شاراوانەی ژیانیانم دەکرد کە لەناو چیرۆکەکان نەنووسرابوون، هەندێک جار گەر نەسرینی هاوڕێی قوتابخانەم نەخۆش بکەوتبا نەهاتبا بۆ قوتابخانە، لەوانەی وێنەکێشان دەمبینی کارەکتەری یەکێک لەچیرۆکەکان لەشوێنەکەی نەسرین دادەنیشت و دەیووت "تۆ وێنەی من بکێشـە"

ڕۆژێک بە باوکم ووت "ئێمە پێویستە چیبکەین تا وێنەی ناو کتێب و گۆڤارەکان وەک فیلمە کارتۆنیەکان بکەونە جولە و ژیانیان بەبەردا بکەین؟" باوکم بەبێ بیرکردنەوە وەڵامی دامەوە، ئەوەی باسکرد تەنیا کاتێک کە خۆمان چیرۆکەکان بکەین بە فیلم، لەو ڕێیەوە بیانگێڕینەوە، بەڵام ڕاستیەکەی من نەمدەویست چیرۆکەکان بکەم بە وێنەی جولاو، دەمویست ئـەوان لەبنەرەتدا ببنە وێنەی جـولاو، باوکم ئەو خەونەمی هێنایە دی، لەیەکێک لەسەفەرەکانی بۆ پایتەخت، کە گەڕایەوە کارتۆنێکی دایە دەستم و تەنیا ووتـی "ئـەو دیاریەم بۆ تۆ کڕیووە، دەتوانێت لەخەونەکەت نزیکت بکاتەوە".

وەک کامێرایەکی شین خۆی دەنواند، دوو کاسێتی گەورەشی لەگەڵدا بوو، دەبوو ژوورەکە تاریک بکەم، تا سینەما بچکۆلەکەم بخەمە کار، چیرۆکی هەنگێک و ئەویتریش پاڵەوانێک کە دەجەنگێت لەپێناو کچی پاشا، سەرەنجام ووشەکان ببوون بە وێنە، وێنەکانیش دەجولانەوە، وەک ئەوەی من بیرم لێی دەکردەوە، ئەوانە کۆمەکی زۆری ژیانە تایبەتیەکەی منیان دەکرد، هەستم دەکرد ووشە و وێنە دەبنە دنیایەک بۆ تێگەیشتن لەخۆم، منالێم لەناو ئەو دنیایە گەورە دەبوو، هاورێکانم ئەوانەن کە تەنیا خۆم هەڵمبژاردوون، لەگەورەبوون کاتێک هاورێکانی پەیمانگا باسیان لەوە دەکرد ژیانی منالێیان خراپ بووەو خۆش نەژیاون، من بەپێچەوانەی ئەوان بڕوام وابوو منالێم وەک ئێستام بووە، هەموو شتێک جوان بوو شایستەی یادکردنەوە و بەردەوامی ژیانە.

کاتێک پەیمانگای مامۆستایانم تەواو کرد، خۆشحاڵانە بووم بە مامۆستای قوتابخانەیەکی سەرەتایی، هەوڵم دەدا ئەزموونە تایبەتیەکانی منالێم بۆ منالەکان بگوازمەوە، وام لێهاتبوو دەمزانی کامە منالْ لەگەورەییدا دەتوانێت دنیای خۆی لەئێستاوە بدۆزێتەوە، هێشتا شووم نەکردبوو منالْم نەبوو، بەڵام دەمزانی رۆژێک منالێک دێنمە دنیا، کە دەبێت خۆی دنیای خۆی درووست بکات، ئەوانە بەر لەو رۆژانە بوو کە من هێمنی تەلەڤزیۆنچیم ناسی، ئەو پیاوەی لەکۆڕێکی شیعری ناسیم، هەمیشە بیانویەک هەبوو ئێمە یەکتر ببینین،

گەر بیانووی کتێب نەبوایە ڕادیۆ قیسارە بچکۆلە سوورەکەم تێک ئەدا، ئەچووم بۆ لای تا ڕادیۆکەم بۆ چاک بکاتەوە.

هێمنی تەلەڤزیۆنچی دوکانێکی بچکۆلەی هەبوو، ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی چاک دەکردەوە، ئەوە سەرەتای ناسینی ئەو نەبوو، هەوڵ ئەدەم لەداهاتوو چیرۆکی ناسینی ئەو لەنووسینێکی تردا باس بکەم، بەڵام بۆ ئێستە ئەوەی گرنگە پێویستە بزانن ئەوەی ئەوی گەیاند بەم پیشەیە کتێب بوو، پیشەکەی وەک زانست سەیر دەکرد، هەندێکجار کەسێک لەژیانت دەناسیت جگە لەجوانی و زیرەکی هیچیتری لێ نابینیت، بۆیە ناتەوێت ڕۆژەکانی بنووسیتەوە، چونکە زمان بێدەنگ دەبێت لەنووسینی جوانی ئەو کەسەدا، هەر چۆنێک بێت من دەمەوێت لەڕێی ئەم کتێبەی ژیاننامەی خۆمەوە، ئەو ڕۆژانە وەک ئەوە بخولقێنم کە هێشتا ڕووی نەداوەو پێشبینی منە بۆ ڕوودانی، تا ژیانم بچێتەوە ناو ئەو سەردەمەوە.

کەسمان عاشق نەبووین، کەچی هەموو هەفتەیەک بیانوویەکم دەدۆزیەوە تا ڕادیۆکەم تێک بدەم و بیبەم بۆ چاککردنەوە، هەرهیچم پێ نەکرابوایە، دوو پاتریە قەڵەمەکەی ڕادیۆکەم بەسەرەو خواری دادەنا، ئەوەندە بەس بوو بۆ ئەوەی بچمە دوکانەکەی، گەر کەسێک لەوێ بوایە دەیووت "مامۆستا حەبیبەی دڵ چاوەڕێبکە ئەنتگرێتی ئەو تەلەڤزیۆنە بگۆڕم، ڕادیۆکەت چاک دەکەمەوە" من کەدەموویست زۆرترین کات لەلای بمێنمەوە، بێ شەرمانە دەمووت "من پەلەم نیە لەوە

دەچێت ئەو مامەیە پەلەی بێت، با ئەوەی ئەو تەواو بێت" ڕەحمانی بیناساز ئەو پیاوەی دواتر لەگەڵ عەبەی بەرگدروو لەدادگا وەک شاهید بۆ بەڵێنامەی هاوسەرگیریمان شایەدیان بۆ داین، ووتی "سوپاس مامۆستا باوەربکە لەئیش هاتوومەتەوە خۆم نەشووشتووە، کچەکان وتیان حەلقەی عەرەبی هەیە ئەمشەویش نایبینین، بۆیە هاتم وتم، بەڵکو وەستا هێمن بۆمانی چاک بکاتەوە"

خەیاڵ دەیبردم باوکێک کرێکارە، کەچی کچەکانی چەند خۆش دەوێت، لەدوای ماندوبوونی لەکار هاتووە داواکەیان بێنێتە دی، تا هەست بەبێتاقەتی نەکەن، ماڵەکەیان وەک ئارامی و سەربەرزی هەمووان بمێنێتەوە، دەبێت منیش ڕۆژێک ماڵێکی ئاوام هەبێت، مناڵەکانم سەربەرزانە لەژیاندا بژین، لەو خەیالاتانە بووم کاتێک هێمن ووتی "کوا ڕادیۆکەت بزانم چیەتی" داچلەکیم و بینیم بیناساز تەلەڤزیۆنەکەی خستۆتە پشتی پایسکیلەکەیەوە دڵخۆشانە بەرەو ماڵ، شەقامەکەی بەرامبەرمان دەبڕێت.

## کتێب نهێنی ژیانە

لــەدەرەوەی کتێب ژیان بێباکیەکە من زیاد لەنیو سەدە ئەزموونم کردووە، ئێستا لەو تەمەنەدا هەست دەکەم، ئەوەی پێم دەووت ژیان، پەیوەندیی بە ژیانەوە نەبوو، ئەوە تەنیا سەرگەرمکردن بوو بۆ پیربوونی کات، پاکانەی گەورە سوودی کەسێکی وەکو منی نیە، من لەناو کاتدا خۆم بەژیانەوە پیرکرد، کەچی دەرکەوت ئەوە ژیان نەبوو ووزەو گیانم پێی دەبەخشی، با ڕاستی بلێم "ژیان وا لەشوێنێکی دیکەیە" ئەو قسەیەم لەناونیشانی کتێبێکی کتێبخانەکەی دایکم وەرگرتووە، بەڵام ناونیشانێکە ئێستا پڕ بەپێستی ناسینی منە، ڕێک ژیان وا لەشوێنێکی دیکەیە، دەبێت ئەو میلان کۆندێرایە لەکوێی ئەو دنیایەوە بێت، پێشبینی بۆ ژیانی من کردبێت؟ ئێستا لەزۆر نهێنی شاراوەی ژیانم تێدەگەم، نەک لەوەی دەزانم چیە؟ بەڵکو درکی ئەوە دەکەم دەبێت لەناو کتێبەکانەوە نهێنی بزانم، هەرچی پرسیارێک رۆژگارێک لەدایکم کردووە و وەڵامی نەداومەتەوە، ئەوەتا لەخوێندنەوەی کتێبەکان وەڵامەکانم دەست دەکەوێت، هەڵەی گەورەی من ئەوە بوو دەموویست کەسانێک وەڵامی

پرسیارەکانم بدەنەوە، نەمدەزانی مرۆڤ بۆ خۆی لەناو خوێندنەوە فێری ئەوە دەبێت بگات بە وەڵامی پرسیارەکانی، هەر بەڕاستی کتێب بەو ڕادەیە گرنگە؟ ئەی بۆ پێم وابوو پارە لەکتێب گرنگترە، بەڵام سەیرە بۆ من! تا ئێستا باشە خۆ بەپارە کتێب دەکڕین نەک بە پێچەوانەوە، کەچی ئەوە کتێبە لەپارە گرنگترە، دەبێت چەندیتر خەریکی خوێندنەوە بم تا لەو نهێنیە ئاڵۆزە تێبگەم؟ ئەو هەموو کەسانە کێن ناویان بەسەر کتێبەکانەوەیە "کافکا، بۆرخیس، خوان رۆلفۆ، ئیتالیۆکالفینۆ، ژۆلیا کریستیڤا، گۆتە"

جاران کوڕانی بەردەرگای سینەماکان "موخلیس لیگاوچی و شەوکەت دەستپەڕچی و بیلالە گۆج و سەعە قەمبوور" ناسراوترین ئەو کەسانە بوون دەمناسین، هەر هەمووشیان برای گیانیم بوون، کەچی ئێستا ڕۆژ بەڕۆژ ئەو کتێبخانەیە بەخەڵکانێکم دەناسێنێت، گەر لەدەرەوە بچم بۆ بیلالە گۆجی باس بکەم، دەزانم خێرا دەڵێت "محیەدین ئەوە وەستات بەو پیریە خەڵەفاوە، دەلێت کافکا لەتۆ جوامێرترە" لەولاوە شەوکەت دەستپەڕچی کە گۆڤارێکی ژنانەی لەشوفێری بارهەڵگرێکی تورک کڕیووە، خۆی دەکات بە چایخانەکە، گوێی لەو قسانەی ئێمە نابێت، خێرا دەچێتە سووچێک و سەیری گۆڤارەکە دەکات کە لەزەرفێکی پێچاوە، لەپڕ هەڵدەچێت و دەڵێت "ئەو تورکە بێ شەرەفانە دیسان قۆڵیان بڕیم"

ئەوە بەزمی هەموو مانگێکیەتی، پارەیەکی زۆر سەرف دەکات، بە هیوای ئەوەی گۆڤارێکی سێکسی دەست بکەوێت،

کەچی ئەو گۆڤارەی خۆی خەونی پێوە دەبینێت نایبینێت، بۆیە دەڵێت "ئەوە هەمووی سێبیل کان و ماقی ماقیە" کەچی بیلال دەڵێت "شەوکەت ئەو سێبیل کانە خوشکی بچوکی کافکایە" شەوکەت بەو هەموو تورەییەی خۆیەوە دەڵێت "کاف گوو کێیە" لەسەرخۆ بابە ئەوە هاوڕیی تازەی وەستایە.

پێکەنین وبێدەنگی باسەکە دەگۆڕێت، بۆیە باشتر وایە من باسی هاوڕێ نوێکانم بۆ ئەوان نەکەم، ئەوان چوزانن من بەوە نیە خوشکم نیە لەژیاندا، بەڵام ئێستا ئەلیف شەفەق بەخوشکی خۆم دەزانم، جیاوازی من و شەوکەت یەک شتە، ئەو دەیەوێت سێبیل کان لەوێنەی سێکسی ببینێت و دەستپەڕی لەسەر بکات، منیش وا هەوڵ دەدەم ئەلیف شەفەق بخوێنمەوە، تا لەسالانی کۆتایی تەمەن و بێ عەقڵیەکانی خۆم تێبگەم، دایکم لەژیان بوایە گەر گوێی لەو چەند قسەیەی من بوایە دەزانم باسی لەجیاوازی ژنی تورک دەکرد، کە سێبیل کانی هەیە و ئەلیف شەفەقیشی هەیە، ئەوسا دەمووت "بەڕاستی تورک زۆر عەزیمن" بەئەسپایی دەیووت؛ نارۆڵە تۆ عەقڵت هەر هێندە بڕ دەکات، ئەو دوو نمونەیە لەهەموو کۆمەڵگایەک هەیە، خێرا دەمووت وەڵلا وایە خۆ ئێمە عەزیز وەیسیمان هەیە و عەلی مەردانیشمان هەیە، کەچی خەڵک هەیە هێشتا حەزی لە عەلی مەردانە، ئەو دەمە دەیووت ئەو وەیسیە کێیە؟

ئەوە بەڕاستیتە دایکە نایناسیت، کەس هەیە بەگۆرانیەکانی هەڵنەپەڕیبێت، بەس تۆش ئەو کتێبانە وای لێکردوویت،

جەماعەتی عەلی مـەردان بیت، ئەوسا دەیـووت هیچت لە شەوکەتی برادەرت باشتر نیە، نا دایکە وا مەڵێ ئەوەتا لەناو ئەو کتێبانە وەسیەتەکەت دێنمە دی و ئیتر هاوڕێکانت بوونە بە هاوڕێی من، بەس ڕاستیت ئەوێت ئەو دستۆفسکیە زۆر ماندووم ئەکات و هیچی لێ تێناگەم، کەچی ئەو ڕۆژە هەینی پێشوو کەچووم بۆ چایخانە بینیم دوو گەنج باسیان لەدستۆفسکی دەکرد، دەیانووت "مرۆڤ دەبێت وەک ڕاسکۆلینکۆف بێت" ئەو ناوەم لەکتێبێکی ئەو بیستبوو، بەڵام نەمدەزانی بۆ ئەوان تێیدەگەن و لەبارەی دەدوێن، کەچی من ناتوانم تێیبگەم.

دەبێت زیاتر بخوێنمەوە تا تێبگەم، گەرچی دەزانـم تا دەخوێنمەوە لەخەڵکی دوورتـر دەکەومەوە، من ئێستا لەتۆ تێدەگەم بۆچی ژیانت کردبوو بەو کتێبخانەیە، بۆ نەدەچوویت بۆ سـەردانـی خزمەکان و بـەشـداری ئاهەنگ و بۆنەکانت نەدەکرد، هەندێکجار دەمبینی بۆ پرسەیەک دەچیت، دوای تاوێک دەهاتیتەوە، دەرگای ئەو کتێبخانەیەت لەسەر خۆت دادەخست، گوێم بەتەلی پەنجەرە شینە کۆنەکەوە دەنا، چرپەم نەدەبیست، هەندێک جار بەئەسپایی گوێم لە هەڵدانەوەی لاپەڕەی کتێبێک دەبوو، ئیدی خەندەیەک دەیگرتم و لەبەرخۆمەوە سەرم با دەدا، لەبەردەرگای کتێبخانەکەت دوور دەکەوتمەوە، دەرگای حەوشەم دادەخست و بەرەو چایخانە هەنگاوم دەنا.

## مردن کووشتنی یەکەمین خەونە

نەخۆشکەوتنی هێمن و لەسەر جێگا کەوتنی، مەترسیەکی ڕووبەڕووی من دەکردەوە، کە ئاخۆ ژیانی ئێمە ناچێتە ناو یادکردنەوەی حەوتەمین ساڵیادی ژیانی هاوسەرییمان، ئیدی ڕێگای من بووە ژیان لەناو دەرمانگرتنەوەو چاودێریکردن، لەلایەک مناڵێک و لەلایەک مێردێکی نەخۆش، بیست ڕۆژی کۆتایی کە لەنەخۆشخانە مایەوە سەرەتای ڕەشبوونی دنیا بوو، ڕەش بوونێک لە لێدانی خێرای ترپەی دڵێک دەچێت کە دەیەوێت بەر لەکۆتایی ژیان هەمووان ببیستن، دەنگێکە بەسەر پلیکانەکان سەردەکەوم و ترپەی لێدان خێراتر دەبێت، دەست دەخەمە سەر دڵم و دەزانم ئەوە لێدانی دڵی من نیە، لەبەردەرگای ژوورەکەی دەوەستم، پەرستارێک ڕێگای چوونە ژوورەوەم نادات، دەستی کوڕەکەم توندتر دەگووشم و دەڵێم "ئەو مناڵە پێویستە باوکی ببینێت" دکتۆر وەک وێنەی هاوبەشی هەموو دکتۆرەکان بە سەدریەکی سپی و سەماعەیەکی پزیشکی کە وەک ملوانکە بە ملیانەوەیە، لەژوورەکە دێتە دەرەوەو دەیەوێت هێمنم بکاتەوە، من هێمن

مەکەوە هێمنم بدەرێ، کاتێک دەرگاکەم بۆ دەکاتەوە، دەنگەکە زیاد دەکات، هێمن لەسەر چرپایەک وەک مردوو ڕاکشاوە، تۆپێکی ڕەشی بەسەرەوەیە، من بەهەموو دەنگمەوە دەقیژێنم، لەگەڵ یەکەم قیژەی من کچێک بەپەلە دێتە لای دکتۆرەکە، پێی دەڵێت "نەخۆشەکە مرد"

مردن کووشتنی یەکەمین خەونی من بوو لەژیاندا، دەبوو مناڵێک گەورە بکەم، لەسەر پیشەی مامۆستایەتیم بەردەوام بم بۆ ژیان، ساڵانی سەرەتا هێشتا کە زۆر گەنج بووم، نەدەکرا بەتەنیا لەخانووەکەمان بمێنمەوە، بۆیە ژنێکی قەیرەی خزمی خۆمانم هێنایە لای خۆم، ژوورێکم پێیدا، ئاگاداری کوڕەکەشم دەبوو، شەوانە چەندین کاتژمێر لەژوورەوە دادەنیشتم، خەیاڵ بۆ خەون دەیبردم، ڕاستیتان دەوێت، بۆ ژنێکی وەکو من خەون وابەستەی هاوسەرەکەم بوو، مردنی ئەو کوژرانی خەون بوو، سەخت بوو بیربکەمەوە لەژیان، کتێبەکان تاکە پەیوەندیەک بوون وایان دەکرد ژیان لەناو لاپەڕەکان ببینمەوە.

یەکەم لەدایکبوونەوەم نووسینەوەی ژیانێک بوو، کە بیرۆکەکەی دەماو دەم لەباوکمم بیستبوو، بەڵام بەدوای سەرچاوەوبیادداشتێکی زۆر گەڕام، بڕیارمدا لەدەفتەرێکی بەرگ سەوز، کە وێنەی قوبەی مزگەوتێکی بەسەرەوە بوو بنووسمەوە، لە لاپەڕەی یەکەمی دەفتەرەکە، ناونیشانی چیرۆکە یادداشتکراوەکەم نووسی بەناوی "کچەکانی سەلیم لەتەوراتەوە دێنە ژیان"

ئەوە هاوکاتی ئەو ڕۆژانە بوو کەوا جل وبەرگ و جانتای قوتابخانەم بۆ "دارا" ی کوڕم کڕی، تا هەفتەی داهاتوو بیبەم بۆ یەکەم پۆلی خوێندن، چەند دڵخۆش بووم کە کوڕەکەمم بینی لەسەر ڕەحلەی قوتابخانە، کاتێک دەگەڕایەوە ماڵەوە، هەستمدەکرد هێمن بەرەو ماڵ دەگەڕێتەوە، ئەو دەمەی خواردنم بۆی حازر دەکرد، هەستێکی ونکردووم بۆ دەگەڕایەوە.. هەستێک کە هێمن گەڕاوەتەوە ماڵەوە، بۆ من لێرەوە ژیان بەشیوەیەکیتر دەستی پێدەکردەوە، کاتێک لەنووسینەوەی یادداشتی کچەکانی سەلیم بوومەوە، بۆ پشوودان هەوڵم دەدا دوای وانەکان چیرۆکی منالان بۆ دارا بخوێنمەوە، بەڵام زوو هەستم بەوە کرد کوڕەکەم پێچەوانەی منە، ئارەزووی بەلای کتێب و خوێندنەوەدا نیە، نەمدەویست زۆری لێبکەم، گەرچی هەولّی زۆرم لەگەلّی دەدا تا وانەکانی بخوێنێت، بەلام دەمزانی سەختە کوڕەکەم کتێبی خۆش بووێت، تاوێک بیرم دەکردەوە.. دەمزانی ئەوە سەرەتای وێنەیەکی پێچەوانەی پەیوەندی نێوان دایک و کوڕە، وێنەیەک لەلای میلان کۆندێرا درووستم کردبوو، بۆیە وای لێکردم، ڕۆژانی داهاتوو لەڕێی نووسینی کتێبێک لەبارەی ڕۆمانی "ژیان وا لەشوێنێکی دیکەیە" جیاوازیەکانی خۆم و دنیای ناو ڕۆمانەکە بخەمە ڕوو.

## دایکە بووم بە پیاو

کەس نەیزانی بۆ ئارەزووم لەخوێندن نەما، منێک کە مردنی باوکمم بەچاوی خۆم بینی، پیاوێک بە تۆپێکی ڕەشەوە ماڵئاوایی کرد، دەنگی ترپەی ئامێری ئۆکسجینەکان ئێستاش وا دێتە گوێم، وەک ئەو قیژە بەردەوامەی دایکم کە نەیتوانی دوای دڵنیابوون لەمردنی هاوسەرەکەی، لەدەرگای ژوورەکە بپەڕێتەوە، ئێمە پیاوێکمان ئەناسی پڕ بوو لەشادی وپێکەنین، ئەوان تۆپێکی ڕەشیان خستە سەر ڕووخساری تا ئیدی پێنەکەنێت، گۆرانی مامڵێ بۆ دایکم نەڵێت "بۆچی واتکرد جوانێ گیان"

کەس هیچی نەکردووە وەستا هێمن، ئەوە تۆیت دڵڕەقانە جێت هێشتین، بڕواکردن بە مردنی باوکێکی وا میهرەبان ئەفسووسێکە سەختە بڕواکردنی، ئەو ڕۆژگارە تەمەن بواری ئەوەی نەدەدام بڕوا بەمردنی دایک وباوکم بکەم، بڕوام وابوو ژیانی ماڵی ئێمە ئەبەدیە، بەڵام مردنی ئەو یەکەم چەقۆ بوو درا لەژیان.

لەنێوان نەخۆشخانەوە بۆ ماڵ من ئەگریام، گریان پیری ئەکردم، پیرێک چی داوە لەکتێب و وانـەی تڕوهاتی دۆی

دادە ڕژا، دایکە من باوکم مردووە، مێوژی نایابی چی، ئەو قسە قۆڕانە چیە، هەر بەهەموو عەقڵتەوە دەتوویست من لە ئیملای کوردی ووشەی باران و بابان تێکەڵ نەکەم، کەعبەم لێ نەبێتە قەحپە، من پیربووم و دەبێت دان بە گەورەیی خۆم بنێم، منداڵەکەی جاران نیم بچمە قوتابخانە، تۆ ناتوانیت و نەتتوانی ئەو جەنگە لەمن بەریتەوە، کە من بوومە بە پیاو، گەر بگەڕابامەوە قوتابخانە تۆ دڵخۆش دەبوویت، ئەوسا دەبوو من بڕوا بە گەورەیی تەمەن نەکەم، بەڵام یەکەم ڕۆژم وەک شاگردی چایچی، هەزار جار لەیەکەم ڕۆژی قوتابخانە خۆشتر بوو، چونکە ئیدی بوومە پیاو، لەدەرەوە کار دەکەم.

ئێواران کاتێ دەگەڕامەوە ماڵەوە چەندە هەستم بە ماندوویەتی دەکرد، هێندەش ئاسوودەیی بەگیانمدا دەگەڕا، دوای نانی ئێوارە هەندێک باس وخواسی چایخانەم بۆ دایکم دەگێڕایەوە، ئەوسا من دەخەوتم وئەویش بۆ ناو ئەو کتێبخانەیە دەهات، ڕاستیەکەی ڕۆژەکانی من و دایکم وەک یەک تێدەپەڕی، بۆ من چایخانەو گەڕانەوە بۆ ماڵەوە، بۆ دایکمیش پیشەی مامۆستایەتی و خوێندنەوەی کتێبەکانی کتێبخانە.

ئێستا دایکم کە لەژیان نەماوە، بەڵام ڕۆژەکانمان وەک یەکتری لێهاتووە، نا بەڵکو من تەواو لاسایی ئەو دەکەمەوە، ژیانم بووە بە کتێب، لەو ژوورەدا دەیبەمە سەر، بۆ ئەوەی لەگەمژەیی خۆم تێبگەم، لەساڵانی ڕابردوو، لەو کتێبەی ئێستا تۆ دەیخوێنیتەوە، دایکم مردن نایەڵێت بیخوێنێتەوە،

چۆن لەتەنیشت ڕووداوەکانەوە بێدەنگیم هەڵدەبژارد، وەک تێنەگەیشتنم لەو نهێنیانەی بۆم ئاشکرا نەبوون، ئێستا لەناو دەستنووسی کتێبەکانی دایکم تێیان دەگەم، منیش نهێنیەکانی ژیانم بۆ کچەکەم و نەوەکانم دەبێت لەم کتێبەدا بەیان بکرێت، ئەوە تەنیا کتێبە دەتوانێت بمانگەیەنێت بە زانین.

مرۆڤ چەندە بیەوێت خۆی بخەڵەتێنێت کەوا کتێبەکان گرنگ نین لەژیاندا، سەرەنجام ڕووداوێک بەسە بۆ ئەوەی بیرت بێنێتەوە، لـەدەرەوەی کتێبەکان ئێمە شتێک نین، جگە لەمرۆڤی قسەکەری بێسوود، پارە نەیتوانی زۆر بەشی ژیانم ڕۆشن بکاتەوە، مناڵیم بەشێکی زۆری تاریک بوو، هەمیشە خەمباری دەکـردم، زۆر نهێنی تیابوو، ئـەوە کتێبەکانن تا لەناویان دەمێنمەوە، تا ووردتـر لەڕستەکان قوڵ دەبمەوە باشتر لەخۆم تێدەگەم، جاران لەکاتی ئاهەنگی ماڵی پارێزەرو بەرپرسەکانی شار جگە لەمن هیچ چایچیەک بانگ نەدەکرا، چونکە ناوبانگی دارا چایچی لەتەواوی شار دەنگی دابۆوە، کەچی ئێستا دەمەوێت پاشگری چایچی لەخۆم بکەمەوە، بە شانازیەوە لەسەر بەرگی ئەو کتێبە دەنووسم دارا هێمن.

تەنیا کتێبە دەتوانێت گۆڕانکاری لەژیانمان بەرپا بکات، هەر ماڵێک کتێبخانەشی تیا نەبێت، بەڵام کتێبێکی هەر تیایە، کەمێک بیربکەرەوە، کام ماڵ کتێبێکی خودای تیا نیە، قورئان بێت یان ئینجیل، گەر زەردەشتی بیت کتێبی ئاڤێستات لەماڵەوەیە، جولەکەش بیت بەدڵنیاییەوە تەوراتت هەیە، کەواتە هیچ ماڵێک

نیە بەبێ کتێب، ئەوە گرنگی کتێبە کە وای لەخوداش کردووە کتێب بنووسێت، تا مرۆڤ بەبێ کتێب نەمێنێتەوە، خودا کۆمەڵە کتێبێکی داناوە، ئەوە دڕندەیی مرۆڤەکانە دەیانەوێت یەک کتێب هەبێت و ئەوانیتر تورِ هەڵبدەن، کتێبخانەکان بۆ ئەوەن تەواوی کتێبەکان بگرنە خۆیان، وای دایکە خۆزگە ئێستا بەتەنیشتمەوە لەناو کتێبەکان دەبوویت، هەر وەک جاران لەسەر ئەو کورسیە دارینەی کە لەداری گوێز درووست کراوە دادەنیشتی، ئەو کورسیەی بۆ تۆ لەعەرشی هەموو شاژنێک بەلاتەوە مەزنتر بوو، شاژن گەر ئێستا لەسەر عەرشەکەت بویتایە، ئەو قسانەت لەکورە چایچیەکەت ببیستبا، چەندە شانازیت پێوە دەکردم، چەند دڵخۆش دەبوویت بەوەی ژیانم لەڕێی کتێب و دەستنووسەکانی تۆوە گۆڕا.

## گوناهەکانمان ئازارەکانی مەسیحە

مرۆڤ لەبنەڕەتدا گوناهبارە، گوناهی لەوەدایە ناتوانێت بێگوناه هەڵبکات، لەیەکەم ساتی هەڵەکردن لەبەهەشتەوە، تا ئەو دۆخەی کۆتایی دێت گوناه دەکات، خودا کۆمەڵێک کتێبی بە مرۆڤ بەخشی، بۆ ئەوەی هۆشیارمان بکاتەوە لەوەی گوناه نەکەین بەڵام کتێبەکان دەخوێنرێنەوەو هیچی لێ تێناگەین، بۆیە بەشداری لەگوناهەکانی یەکتری دەکەین، من کە بەناو کتێبەکانی خودا چوومەوە، زۆر شوێن ڕایانگرتم، گەر حەزی نووسەریم هەبوایە، ئەوەی لەئێستادا دەینووسم وەک کتێب چاپم دەکرد، دەزانم سزاکەی مردن بوو، بەڵام مردنێک سەختر نەدەبوو لەئازارێک کە مەسیح لەپێناو گوناهەکانی مرۆڤ چەشتی، ئەو دێرە بەس بوو بۆ ئەوەی تۆمەتی مەسیحی بوون و گاوربوونیان پێم ببەخشیبا، بێئاگا لەوەی تۆمەتێک بەمنی دەبەخشن، لەبنەڕەتدا هیچ کتێبێکی خودایان نەخوێندۆتەوە، کتێبەکانی پێشوو بە کوفر دەبینن، کتێبەکەی باوەڕیشیان پێیەتی بە زمانێک نووسراوە کە لە زمانەکەی تێناگەن، بەڵام بۆیان باسکراوە کە ئەوە کتێبێکی پیرۆزە.

بـۆ ئــــەوەی لـەمـانـاکـانـی پـیـرۆزی تـێبگـەم پێشتر لەدەستنوسێکیتردا لەسەر تـەوڕات وەستاوم و لەکچەکانی سەلیم نزیک بوومەتەوە، هەر کاتێک کەسێک ئەو دەستنووسەی خوێندەوە، ئەو پرسیارە ڕووبـەرووی دەبێتەوە: ئاخۆ ئەوە هەڵەی کتێبەکانی خودایە؟ یاخود ئەوە مرۆڤە کتێبی خودا دەکاتە بیانوویەک بۆ دەسخەڕۆدان؟ جارێ واز لەو پرسیارە دێنم، هەوڵ دەدەم لەسەر کتێبی پیرۆز بووەستم، ئەو کتێبەی کە خوێندمەوە زانیم لەهەموو کتێبەکانیتری خودا گرنگترە، چونکە مەسیح لەپێناو گوناهەکانی ئێمە ئـازاری چەشت، بەشێکی زۆری ئەو قسانەی پێشتر وامان زانیوە لەدواهەمین کتێبی خودا هاتووە، دەردەکەوێت ئەوە لەو کتێبەدایە، پەیوەندی بەکتێبی دواتـرەوە نیە، بەڵکو لەکتێبی پیرۆزەوە وەرگیراوە، بەڵام ئەوە بۆ کەسانێک ڕاستە کە کتێبەکان بخوێننەوە.

بڕواکانم لەنووسینی ئەو چەند دێرە لەو لێشاوی نووسینی وتارەی نووسەرانەوە هات کە ڕەخنە لەمەسیحیەت دەگرن، ئەوان کە لەکۆمەڵگایەکی موسوڵماندان کەچی چونکە ترسی ونکردنی خوێنەرەکانیان هەیە، بۆیە پەنا دەبەنە بەر ڕەخنەگرتن لەئاینێکیتر، ئەوە زۆر گرنگیش نەبوو، ئەوەی جێی سەرسامیم بوو، ئەو کاتەی بۆم دەرکەوت ئەوە ڕەخنەی نووسەرەکان نەبوو لەمەسیحیەت ومەسیح، هێندەی وەرگرتنی قسەی فەیلەسووفە خۆرئاواییەکان بوو لەڕەخنەیان بۆ مەسیحیەت، بۆ نمونە هەر قسەیەک کەلەسەر ئاین وئینجیل دەیکەن مۆنتاژی قسەکانی

نیتچەیە، بەپێشگرو پاشگرەوە بۆمانی ئارایشت دەکەن، وەک ئەوەی ڕەخنەی ئەوان بێت، ئەوساتە بۆم دەرکەوت ئەوەی پێی دەڵێن ڕۆشنبیر، ڕەخنەکانیان بەدوای خوێندنەوەی ئەو کتێبەی خوداوە نەهاتووە، هێندەی قسەی فەیلەسوفێکیان بەناوی خۆیان بۆ وەرگێڕاوین.

نائاگایی سەیر هەیە، تەنیا لەناو کتێبەکان دەتوانین ڕێرەوی ڕاست بدۆزینەوە، رۆژگارێک سەرسامی زۆرم بە تێڕوانینەکانی جەلالەدینی ڕۆمی هەبوو، کاتێک دەمبینی لەلای ئەو خودا وەک سزاو ئازار ناخرێتە ڕوو، بەڵکو خودای لەوێنەی خوشەویستی بۆ مرۆڤ نیشان دەدا، ئەو دیدگا سوفیگەریە بۆ خۆی ڕایدەکێشام، بەڵام ئەو دەمەی ئینجیلم خوێندەوە تێگەیشتم، جەلالەدینی ڕۆمی ویستویەتی کۆلاژێکی ئاینی بکات بۆ خودا، بۆ ئەوەش پەنای بردۆتە بەر تێگەیشتنەکانی مەسیح بۆ خودا.

بیرۆکەی خودا خۆشەویستیە، یەکەمجار لەئینجیلدا بەکارهاتووە، کە مرۆڤ دەتوانێت وابکات خودا ببێت بە هاورێی، خۆشەویستی مرۆڤ بۆ خودا و مرۆڤ بۆ یەکتری، تەنانەت بەهەشتیش وەک وێنەیەک بۆ خۆشەویستی ڕۆحی نەک جەستەیی، ئەوە خۆشەویستیەکی ڕاستەقینەیە لەمەسیحەوە فێری بووم کە پاداشت زیندەگیە لەژیانێکی نوێ، بەڵام ژیانێک لەسەر سێکس و خواردن درووست نەکراوە، بەهەشت هەفتاو دوو پەری تیا نیە، دەشێت ئەو ئاماژەیە بۆ وێنەیەک بێت لەڕۆژگارێکدا تا بیابانیەکان ڕازیبن خودا بپەرستن، بەلام

مرۆڤ ناکرێت چاوەڕێی ئەو جۆرە داواکاریە بێت لەخودا، کاتێک لەمانای خۆشەویستی تێگەیشتین، دەزانین جەستە تەنیا هەوەسێکی شەیتانیە، بۆ سێکس وخوێن، لەئینجیلدا ئەوە فێربووم کە ساتی ڕۆیشتنی مەسیح بۆ ئاسمان، شەیتانی فڕێدایە سەر زەوی، بۆیە هەرچی بەسەر مرۆڤ دێت لەلایان خوداوە نیە، خودایەک خۆشەویستی بێت چۆن جەنگ و وێرانەمان بۆ دێنێت، ئەوە شەیتانە جەنگە جیهانیەکان وکیمباران و نەخۆشی سیل وکۆڕۆنای بەمرۆڤ بەخشی.

گوناهەکانی ئێمە مەسیح بەخوێنی خۆی پاکی کردەوە، بۆیە لەکۆتاییدا دەسەلاتی خودا لەسەر زەوی جێگیر دەبێت، حوکمی شەیتان کۆتایی دێت، ئەو کاتە هەمووومان لەژیانێک دەژین دوور لەمردن، ژیانێک هێمن دەگەڕێتەوەماڵەوە، شادیەک ڕوومان تێدەکات، کە مردنی تیا نەبێت، ئەوە قسەیەکی نوێ نیە من بینووسم، بەڵکو دوای خوێندنەوەی کتێبی خودا فێری بووم، باوەڕی تەواوم پێی هێنا، بۆ ئەوەی بڕوا بەخودا بێنین دەبێت کتێبەکەی بخوێنینەوە، هەوڵ بدەین لەمانا شاراوەکانی تێبگەین.

## دایكم كریستیان بوو

هەندێكجار پێویستت بەوەیە لەناو نووسین نوقم بیت ونەیەیتە دەرەوە، ئەوە نووسینە وای لەمن كردووە، لەزۆربەی نهێنیەكانی ژیان تێبگەم، كارەساتی من ئەوە بوو ساڵەكانی خۆم دا بەجۆرە ژیانێك، ئێستا تێدەگەم تەنیا خۆم سەرگەرمكردبوو، خۆم دەخافڵاند لەناو دەنگی پیاڵە و وكەوچك، شەوان بەدەم ژماردنی پارەوە دەخەوتم، چەند مناڵ بووم نەمدەزانی ژیان لەكاغەزی پارەكان نیە، ژیان لەناو كاغەزی كتێبەكاندایە.

ئەوەتا ئێستا دەزانم دایكی من تەنیا لەسەر ناسنامەكەی موسوڵمان بووە، دەنا لەدڵەوە ژنێكی كریستیانی بوو، ئەو چەندە ووردبینانە باس لەگوناهەكان دەكات، بەزمانێك نووسیویەتی، دەشێت زانیبێتی گەر بڵاویشیانی كردەوە كێشەی ڕاستەوخۆی ڕووبەروو نەبێتەوە، بەڵام نا ئەو قەت نەیویستووە نووسەر نەبێ، ئەی كەوایە بۆ بەو زمانە تەموموژاویە نووسیوویەتی؟ ئاسان نیە بۆ من لەوە تێبگەم، مەگەر نووسینێكی هەبێت و باس لەو زمانی دەربڕینە بكات.

ئێستا سەر لەنوێ نووسینەكەی دەخوێنمەوە، ئەوە یەكەمجارە بزانم خودا نووسەر بووە، دەی باشە بۆ قەت ئەوەم

نەزانیووە، خۆ دایکم ڕاست دەکات، خودا کە کتێبی هەبێت واتە نووسەرە، بەڵام نووسەرێک لەڕێگەی مرۆڤەوە کتێبەکانی نووسراوەتەوە، سەرسامی ئەو بە مەسیح تێم دەگەیەنێت کە چۆن بەرگەی مەرگی باوکمی گرت، وەک چۆن رازی بوو کە لەپۆلی قوتابخانەوە بچم بۆ سەرشەقام و لەوێشەوە بۆ چایخانە، کە دڵنیابوو ڕۆژانی هەینی لەبەردەرگای سینەماکان دەوەستم، لەوانەیە هەتیوبازو چەقۆکێش بناسم، بەڵام ئەوە ئازارێکە بۆ دایکم قوربانی دەوێت، کە لەمەسیحەوە فێری بووە، هەر بەڕاست دایکم مەسیحی بوو؟

ترسی دایکم لەئازاری جەستە نەبوو، بەڵکو لەو ئازارە دەروونیە بووە کە تۆمەتی گاوربوونی پێدەبەخشن، بەڵام نا ئەو لەبەر خۆی نەبوو، نەیدەویست کوڕە چایچیەکەی لەناو بازاڕ شەرمەزار بێت، ئای دایکە خۆشەویستی تۆ چ قوربانیەکی مەزنی هەڵگرتووە، دەنا دایکم دەیزانی ئەوانەی شەڕ لەسەر موسوڵمانبوونی خۆیان دەکەن، هەرگیز قورئانیان نەخوێندۆتەوە، ئەوان کە جگە لەزمانی کوردیی زمانێکی تر نەزانن، ئەو کتێبەش کە دەبێت موسوڵمان بە عەرەبی بیخوێنێتەوە، ئەو خەڵکە لەکوێ دەزانن خودا چی دەوێت و چی وتووە، چۆن ئەو کتێبە پیرۆزە؟ ئەوە من چی دەڵێم.. هەست دەکەم گیانم دەلەرزێت، تۆ بڵێی کوفر بکەم، بەڵام نا بڕوایەک لەناومدایە بۆ یەکەمجارە وام لێدەکات بیر بکەمەوە، گەر دایکم ئینجیل بەگرنگترین کتێبی خودا دەزانێت، ئەو قسەیەی ئەو

بەس نیە بۆ ئـەوەی بڕوا بهێنم و بچمە سـەر دینی دایکم، پێویستە خۆم ئەو کتێبە پەیدا بکەم و بیخوێنمەوە.

بەتایبەت کە ئەو باس لەوە دەکات زۆربەی قسەکانی خودا لەوێوە سەرچاوەی گرتووە نەک لەکتێبی دواتر، من ئەوە بە کوفر نازانم، بەڵام جارێ گومانیشی لێ دەکەم، تا ئەو کاتەی دەیخوێنمەوە، چونکە ئەو بۆ خۆی لەو دەستنووسە باسی لەوە کردوەو نووسیویەتی "ئەوە بۆ کەسانێک ڕاستە کە کتێبەکان بخوێننەوە" کەوایە دەبێت منیش کتێبەکە بخوێنمەوە.

دوو مانگی تەواوم تەرخان کرد بۆ خوێندنەوەی ئینجیل، هەندێک بەشی دووجار دەمخوێندەوە، من وەک پۆلسم لێهاتووە جاران بەتوندی ڕووبـەرووی مەسیحیەکان دەبوومە، ئێستا خۆم بە بەشێک لەمەسیحی دەزانم، وەک دایکم نایشارمەوە، خەمی کچەکەشم نیە، چونکە دەزانم ئەویش لەڕێی کتێبەکانەوە دەتوانێ بڕوای خۆی وەدەست بێنێت، ئێستا کتێب گوڕانکاریەکی وای لەژیانی من درووست کردووە، چیتر کەسێک نیم بتوانم لـەدەرەوەی کتێبەوە بژیم، کێ لەو باوەڕەبوو منی چایچی و گەنجی بەردەرگای سینەماکان ئێستا هەموو ژیانم لەناو کتێبەکان ببەمە سەر ، سەیر ئەوە بوو دایکم هێندە ووردەکار بـوو، تەنانەت ئاگای لەوتاری ئەو نووسەرانەش بـووە کە ڕەخنەیان لەمەسیحیەت گرتووە، زانیویەتی ئەوە قسەی خۆیان نیە، ئەو تێگەیشتنەی فێرم دەکات بڕوا بە یەک کتێب نەکەم تا دژەکانیش نەخوێنمەوە، لەخۆڕا بەدوای قسەی کەس نەکەوم، بەڵکو خوێندنەوەکان بیرکردنەوەکانم جێگیر بکەن.

ترسی پیریی ومـردن لەوانەیە ڕێگربن لەخوێندنەوەی زۆر کتێب کە ئەو باسی کردووە، کاتێک سەیری کتێبەکانی جەلالەدینی ڕۆمیم دەکرد، دەمزانی خوێندنەوەی ئەو کۆمەڵە کتێبە کاتێکی باشی دەوێت، بەڵام ئەو دەمەی ڕۆمانی "چل ڕێساکەی عەشق" م خوێندەوە، توانیم لەبەشێکی دیاری جەلالەدینی ڕۆمی تێبگەم، ئێستا حەبیبە تەنیا دایکم نەبوو، ئەو مامۆستایەکی گەورەی من بوو، ئەوەتا دوای مردنیشی کە نووسینەکانی دەخوێنمەوە، دەکەومە ژێر کاریگەری ئەو مامۆستایە و دەزانـم چەندە بیرکردنەوەکانی لەپێش منن، چەندە ئاسۆی نوێم بۆ دەدۆزێتەوە، کاتێک باسی مەزنی دایک دەکەن، دەبێت دایک وەک دایکی من بێت، بەمردنیشی چرایەکی لەناو کتێبخانەکەی گەش داگیرساندبێت، دەی هەر ئەوە بوو هەمیشە داکۆکی لەپارێزگاری کردنی کتێبخانەکەی دەکرد، نەبادا نووسینەکانی بکەوێتە دەستی کتێبفرۆشێکی بازرگان، لەگەل مەلزەمەی قوتابیانی شەشی ئامادەیی لێی تێکەڵ بێت و بەهەرزان بیانفرۆشێت

## کتێبی ڕوناکی عەقڵ
## بەشی یەکەمی: ژیان لای کۆندێرایە

مرۆڤ پێویستی بەکتێبی دڵخوازی خۆی هەیە، بەڵام کاتێک هۆگری کتێبەکانی نوسەرێک دەبیت، ئەوە کتێبخانەیەکت دەست کەوتووە بۆ ڕوناکی عەقڵ، ڕەنگە دەستەواژەی ڕوناکی عەقڵ زۆر تایبەت بێت، بەڵام بەدرێژایی ئەو کتێبەی لەبارەی نوسەری چیکی میلان کۆندێرا دەینووسم دەرچوونە لەتاریکی، بۆیە پلانی ئەوەم دارشتووە کتێبەکە بە دوو بەش بێت، بەشی یەکەم لەسەر کۆی کارەکانی ئەو نووسەرە بێت، بەشی دوەمیشی لەسەر ڕۆمانی «ژیان وا لەشوێنێکی دیکەیە» بێت.

سەرەتای قوڵبونەوەم بۆ ئەو نووسەرە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی یەکەم کتێبیم خوێندەوە بەناوی «ئێدوار و خودا» هەستمکرد ئەوە نوسەرێکی گرنگە بۆ من، ئەو کتێبەی نەیکردم بەخاوەنی ئایدیای کارەکتەرێکی، بەڵکو وایکرد پرسیارەکانی خۆم بدۆزمەوە، لەبارەی ململانێی نێوان ئاین و کۆمۆنیزم، ئەو ڕۆحی خواپەرستیەی لای ئەلیس هەبوو، چەندە عاشقی ئێدوار دەبێت، بەڵام لەهەمان کاتدا نایەلێت پەیوەندیەکەیان بگاتە

سەرجێی کردن، خواپەرستیەکەی بۆتە شورەیەک تا ئەوە ڕوو نەدات، بەهەمان شێوە ئێدوار لەڕۆژانی یەکێتی شورەویدا مامۆستایەکی وەک ئەو نابێت بچێتە کلێساوە، کەچی عەشق دەیخاتە کلێساوە.

پرسیارگەلێک لەڕێی ئەم کتێبەوە ڕووبەروم دەبۆوە، بەهۆی ئەوەی ئەو دوانە هەردووکیان مامۆستای قوتابخانە بوون، بۆیە ئەنجومەنی قوتابخانە کاتێک ئێدوار بانگ دەکەن.. ئەو لەبەردەم ئەنجومەن ناسڵەمێتەوە، هێندەی باس لەنهێنی هێزێک دەکات، بەبیَ ئەوەی باوەڕی پێی بێت لەناویدایە.. ئەویش خودایە، کاتێک خانمی بەڕێوبەر داوا دەکات بیدەنە دەست ئەو، دەزانێت چۆن خودای لەناو دەکوژێت و کۆمۆنیزمی تیا زیندوو ڕادەگرێت، لێرەوە ململانێکە دەچێتە ئاستێکی باڵاترەوە، ئێدوار لەگەل دۆخی بەڕێوبەر ڕێدەکات، ئەویش سەرسامە پێی، لێرەوە مەستی ومەیلی سێکسی سەر هەڵدەدات، سێکس دەبێتە هەوڵێکە بۆ لەیادکردنی خودا، کە چی ئێدوار ئەو کاتەی هەردووکیان ڕووتن بەڕێوبەر ناچاری نوێژکردن دەکات، واز لەو روداوە بێنن بیری لێمەکەنەوە، بۆ من ئەوەی گرنگە هێزی خودایە کە دێتە ناوەوەی مرۆڤ، چۆن وادەکات شەڕێک لەگەڵ ئەوانیتر بکات، ئەوە شەڕکردنە لەگەڵ خۆشەویستی، دەبێت لەگەڵ ئەوانەدا هەڵبکەین کەخودا ببینین.

بەشێکیتری تێگەیشتن لەپەیوەندی خۆشەویستی من و هێمن لەدوای مەرگی ئەودا بۆم دەرکەوت، کاتێک ئێدوار وەک

پاڵەوان دەردەکەوێت بەهۆی ڕووبەڕوو بونەوەی ئەنجومەنی قوتابخانەکە، ئەوە وادەکات ئەلیس بێدەنگانە ڕازی بێت بە داواکەی و لەگەڵی بخەوێت، چونکە بینی چۆن ئێدوار لەپێناو خودا شەری کۆمۆنیستەکانی کرد، بەڵام کاتێک سێکس دەکەن، ئێدوارد تێدەگات بەهای ئەلیس لەرۆحیەتی نەک لەجەستەی، کە ئەوی شەیدا کردووە، منیش تێگەیشتم هێمن لەژیانی من بەهۆی سێکسکردن نەبوو، عاشقی بووم، سەرجێیکردنی ئێمە دۆخێکی سرووشتی بوو، بەڵام ئەوە ڕۆحی ئەو بوو عاشقی کردبووم، بۆیە کاتێک مێردەکەم دەمرێت، کۆندێرا ئەوەی بۆ دۆزیمەوە کە عەشقی ئێمە نەمردووە، بەڵکو تەنیا جەستەی پیاوەکەم مردووەو لەم ماڵەدا نەماوە، بەلام رۆحی بۆ هەمیشە لەناو مندایە.

ئەو ڕۆمانە بردمیە ئەو شوێنەی عەشق جەستەی نیە، لەبونی جەستە بۆ عەشق هەستی گوناه داماندەگرێت، دەبێت بچینە نێو کلێسا، هەر وەک ئێدوار کە لەکۆتایی رۆمانەکەدا خوێندمەوە، ئەو گەرانەوەیە دەست بردنە بۆ پیرۆزیەک وەک تەوتەمێک وایە، ئەوەتا هێمن پیرۆزێکە لەناومدا، روناکیەکەی وا دەکات تا دەنووسم عەشقی ئێمە پتەوتر دەبێت، ئەو لەهەموو کاتێک نزیکترە لیم، لەوە دەچێت دڵ لەسینە نەمابێت و ئەو لەشوێنی دڵ بێت، تەرمی ئەو لەمندا نێژراوە تا ڕۆحی هەمیشە لەناوما بێت.

ئەو ڕوانینەی من تەواو پێچەوانەی کارەکتەری ف بوو

لەڕۆمانی «شوناس» ی ئەو نوسەرە، کاتێک دەکەوێتە سەر چرپای نەخۆشخانە دەڵێت «هەرگیز لەمردن نەترساوم، بەڵام ئێستا لێی ئەترسم، ناتوانم لەم بیرۆکەیە دەرباز بم، مرۆڤ دوای مەرگ زیندوو دەمێنێتەوە، بەوپێیەی مەرگی مرۆڤ بەمانای کابوسێکی بێ کۆتایی، بەڵام با لەوە بگەڕێین، لێیگەڕێین با باسی شتێکیتر بکەین»

نا لێی ناگەڕێین تۆیەک کە بابەتێکت کردۆتەوە وازی لێ ناهێنین و لەسەری دەوەستین، ئەو دۆخەی ف گەڕانەوەیە بۆ ساتی بەر لەمەرگی هێمن، ئەو کات منیش هەر وام بیر دەکردەوە، بەڵام ئێستا ئەوە کابوسێکی بێکۆتایی نیە، زیندەگیەکی ڕۆحیە خەڵوەتێکە بۆ ژیانێکی ڕاستەقینەی عەشق، ڕێک بەپێچەوانەی ف ئەو کات دەترسام و ئێستا لێی ناترسم، تەنانەت ئەو دەمەی ڕووبەرووی خۆم دەبێتەوە، هەست دەکەم ئاوێتەی با دەبم تا بەقوڵایی ئاسمان دەڕۆم و ڕۆحی هێمن لەسەر پەڵە هەورێک دەبینم مەستانە سەمای گەیشتنی من دەکات.

مەستانە دەکەوتمە ناو دنیای ئەو نووسەرەوە، هەستمکرد پێویستم بە پشوویەک هەیە لەناو ڕۆمانەکانیدا، ئەو دەمەی کتێبەکانی سەر شەقام تۆزی ئۆتۆمۆبیلەکان لێی دەدان، منیش لەوێدا وەستابووم چاوم بۆ ناونیشانی کتێبەکان دەگێڕا، ناونیشانێک نەبوو ئارامی بەمن ببەخشێت بۆپشوویەک لەناو ڕۆمانەکان، لەولاتر پیاوێک بەجل وبەرگێکی کوردی و چاویلکەیەکی پزیشیکیەوە بەدیار کۆمەڵە کتێبێک دانیشتبوو،

کتێبێکی بەدەستەوە بوو، دەستم بۆ کتێبێک درێژ کرد، دیوانێکی شیعری بوو، ڕەنگە ئەوەیان خراپ نەبێت، ناونیشانەکەی سەرنجی ڕاکیشام «ڤیتۆ لەسەر نونی نسوە» کەچی بینیم لەژێر کتێبەکە، کتێبێکی ماندوو تۆزی سەر شەقام تەواو دایپۆشی بوو، ناوی نوسەرەکەی وایکرد پەلاماری بدەم و دامتەکاند، سەیرێکی فەرهەنگەکەیم کرد و خێرا ڤیتۆی نونی نسوەکەم خستەوە تەنیشت کتێبەکانیتر، ئاخر هەر بەڕاستی ئەو کتێبەم دۆزیەوە بۆ ئەوەی وەک پشووی ناو ڕۆمانەکان بیخوێنمەوە، سەیری بەرگی دواوەیم کرد نرخێکی کەمی لەسەر دانرا بوو، بێ هیچ گفتوگۆیەک پارەکەم دا بەکابرای سەر کورسیە سورەکە، ئەویش سەرێکی لەسەر کتێبەکەی دەستی هەڵبڕی کە زانیم خەریکی خوێندنەوەی کتێبێک بوو لەبارەی هۆلۆکۆستەوە.

هونەری ڕۆمان کتێبێکیتری میلان کۆندێرا بوو، ئەو کتێبەی لەسەر شەقام و لای کتێبفرۆشێکی بەتەمەن لەناو کتێبەکان دۆزیمەوە، دەرفەتێکی گرنگ بوو نەک تەنیا بۆ پشووی من لەناو ڕۆمانەکان، بەلکو تێگەیشتنیشم بوو لەو نووسەرە دڵخوازەم، کتێبێک سەرەتا بەرەو باسکردنی ڕۆمان، بە تایبەت باسی لەکۆتایی ئەوروپا و ڕۆمان دەکرد، بۆ من گرنگیەکی زۆری هەبوو، ئێمەیەک لەسەرەتای ڕۆماندایین، ئاخۆ بیرۆکەی پرسیاری کۆتایی لەلامان سەر هەڵدەدات؟ یاخود هێشتا قسەمان لەدایکبونی نەکردووە، هەرچەندە بەشێک لە وکتێبانەی

باسی دەکرد من ئێستاشی لەگەڵ بێت نەمخوێندۆتەوە، بەڵام هەر چۆنێک بێت دەمویست لەنهێنی ڕۆمان و تێگەیشتنەکانی ئەو پیاوە تێبگەم، هەستم ئەکرد ڕۆژ بەڕۆژ لەدنیام دوورتر دەخاتەوە، لەخۆیم نزیکتر دەکاتەوە، جادووبازێک بوو منی لەهەموو خەڵک دەکرد بۆ من وێنەی هێمنی دەبەخشی، دەیویست وەک هاورێیەک هەمیشە تەنیا لەگەڵ ئەو بم، جۆرێک لەتەنیایی دەبەخشی، تا مانا بەژیانی ناو کتێب بدات، ژیانێک لەناو ئەو کتێبەدا بوو، کاتێک پێی ووتم «تەنیایی مرۆڤ بەواتای مرۆڤ ناتوانێت ڕابکات بۆ هیچ شوێنێک» بۆ من ئەوە گرنگترین دێری ئەو کتێبە بوو، کتێبەکەم دادەنا و لەگەڵ کۆندێرا قسەمان لەسەر ئەو دێرە نووسینە دەکرد، لەوە دەچوو زانیبێتی ڕۆژێک دێت ئەو کتێبەی دەخوێنمەوە، هێمن بەو تەنیاییەم دەبەخشێت، دوای هێمن کەس وەک کۆندێرا نەیتوانی برینی رۆحی من بخاتەوە ناو ژیان.

من بەو نوسەرە فێری ناو نووسین نەبووم، بەڵام شتێکی پێبەخشیم، کە کەس پێشتر لەژیاندا پێی نەبەخشیم، دڵنیایی لەوانەی ئەنجامم دەدان ڕۆژ بەرۆژ زیاتری پێ دەبەخشیم، هەر هیندەی لەخوێندنەوەی کتێبی هونەری ڕۆمان بوومەوە، دەستمکرد بەخوێندنەوەی رۆمانی «هێوریی» من هێور نەبووم، دەمویست هەموو کتێبەکانی بخوێنمەوە، بەشێوەیەک چووبومە ناو وشەکان، وەک ئەوەی مردن ڕاوم بنێت و دەبێت خێرا ئەو کتێبانە تەواو بکەم، لەو ڕۆمانە نوێیەی بەر دەستم

شادیەک دایگرتم، زانیم چەند ڕاستم کە ڕوداوەکانی ژیان دەگێڕمەوەو دەیانووسمەوە، کاتێک لەناو ئەو ڕۆمانە باس لەنوسینەوەی چیرۆکێکی کۆن دەکات، ئەو ساتە ئەوەم هاتە پێشچاو، ڕۆژگارێک دێت هەموو ئەوانەی من دەیانووسمەوە چاپ دەکرێن، ئەوسا من لە ژیان نەماوم، بەڵام نووسین ڕۆحم بەبەردا دەکات و دەمهێنێتەوە ناو ژیان، ئەو ئومێدە بۆ نەمری، کۆندێرا وای لێ دەکردم لە بەهای نوسین تێبگەم، بۆیە ئەوە تاکە ڕێگایەک بوو بۆ داکۆکیکردن ومانەوە لەبوونی خۆم و پەیوەندیم لەگەڵ هێمندا.

ئێستا هۆکاری مانەوەی من لەژیاندا کوڕەکەم نیە.. ئەو ژیانی خۆی دەژییێت، من بەعەشقی دوو پیاویتر ئەژیم، یەکێکیان هێمن لەڕێی قسەکانی جارانی هێشتا لەم ژوورەدا هاتوچۆ دەکات، ئەویتریان میلان کۆندێرا ئەو پیاوەی ووشەکانی عاشقی کردووم، عەشقی ڕاستەقینە لەنێوان ڕۆحی دوو پیاودایە، من بوومە بە چەقی ئەم عیشقە خۆمیان بۆ دابەش دەکەم، هیچ کام لەوان جەستەمیان بۆ گرنگ نیە.. ئێمە هەرسێکمان عەشقێکی بێ سنور لەم ژوورە کۆیکردوینەتەوە.

چی دەبوو گەر لەگەڵ کۆندێرا لەماڵێکدا پێکەوە بژیابایین، خەیاڵی نوسینی نامەیەک داگیرم دەکات، لەپڕ ڕۆحی لەناو لاپەڕەی ڕۆمانی «هێوریی» دێتە ناو ژوورەکە سەر بەناو کتێبەکان دەگێڕێت، وەک ئەوەی ناونیشانی کتێبەکان بخوێنێتەوە، لەپر بەئەسپایی ئاوڕێکم بۆ دەداتەوە و دەڵێت

«ئـەوە تۆ لـەو ڕۆمـانـە دەبینیت کـە چـۆن بـەهـۆی ماچی عاشقەکان نەخۆشی ئایدز بڵاو دەبێتەوە، گەر تۆ ببیت بە هی من دوور نیە هەردوکمان نەخۆش بکەوین و نەتوانین ن‌هێنی ئەو پەیوەندیە بنووسینەوە»

لەو کاتە وەک کارەکتەری وێنەگرەکەی ناو ڕۆمانەکە ئەمبینی، کاتێک ژنەکە خۆی ڕووت ئەکاتەوە، دەمویست کراسەکەم دابکەنم، ئەو بە پلانەکەمی زانی بەرەو دەرگای ژوورەکـە دەڕۆیشت، لەبەرخۆیەوە خەمناکانە وتی «ئەوە دواهەمین جار بوو بێمە ئەم ژوورەوە» جارێکیتر کۆندێرا نەهاتەوە ناو کتێبخانەکەم، دەمویست بە پەلە هەر چۆنێک بێت بگەمە لاپەڕەی کۆتایی ئەم کتێبە، هەستم ئەکرد شتەکانم لێ ئاوەژوو ئەبێتەوە.

تێگەیشتنێکم هەبوو بـەوەی وزەی سێکس بۆ کۆندێرا لەناو ڕۆمانەکەدا بوو، نەک لەژیان لەگەڵ مندا، ئەوە ئەفسونی نووسین بوو، نەک هێزی ژیـان، ئەفسونێک لەڕێی ڤانسان وجەستەی ژۆلـی لـەنـاو نووسین بـەرهـەمـی هێنـابـوو، ئەو سێکسی خۆی لەگەڵ ژۆلی کردبوو، هەستم دەکرد ئیرەییم بەو کارەکتەرەی دەبرد، خۆ ئەگەر ڕۆمانی هێوریی نەنووسیبا، لەگەڵ من دەخـەوت، ئەوسا ئەو خەوتنەی دەگوازتەوە ناو نووسین، کەوابێت پێشتر کەسێک هەبووە بۆیە نووسیویەتی، ژۆلی تەنیا کارەکتەری ڕۆمانێک بوو بەر لەو کەسێک هەبوو کە نادیارە، کەچی دڵی خۆم بەوە خۆشدەکرد ڕۆمانوسێکی

وا بەتوانا ژیانی خۆی نانوسێتەوە، ئەو خەیاڵ دەخولْقێنێت، ئەو کتێبەیم خۆش ناوێت بەرەو بیرکردنەوەی خراپم دەبات، تەنانەت شێوازی نووسینەکەم دەشێوێنێت، بەنیازی لێکۆلینەوە بووم نەک تێکەلکردنی هەستەکانی خۆم بۆ کارەکتەر.

بیرۆکەی چی ڕوودەدات کە ئەو نوسەرە لەژوورەکەم چووە دەرەوە؟ هەستێکی نێرایەتی لەودا ڕەنگە وروژا بێت، بەڵام لەبەردەم خوێنەرەکەیدا سەرکوتی کرد، بۆ من ئەوە جیاوازی نوسەرێکی خۆرئاواییە لەگەڵ نوسەرێکی خۆرهەڵاتی، کە هێزی نووسین دەکات بە وزەی سێکسی بۆ فریودانی کچە خوێنەرەکان، وەک ئەوەی لەکتێبی نووسەرێکی کوردا خوێندمەوە کە کورتە رۆمانێک بوو بەناوی ”کچەی خوێنەر“، هەستدەکەم نوسەری ئەو کتێبە هەمیشە دەیەوێت بنووسێت، بێ ئەوەی چاوەڕوانی شوناسی نوسەربوون و ڕەزامەندی کەس بکات، هەوڵ دەدات تەنیا بنووسێت و ژانرەکانی بۆ گرنگ نیە، بۆیە زۆربەی پیاوە نووسەرەکان ڕقیان لەو کتێبە بوو، چونکە هەستیان دەکرد چیرۆکی ژیانی ئەوان دەگێڕێتەوە لەساتی فریودانی خوێنەرەکانیان، هەر ڕێک وایە هەست دەکەم ئەو کتێبە کۆمەکی زۆرم دەکات، بۆ ئەوەی جیاوازی نێوان نوسەری خۆمان و کۆندێرا بکەم.

کۆندێرا شەو بە دەروونێکی شڵەژاو دەخەوێت و خەون بەم کتێبخانەیەوە دەبینێت، من لەبەردەم کتێبەکان ڕووت دەکاتەوە، ئارەزووی لەشم دەکات، رۆمانی هێوریی دەخاتە

ژێر سەرم، کاتێک لەناو نوینەکەی بەئاگا دێت ئاویکی لینج لەناو لەشی دەردەچێت، حەسرەتێک دەکێشێت ودەڕواتەوە ناو خەونەکەی، تا چێشتەنگاو سێ جار لەخەودا بەهۆی منەوە لەشی تەڕ دەبێت.

هەستم بە دەنگێک لەدیوارەکان دەکرد، دەنگێک لەقوڵایی زەویەوە بوو، دەنگی هێمن بوو گۆرانی بۆ دەووتم، گۆرانیەک تێکەڵی وشەکانی کۆندێرا دەبوو، لەنێوان گۆرانی وڕۆمانەکەدا دەتـوامـەوە، گۆرانیەکە بـەرەو دوا لاپـەڕەی ئـەو ڕۆمانەی دەبردم، ئامادەی دەکردم لەشەوی داهاتوو بۆ خوێندنەوەی ڕۆمانێکی نوێ.

گوناه وفریودان دوو چەمکی ترسناکی پیاوەکانن بۆ برین خستنە دنیـاوە، ئـەوە ئاستێکی ڕەگـەزیـە نـەک کولتووریی، هاوپەیمانیەتیەکی نێرەکانە لـەدژی مێینەکان، هێمن دنیا بەشێوەیەک گۆڕاوە لەڕۆژانی عەشقی ئێمە ناچێت، پێویستە ئـەو دێـرە بسڕمەوە، هەسـت دەکـەم ئـەو دێـرە زیـان لەنێو نوسینەکەم دەدات، دەیباتەوە ناو یادداشتەوە، بەتایبەت کە ئێستا دەمەوێت لەبارەی رۆمانی «ڤالْسی ماڵئاوایی» بنووسم، ئەو کتێبە بـەرەو ترسناکی دنیا دەمبات، کچە پەرستارێک بـڕوا بە ئەوینی هونەرمەندێک دەکـات، لەناسینی شەوێک لەگەڵی دەخەوێت، چۆن دەبێت دواتر هونەرمەندەکە بیەوێت منالْی ئەو پەیوەندیەی پێ لەبار بەرێت، هونەرمەندی چی ، ئەوێک کە درۆ لەگەڵ هاوسەرەکەی خۆی دەکات، نەتوانێت

ڕاستەوخۆ بڵێت دەچم کچێک ڕازی دەکەم بۆ کوشتنی مناڵێک، درۆی سازکردنی کۆنسێرتێک دەخاتە ڕوو، ئەی لەو هەموو هونەرمەندە لەپێناو مامۆستاکەیان ئامادەن شایەدی درۆ بدەن لەدژی کچێکی بێگوناهی ئەویندار.

ئەگەر هێمن لەژیاندا کارەکتەری کلیما بووایە و منی هاوسەری کامیلا بومایە چی ڕووی دەدا؟ ئەو پرسیارە لەگەڵ ڕووداوەکانی ڕۆژی یەکەمی ئەم کتێبە هەڵوەستەم پێدەکات، ئاخۆ ماڵ و عەشق و هەموو شتێکم لەڕۆژی لەدایکبوونم وێران نەدەکرد، کەرامەتی مرۆڤ لەخۆشبەختی گرنگترە، دامنا وەک کامیلا نەخۆش بومایە، بۆ نمونە شێرپەنجەم بوایە هەر ڕازی نەدەبووم بە درۆی پیاوێک، ببورە هێمن دەزانم تۆ قەت نابیت بە کلیما، بەڵام نازانم بۆ ئەو کتێبە بەرەو ئەو جۆرە خەیاڵەی بردم، ئەگەر ژنەکان بەهۆی ترسیان لەتەنیایی بەهەموو شتێک ڕازی بن، من تەنیایی بەهێزتری کردووم، ئەوەتا تۆ ڕۆیشتی و کەچی هەمیشە لێرەیت، ترسێکم نیە لەو تەنیاییە تیایدا دەژیم، هەست ئەکەم ململانێی کۆندێرا لەناو نووسین شەڕی نێوان مەسیحیەت وکۆمۆنیزمە، لەم ڕۆمانەشدا بارتلیف هاوشێوەی ئێدوار کەوتۆتە نێو ئەو ململانێیەوە.

کاتێک ڕۆزینا ئەمرێت هەمـووان وا سەیری دەکـەن کە ڕزگـاربـوونـی خۆیان دەیبینن، کلیما ڕزگـاری دەبێت لەو پەیوەندیەی لەگەڵی هەیبووە ویستویەتی مناڵەکەی لەبار بەرێت، دکتۆر سکریتا بۆ ئـەوەی لەگەڵ کلیما کۆنسێرتی مۆسیقی

بەردەوام ساز بکات، هەست دەکات میوزیکژەنەکەی ڕزگار کردووە، لەکاتێکدا یاکوب گەمەی گۆڕینێکی نامەبەست ئەنجام دەدات کە حەبێکی ژەهراویە، کەوا خراوەتە شوشەی حەبی کچەکەوە، ئەوە تەنیا بارتلیفی خواناسە نایەوێت مردوو وەک خۆکوژ سەیر بکرێت، ئەو لایەنە بۆ من گرنگی تایبەتی هەبوو، هۆیەکی تر بوو بەوەی هەمیشە کارەکتەری هەر ڕۆمانێکی کۆندێرا وایدەکرد بەقوڵی لەمانای عەشقی خودا تێبگەم.

## دایکم خۆشەویستی هەبوو

گومان مێشکم دەخـوات، هێشتا تێناگەم چۆن کەسێکی غەریب هاتۆتە ناو ماڵەکەمان، ئەو دەمانەی پێم وابوو ئەو لەگەڵ کتێبەکان قسە دەکات، ئەوەتا دەرکەوت من کالفام بووم، تومەز پیاوێک هەبوو دەهاتە ژوورەوە، تەنانەت دایکم دوای مەرگی باوکم خۆی بۆی ڕووت کردۆتەوە، نا ئەوە ڕاست نیە کە نووسیویەتی دۆستەکەی لەگەڵی نەخەوتووە، چ پیاوێک هەیە ژنێکی جوان خۆی بۆ ڕووت بکاتەوە، ژوورەکە بەجێ بیلێت، جا پیاوێکی وا ناشیرینیش ئەو کە هێشتا وێنەکەی بەم دیوارە هەڵواسراوە، ئەوە خۆیەتی دۆستەکەی دایکمە.. ڕقم لێیەتی، گەرچی بۆم نیە وێنەکەی بدڕێنم، ئەوە وەسیەتی دایکمە نابێت دەستکاری ئەو ژوورە بکەم، هەرچەند تورەبم خۆم کۆنترۆل دەکەم، وێنەی زڕ باوکە ناشیرینەکەم نادڕێنم، ئاخر دایکە چۆن ئەو پیاوەت کرد بە خۆشەویستی خۆت؟

کەسێک نیە تـوانـای وەڵامـدانـەوەی پرسیارەکانی منی هەبێت، ئەوەم لەیەکێک لەدەستنووسەکانی دایکم خوێندۆتەوە، بۆ ئـەوەی وەڵامـی پرسیارەکانت بدرێتەوە، نابێت پرسیار

ئاراستەی نووسەر بکەیت، دەبێت کتێبی نووسەرەکان بخوێنیتەوە، ناچاربووم کتێبەکانی دوژمنە سەرەکیەکەی خۆم بخوێنمەوە، ئەو پیاوەی دۆستی دایکم بوو، ناچار بووم کتێبەکانی بخوێنمەوە، سەرەتا لەسەرخۆ یان بە بێتاقەتی لاپەڕەکانم ئاودیو دەکرد، لەپڕ شتێک لەمندا درووست بوو، ئەو پیاوەی دایکم خۆشی ویست مرۆڤێک نەبوو وەک هەر کەسێکیتر، ڕاستیەکەی دوای باوکم، دایکم لەخۆڕا ئەویندار نەبوو، ئێستا کە منیش میلان کۆندێرام خۆش دەوێت، وەک دایکم تەواوی کتێبەکانیم خوێندۆتەوە، تێدەگەم خۆشەویستی دایکم بۆ ئەو نووسەرە، پەیوەندی بە جەستەوە نەبوو، تەنانەت ئێستا نەک لە شتەکان تێگەیشتووم، بەڵکو کە بیر لەو شتانەی ڕابردووم دەکەمەوە، پێکەنینم بە عەقڵی خۆم دێت، تا ڕادەی ئەوەی گوێم لە پێکەنینی دایکم دەبێت و پێم دەڵێت ”کوڕەکەم کەرێتیش بەو ڕادەیە نا کە خەیاڵی نووسین و حەقیقەتی ژیانت بۆ لێک جیا نەکرێتەوە“

هێشتا شتگەلێک هەیە پێی نەگەیشتووم، رەنگە پەیوەندی بەوە بێت بەشی دووەمی کتێبی ڕوناکی عەقڵی دایکمم نەخوێندۆتەوە، چەند تامەزرۆی بەشی دووەمیم، بەڵام دەستنووسێک هەیە کە پەرش و بلاوە و زۆر جار بە کتێبی ”کچەکانی سەلیم“ ناوی بردووە، لەناو پەڕاوەکان هەر کاتێک نووسینێک بدۆزمەوە، پەیوەست بێت بەم بابەتەوە ئیتر بە ناچاری نووسین و کتێبەکانیتر وەلا دەنێم و تەنیا ئەوە

دەخوێنمەوە، چونکە پێم وایە نهێنی گرنگ لەدەستنووسی کچەکانی سەلیمدا هەیە، شتێک لە دڵمدا وام پێدەڵێت، ڕەنگە ساڵانی دواتر ئێوە کە ئەو کتێبەی من دەخوێننەوە، نهێنی ئەو پرسیارە بدۆزنەوە، نهێنیەک کە لەم ڕۆژگارەدا من نایزانم چیە.

## سەلیم تەورات دەخوێنێتەوە

سەلیم ژیانی لەناو کتێبدا دەباتە سەر، بەڵام هەندێکجار کتێب لەبری ڕوناکی تاریکیت بۆ دێنێت، ئەو هێزە خراپەکاریەی ناوت بەڕووی دووەم دەردەکەوێت لەبری ئەوەی هۆشیارت بکاتەوە، بەخۆتت بناسێنێت، دێت ئەو هێزە خراپەکاریەت لەناودا گۆش دەکات، ئەو کەسێک بوو نەیدەویست ئەوە بەخراپەکاری ناو بەرێت، هێندەی کتێبەکان وەک هێزی رۆشنبیری بۆ خۆ پەروەردە کردن ناو دەبات، دەڵێن ئەو ڕۆژگارانەی کۆتایی کە لەدەرەوەی نیشتمان ژیان بەسەر دەبات وتوویەتی "کتێب چیە گەر نەتوانێت کۆمەکت بکات سوودی لێ ببینیت، لەژیانتدا بەکاری نەهێنیت"

ئەوە سەرەتای گومانێکە هەندێکجار ڕامدەگرێت ئاخۆ کتێبەکان بوون ئەویان تووشی ئەو حالەتە کرد؟ یاخود خۆی کتێبەکانی بەرەو شوێنێکی تاریک برد؟ ئەوە سوود وەرگرتن بوو یاخود وێرانکردنی دنیا بوو؟ ئەو بۆچی لەپشت ئەو هەموو خراپەکاریە وەستاوە، ئاخۆ کاتێک تەورات دەخوێنێتەوە، ئەوە چ پەیوەندی بەتەوراتەوەیە کاتێک ئەو کچەکانی لووت بکاتە

بیانوویەک بۆ ئەوەی هێزێکی وێرانکاری پێ بخولْقێنێت.

ئەوانە بەرەو شێتیم دەبەن، خەریکە عەقڵم لەدەست دەدەم، دەبێت بنووسم، ڕەنگە ڕۆژێک کوڕەکەم یان نەوەیەکم ئەو نووسینانەم چاپ بکەن، ئەوسا لەگۆڕدا ڕۆحم شاد دەبێت، کەوا کتێب من دەگەڕێنێتەوە ناو ژیان، دراوسێکان و هاوپۆلەکانی خوێندن و ئەوانەی سڵاوم لێدەکردن، دەزانن گۆشەگیربوونی من لەژیان هۆکاری نووسین بوو، ئەوسا کەس گلەیی لەمن نابێت، کە بۆ تاقەتی کەسم نەبوو، چونکە من گیرۆدەی نووسینی ژیانی خەڵکانێک بووم دەبوو بیاننووسمەوە، بۆ ئەوەش پێویستم بەکاتی زۆر هەبوو بۆ نووسین.

لـووت وکچەکانی کاتێک لە چیا نیشتەجێ دەبـن، کچە گـەورەکـەی بە بچووکەکە دەڵێت "باوکمان پیر بـووە، هیچ پیاوێکیش لەم نـاوەدا نیە کە بەلامـاندا بێت، وەک چۆن داب ونەریتی هەموو زەویە، وەرە با شـەراب دەرخواردی باوکمان بدەین و لەگەڵی ڕاکشێین، لە باوکمانەوە وەچە بخەینەوە"

تەورات- پەیدابوون ٣٢/١٩

ئەوە سەلیم ڕادەگرێت، خودای لێ دەگۆڕێت بە شەیتان، دڵخۆشی خۆی دەداتـەوە، ئەویش دوو کچی هەیە، لە لووت دەچێت، بەڵام دەبێت بزانێت ئەو هێزە چیە کە بەکاری دێنێت، ئەو چونکە لەژیانی سیاسی خۆیدا نەیتوانی سەرکەوتوو بێت و بگات بە مەرامەکانی، ئەوە وەک خەمێک هیچ کاتێک لێی دەرباز نابێت، بۆیە دەیەوێت تۆڵەی خۆی لەڕێی کچەکانەوە بکاتەوە،

لەبەر خۆیەوە دەیووت وەک چۆن کچەکانی لووت لەباوکیان سکیان پڕ بوو منالًیان بوو، ئاوا منیش لەڕێی کچەکانمەوە مەستی وبوونی تازە دێنمە دنیا، کەوا بکات خەونەکانم بۆ تۆڵەکردنەوە بێنە دی.

مەستی وبێهۆشی دنیایەکە دەتوانێت مرۆڤ لەخودا دوور بکاتەوە، بیکات بەدۆستی شەیتان، شەیتان فریشتەیەکە کۆمەکی خەونەکانمان دەکات، ئاوا بیری دەکردەوە کەوا چۆن ڕێگایەکی نوێ لەڕێی کچەکانەوە تاقی دەکاتەوە، هەر لەمنالًیەوە کچەکانی بەشیوەیەک پەروەردە کرد، وەک سێبەری خۆی بن، کاتێک چوونە قۆناغی هەرزەکاری ئەو کتێبانەی خۆی دەیخوێندەوەو بەلایەوە پەسند بوو، دەیدا بەوانیش بیخوێننەوە، دواتر مەلیکەی هاوسەری و فەریبا وتریفەی کچی کۆ دەکردەوە، تا لەبارەی کتێبەکەوە گفتووگۆ بکەن، ئەوسا ئاراستەی گفتوگۆکەی دەبردە ناو ئەو شیکردنەوانە کە خۆی بەلایەوە مەبەست بوو، بۆیە وای لێهاتبوو ببونە خانەوادەیەک یەک ڕوانینیان هەبوو بۆ هەر کتێبێک، کاتێکیش یەکێکیان گومانی هەبوایە، یاخود پرسیاری بکردبا، وازی نەدەهێنا تا تەواو دەیگەیاند بە قەناعەت، بۆ ئەو گرنگ نەبوو چەند ڕۆژیتر لەسەر ئەو کتێبە گفتوگۆی دەکرد، ئەوەی بۆی گرنگ بوو بیانکات بەهەمان خاوەنی بۆچوونی خۆی، بۆیە کاتێک ویستی دەست بە پلانەکەی بکات، هیچ گرفتێکی نەهاتە پێش، چوونکە هەر سێ ژنەکە وەک خۆی بیریان دەکردەوە.

دەبوو سەرەتا دوو پیاو بۆ کچەکان بدۆزێتەوە، دوو پیاو کەپڕ بن لەهێزی شەڕانی تا بیانکات بەهاوسەریان، بۆ ئەوەش دوو قوتابی خۆی بۆ هەڵبژاردن، کە هەمیشە لەژێر کاریگەری ئەودا بوون، ئەوانیش ئوسامە و هۆمەر بوون، ئوسامە بوو بە مێردی فەریبا و تریفەشی کرد بە ژنی هۆمەر، بەمشێوەیە گروپەکەیان بوون بەشەش کەس.

## پەراوێزێك بۆ دەستنووسەکەی سەلیم

ئەو چیرۆکە چۆن نووسرایەوە؟ کێ ئەو هەموو نهێنیەی بە دایکم گەیاند؟ لە چ کتێبێکدا ئەو شتانەی خواستووە؟ چۆن ئەو چیرۆکەی دەما و دەم لەباوکی وەرگرتووە؟ ئەو کتێب و سەرچاوانە چی بوون کە خوێندیەوە؟

بەناو ژوورەکەدا دێم و دەچم خەیاڵم کۆ دەکەمەوە، ئیتر من چایچیەکەی جاران نیم هیچ تێنەگەم، ئەوەتا ئێستا چەندە باش دنیا ئەبینم، وەک ئەو کوێرەی لە منالّیەوە بە زگماکی دنیای نەبینیبێت، لەپڕ چاوەکانی ڕوناکیان بۆ گەڕابێتەوە، نایشارمەوە چەندە روناکیم پێبەخشراوە، لەهەمان کاتدا غەمگینیەکی سەیر داگیری کردووم، جاران پڕبووم لەکەیف و سەفا و جیهان بریتی بوو لەچایخانەکەم، ئێستا جیهان ئەم کتێبخانەیەی دایکمە، تا بەناو کتێبەکاندا ڕۆ دەچم باشتر لە بێ مانایی سالانی ڕابردووی تەمەن تێدەگەم، جیاوازی من و دایکم یەک شتە ئەو دەیخوێندەوەو دەینووسی، بەڵام من هیچ کاتێک خەیاڵی وا ختورە ناکاتە ناو مێشکم کە رۆژێک هیچ شتێک بنووسم، ئەگەر تەمەنم بوار بدات ئەو هەموو نووسینە بخوێنمەوە، ئیتر چ پێویست بەوە دەکات خۆم بنووسم.

هەمیشە نووسینەکان ئەگەر رۆژگارێکی زووتر بەدەست ئێمە بگەن، دەتوانن وێنای داهاتوومان بکەن، ئەوەتا هەموو شتەکان هاتونەتە دی، بەڵام چەند پێویست بوو لەرۆژگاری خۆی، من ئەم دەستنووسەم بخوێندبایەوە، تا لەکاتی هەلبژاردن

وێنەی درۆزنانەی کاندیدەکانی حزبم بە دیواری چایخانە هەڵنەوەسیبوایە، لەسەر وێنەی ئوسامە شەرم نەکردبایە، برا ڕۆ کە کەر بووم.. سروودێکی قێزەونی حزب هەبوو، هەموو دەنگم ئەدایێ و چایخانە لەگەڵی ئەلەریەوە، ئەرێ بەڕاست ئەو گۆرانیبێژە داماوەی ئەو سروودەی دەوت.. دەبێت هەر خەریک بێت و خۆی بەقوربانی ئوسامە بکات؟

یا ئەویش ئێستا وەک من تێگەیشتووە؟ حزب پرۆژەیەک بوو بۆ درۆکردن لەگەڵ هەموومان، ئاخر ئەوە کتێبەکان بوون فێریان کردم درۆ و راستی لەیەکتر جیا بکەمەوە، بەڵام ئەو سەلیمە شتێکیترە، ئەو کتێب بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکار دێنێت، ئا بیرمکەوتەوە وتارێکی دایکم هەیە لەوەرەقەی لیڤاکسی رۆژانی زانکۆ نووسیویەتی، بەراوردێکە بەناوی سەلیم و میشێل عەفلەق لەیەک دەچن، لەوێ هەوڵیداوە ئەوە بخاتە ڕوو ئەو دوانە لەڕێی کتێبەوە زانست و ئاین و ئەخلاق بەلا ڕێدا دەبەن، هەق وایە ئەو وتارەی دایکم لەرۆژنامە چاپ بکرێت و بلاو ببێتەوە، هەر دەبێت رۆژێک ئەو کارەش بکەم، منیش نەیکەم کچەکەم دوای من ئەو کارە دەکات.

ئێستا کە زۆربەی ئەو کەسانەی ناو ئەو دەستنووسەی دایکم لەژیان نەماون و مردوون، بەڵام ناکرێت مێژوویەکی درۆزنانەی دروست کراو، چاوپۆشی لێبکەین، ئەگەر لەناو گۆڕیش بن دەبێت کتێب دادگاییان بکات، خۆ چایچیەکەی جاران نیم تا بلێم "سەلامەت بیت مچە شەیتان دەستی لەمردوو

شووشتووە تۆ بۆ وازیان لێ ناهێنیت" نەخێر نابێت لەژیاندا فریویان داین، دوای مردنیش بەشایستە و ڕێزەوە بمێننەوە، دەبێت منالەکان کە گەورە دەبن، وەک ئێمە فریوو نەخۆن، درۆیەک لەگەل ئێمەکرا، پێویستە منالّەکان ئەوە بزانن.. حەقیقەت لەکوێدایە، ئەوەش تەنیا لەو ڕێگەیەوەیە کە ئەو دەستنووسانە بکرێن بە کتێب و چاپ بکرێن، بەڵام کێ ئەوانە چاپ دەکات؟ دەزگاکانی چاپ لەبەر بەرژەوەندی تایبەتی، خۆیان نادەن لەچاپکردنی ئەو کتێبانە، ئەوانیتریش لەژێرەوە بەرپرس و وەزیرەکان بەڕێوەی دەبەن، بەڵام خۆ لەژیاندا هێندەم کۆ کردۆتەوە، بتوانم سێ ئەوەندەی ئەو دەستنووسانەش چاپ بکەم، پارەم بۆ چیە کە مردم چی لەپارە بکەم، بەڵام لەو دنیا دەمەوێت لەبەرامبەر خودا و دایکم سەربەرز بم.. کە نەمهێشت ڕاستیەکان وون ببن، چەند دلخۆش دەبێت حەبیبەی دایکم کاتێک دەزانێت هەموو دەستنووسەکانی چاپکراون.

جاری زووە بۆ ئەو بڕیارانە.. خۆ هێشتا من تەواوی دەستنووسەکەم نەخوێندۆتەوە، پێویستە سەرەتا بزانم ڕووداوەکان بەرەو کوێ دەڕۆن، کێ دەڵێت نهێنی وای تیا نیە لەچاپکردنی، نەوەکانیان لەڕێی حزبەوە.. لەناو گۆڕیشدا دایکم دەرنەهێنن، ئەشکەنجەی بدەن وپاکانەی درۆی پێ پڕ بکەنەوە، بۆ نا نەوەکانی سەلیم هەموو شتێکیان پێ دەکرێت.

# کتێبی ڕوناکی عەقڵ
# بەشی دووەم: ژیان لەکوێیە؟

## پێشەکی

بەدوای گەشتکردن بەناو بەشێک لەدنیابینی کۆندێرا ورۆمانەکانی، ئێستا کاتی ئەوەیە لەسەر ئەو کتێبەی هەڵوەستە بکەم کە مەبەستی سەرەکی من بووە، بۆ ئەوەی بەدوای گەشتکردن بەناو ئەو کتێبە بونیاد و پێکهاتەکانی ببەستمەوە بە ژیانی تایبەتی خۆمەوە، ئەوەش لەڕێگەی خولقاندنی پەیوەندیەک لەنێوان خوێنەر و کارەکتەرەکانی ڕۆمان، ئەگەر قسە لەمردنی نووسەر دەکرێت، وەک فەرامۆشکردنی لەدەرەوەی تێکستەوە، من لێرەدا دەمەوێت قسە لەزیندوویەتی خوێنەر بکەم، چۆن ژیانی خوێنەر و ژیانی کارەکتەری ناو تێکست وەک یەک ژیان دەتوانرێت بەراوورد بکرێت، جارێ ڕەنگە زوو بێت بۆ ئەم قسانە، چونکە بەبێ قسەکردن لەخودی کتێبەکە توانامان نابێت لەم بارەیەوە هیچ شتێک بڵێین، هەوڵ دەدەم لەئێستادا ئەم چەند لاپەڕەیەی بەردەستم بۆ ئەم کتێبەی تەرخان بکەم کە لەژێر ناونیشانی «ژیان وا لەشوێنێکی دیکەیە».

ئەم ناونیشانە دەمانباتەوە بۆ لای دوو نوسەری تر، کاتی خۆی لە بەیاننامەی سوریالیزمی ئەندریە بریتۆن و هاوڕێکانی ئەو دێرە نووسرابۆوە، بەڵام ئەوانیش لەبنەڕەتدا ئەو دێرەیان لە ڕامبۆی شاعیر وەرگرتبوو، بۆیە ئەو ڕستەیە بەر لە کۆندێرا دوو جاریتر بەکار هاتووە، بەڵام بۆ من هێندە نوێ بوو، تەنانەت ئێستاش وا هەست ئەکەم یەکەمجارە دەیبیستم، چونکە لەرێی ئەم ڕستەیەوە کتێبەکە بەرەو پرسیار و بەراووردکاری دەبردم، پرسیاری وا کە بمەوێت لەڕێی کۆندێراوە خۆم بناسم، بە دەگمەن ڕێک دەکەوێت کتێبێک کۆمەکی خۆ ناسینت بکات، بۆ من ئەو کتێبە پڕۆسەیەک بوو بۆ ڕێکخستنەوەی کۆی ژیانم، بە واتایەکیتر ئەوە ژیانی من نەبوو ڕێک دەخرایەوە، هێندەی ساتەوەختێک هەبوو پێویستم بە ئیرادە بوو، بۆ تێگەیشتن لەوەی تیایدام، ترس نەبوو لەوەی ڕووبەرووی دەبمەوە، هێندەی ترس بوو لەوەی دوای مەرگی من دێت، ناکرێت نەزانیت دوای تۆ چی ڕوو دەدات، بەڵام لەرێی نووسینەوە بەتایبەت لەڕێی ئەو کتێبەوە کە لەبارەی ئەو ڕۆمانوسە چیکیە دەینووسم، توانیم بەشێکی ئەو تاریکیەی خۆم ڕوناک بکەمەوە، بەر لەوەی برۆمە ناو گۆڕ، توانیم لەناو گۆڕەکەم ڕوناکی دنیای تاریکی ژێر زەوی ببینم، وابزانم ڕامبۆی شاعیر بوو، رۆژێک بە خوشکەکەی وتووە "تۆ بەژێر تیشکی خۆر تێدەپەڕیت، من بەژێر خاکدا تێدەپەڕم" بە بڕوای من ئەو ڕستەیە لەو ساتەی مندا زۆر گرنگە، کوڕەکەم ئەو

کاتەی دنیای ڕوناک دەبێتەوە، بەناو کتێبخانەکەدا تێدەپەڕێت، لەکاتێکدا من لەژێر خاکێکم کە سەرەوەی کتێبخانەکەمە، بۆتەماڵی ڕاستەقینەی کوڕەکەم، ئیتر کاتی ئەوەیە وێناکردنەکان ڕابگرم، بچمە ناو جیهانی کتێبەکەوە، چیتر لەدەرەوەی تێکست و ناونیشانەوە قسە نەکەم، ئەو پێشەکیە بەسە بۆ ئەوەی بتوانم بێمە ناو جیهانی ڕۆمانەکەوە.

ڕەنگە ئێستا تۆ پرسیاری خۆت هەبێت، بەلام باشترە بەر لەوەی ئەو کتێبەی من بخوێنیتەوە، ڕۆمانەکەی کۆندێرا بخوێنیتەوە، گەر نەشتوانی ئەو کارە بکەیت، من هەوڵم داوە جیهانبینی ڕۆمانەکە بخەمە ڕوو، چونکە لەبەشەکانی دواتر ئەوەت بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە دنیای کتێبەکەی نووسەر چەندە لەدنیای ئێمەوە نزیکە، ئەوە گرنگ نیە تا چ ئاستێک لەیەکتریەوە نزیکین، ئەوەی مانایەک بە گرنگی بدات پەیوەستە بەو ڕاستیەوە، کە چۆن سەیری ساڵانی ڕابردوومان دەکەین؟ ئێمە چیمان کرد لەژیاندا؟ ئەی لەئێستاوە ئەوانیتر دەتوانن چۆن سەیری ژیان بکەن؟ ئاخۆ کاتێک ئەو کتێبە دەخوێنیتەوە، من تەنیا ناوێک نیم، ناوێک لەم ژیانەدا بووە بە ڕابردوو؟

ئایا تۆش وەک من ئەو بڕوایەت هەیە، تێکستی زیندوو ئەو تێکستەیە هەڵگری کۆمەڵێک پرسیاری خۆی بێت، وەک چۆن کۆندێرا بۆ من وا بووە، پرسیارەکانی بوونە هۆی ئەوەی بنووسم، ئەو کتێبەی لەبارەوە بێتە بوون، کەمێک بێدەنگی درووست دەکەم، دەبینم کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکە لێم ڕا

دەمێنن، وەک ئەوەی وا سەیرم بکەن، ئاخۆ چ مەبەستێکم لەوەدایە لەگەڵ گێڕانەوەی ژیانی ئەوان، خۆم بچمە لایان، دواتریش بمەوێت بە چ شێوازێک چیرۆکێکی نوێ لەبارەی ژیانی ئەوان بگێڕمەوە، بۆ شوبهاندنیان بەوەی لەلای ئێمە ڕوو دەدات، ئەوە تەنیا سەرەتایەکە بۆ چوونە ناو ژیانی ئەوانەی لەلای ئەوان.. ژیان لەشوێنێکی دیکەیە.

## پەراوێزێك بۆ كتێبەكەی دایكم

دەمەوێت لاپەرەی نوێ هەلبدەمەوە بۆ ئەوەی لەڕێی كتێبەكەی دایكمەوە، لەو رۆمانە تێبگەم، كە دەیەوێت لەبارەیەوە بدوێت، هەڵبەت من رۆمانەكەم خوێندۆتەوە، چێژی پێ بەخشیم، بەلام هێندە بەلامەوە گرنگ نەبوو، تا دەستنووسی ئەو كتێبەی دایكمم نەخوێندەوە، ئێستا دەتوانم بڵێم: ئەوەی من و دایكم بۆ هەتا هەتایە پێكەوە دەبەستێتەوە بوونی میلان كۆندێرایە، كۆندێرا پەیوەندی ئێمە دەباتە ئاستێكی ترەوە، ئەوە وایكرد كتێب توانای ئەوەی هەبێت، حەبیبە جگە لە دایك.. وەك مرۆڤێكی نزیكیش بیناسم، بەتایبەت كتێبی (ڕوناكی عەقڵ) بۆ من دنیایەكی گرنگە، نەك لەرێی ئەوەی كە باس لەپەیوەندی دایك و كوڕایەتی هەردوكمانە، بەڵكو دنیابینیەكی نوێیە بۆ تێگەیشتن لەقوربانی و خۆشەویستی و رێز و ئازادیە تاكگەراكانی ئەو.

دەزانم سەیرە بەلاتانەوە چۆن چایچیەك ئاوا قسە دەكات، من چیتر چایچیەكەی جاران نیم، ئەو كتێبخانەیە هەموو ژیانی گۆڕیم، منی كردە مرۆڤێكیتر، ئەوەتا وەكو دایكم هەموو كاتەكانم لەناو ئەو كتێبخانەیە بەسەر دەبەم، هەر بەڕاستی ژیان لێرەیە لەناو ئەو كتێبخانەیەدا، چ بێمانەییەك بوو سالانی كاركردن لەبەردەم هالاوی چای و وەرگرتنی پارەی چایخانە، خۆ دیلكردن لەزیندانێك تاوەكو ئەوانەی دێن پارەی چای و ماست و قەیماغیان لێ وەربگریت، ئاخۆ گەر مردن دایكمی لێ

نەسەندبایە، ئێمە پێکەوە ئێستا گفتوگۆمان لەسەر ئەو کتێبەی ئەو دەکرد؟ یاخود ڕەنگ بوو لەسەر پەیوەندی خودا و کتێب قسەی زۆرمان بکردبایە، لەوانەش بوو بەلای کتێب نەهاتبام و هەر لە چایخانەکە بوومایە، ئەوەی تووشی سەرسوڕمانم دەکات، هەر بەڕاستی دایکم دەیزانی دوای مردنی ئەو، من تەواوی ئەو کتێب و دەستنووسانە دەخوێنمەوە؟ ئاخۆ دەبوو دایکم بمرێت؟ تا من ئەو میرات و سامانە گەورەیەی ژیانم دەست بکەوێت؟

ئەگەر نەیدەزانی بۆ دەیووت "گەردنت ئازا نەبێت کوڕم..! ئەگەر هاتوو درەختی باخچەکە ببڕیتەوە، ئەو کتێبخانەیەم تێک بدەیت" ووتم ئەوە مانای وایە فرۆشتن هەر نابێت. فرۆشتن؟ فرۆشتنی چی؟ خۆ ناچیتە سەر شەقام.. کەس هەیە ماڵی خۆی و لانەی باوکی بفرۆشت، دایکم ئاوای ووت.

ئێستا ئەزانم نهێنی پەیوەندی درەختی باخچەکە چیە، دایکم هێشتا بەناو ئەو کتێبخانەیەدا دێت و دەچێت، تاو ناتاوێک دەستێک بەسەرما دێنێت، تا بـەردەوام بم لە خوێندنەوەی کتێبەکان، دەچێتە ژێر درەختەکە، کوپێک چای بەدەستەوەیە لەوێ دەیخواتەوە، بەدەم دەست لێدان لەگەڵاکان دلخۆشی خۆی بە وەستا هێمن ڕادەگەیەنێت، کە کورەکەیان بەدوای تێگەیشتنە لە نهێنی دنیا، بۆتە ئەویندارى ڕاستەقینەی کتێب.

## پیاوێك ببوو بە درەخت

ڕەگی من دیار نیە، درەختێکم بەقوڵایی زەویدا چوومەتە خوارەوە، تەواوی دەستنووسەکانم بوونە بە گەڵا و خۆشم درەخت، بێ ئەوەی پرسی درەختبوونم پێبکرێت؟ ئەو شتانە هەرگیز پرسی پێناکرێت، ڕەنگە خودا وای پێ باشتر بێت تا ئەمرۆ مرۆڤ بووم و لەئێستاوە درەخت بم، بەڵام من چ درەختێکم؟ هەنار دەگرم یان پرتەقاڵ؟ ئارەزووم لەوە نیە هەنجیر بگرم، ئەترسم دواتر هەموو گیانم بخورێت.. بەم تۆزەی لێم دەردەچێت، گەڵاکانم کە خۆیان کۆمەڵێک دەستنووسن چیان بەسەر دێت؟ باڵندەیەک بەسەر گەڵاکانم نیشتۆتەوە، بەر لەوەی بفڕێت بە دەنگێکی بریندار دەڵێت "هێندە پرسیار مەکە" ئەو باڵندەیە ناوی چی بوو چی دەکرد لەلای من، ئەوە پرسیار نیە وڕێنەیەکە لەناو خۆمدا دەیکەم، دەبینم ڕەگم بەناو زەویدا چۆتە خوارەوە، درەختەکە من نیم، وای من لە قوڵایی زەوی چی دەکەم، بۆ هێندە دوور ڕۆیشتوومە، کێ منی هێندە دوور خستۆتەوە، ئاخر کەمێکیتر ئێوارە دادێت، دایکم لەکۆڵان چاوەڕێمە، تا بگەڕێمەوەماڵەوە، کەچی پێش ئەوەی بڕوانمە

خۆم، کە لەوسەری زەویم، پەنجەرەیەک دەبینم ئەوەماڵی خۆمانە، دایکم هیچ هەراسان نیە کە لەماڵەوە نیم، ڕەنگە زانیبێتی بەو سەفەرەم، ئەوە باوکم بۆ دەستکاری کتێبەکانی من دەکات، شا بەتاقەتی دایکم تێر سەیرکردنی تەمسیلی کوردی نەبوو، هێشتا سەیری قەدی خۆم دەکەم، جارێ تەنیا درەختم، وااااای چەند دوورکەوتومەتەوە لەماڵەوە، ئەو شارانە کوێن من تیایدام، لەوە ناچێت کەسی تیا بناسم، ئاخۆ درەختەکانی تریش وەکو من لەقولایی ڕەگیاندا مرۆڤێک دەیانجولێنێت، ئاخر ئەو دڵدارانەی دێنە ژێر سێبەری من لەکوێ دەزانن من مرۆڤێکم ڕەگم لەو شارە دوورانەیە، ئەو شارانە دەکەونە کوێ، کەی گرنگن ناویان چیە و لەکوێن.

ئەوە من نیم، وامزانی ئەو درەختە منم، ئەی بۆ گەڵاکان دەستنووسەکانی منیان گرتبوو، هێمن.. هێمن تۆ بۆ بوویتە درەخت، چی دەکەیت لەوێ، نا بێخەمبە لەمەولا کورسی و مێزێک لەژێر درەختەکە دادەنێم و چای عەسران لای تۆ دەخۆمەوە، ززستانانیش لەژووری میوان دادەنیشم، تا درەنگانێک لەپەنجەرەکەوە لەتۆی درەخت دەڕوانم، بەڵام پێم بڵێ بۆ هێندە بێتاقەتی، بیری من مەکە، تۆ لەبیری من دەرناچیت، ئەوینی تۆ هەمیشە لەخوێندایە، لەوە دڵنیابە، تۆ لەمندا نامریت، چەند جوانی تۆ.. دیوتە هێمنیەکەت ڕێک بەناوەکەی خۆتەوەیە، دەی گوێم گرتووە باسم بۆ بکە، بزانم لەقولایی زەوی لەوێ چی دەکەیت، چۆن چۆن خۆم سەیری بکەم، هێمن ئەوە تۆ چی

دەڵێیت، یانی چی ئەوەی دەیبینم ڕاستی نیە و خەونە؟ یانی من خەون دەبینم، تخوا با ئەو خەونە تەواو نەبێت هێمن.

بەدەم ئەم قسانەوە بە ئاگا هاتم، خێرا گلۆپەکەم داگیرساند کۆی ئەوەی خوێندتانەوە نووسیم، هەروەها هەموو ئەوانەشم نووسی کە ئەو کاتە لەیادم مابوون، ئێستا ئێوە وەک کورتە چیرۆکێک لەم چەند لاپەڕەیە دەیخوێننەوە.

کەواتە ئەو چیرۆکەی دایکم ناوی ناوە مار ودرەخت چیرۆکی گێڕانەوەی بە درەخت بوونی باوکمە، دەبێت بگەڕێم بیدۆزمەوە، وابزانم ئەویان لەناو لاپەڕەی گۆڤاری سەمەر دانراوە، ئەو گۆڤارە لەوە دەچێت گۆڤاری دڵخوازی دایکم بێت، هەر ژمارەیەکی چیرۆکێکی وێنەداری گرتۆتە خۆی.

## تریفەی تورە

من تریفە سەلیم، ژنی هۆمەر، ڕاستیەکەی ئارەزوو دەکەم بە تریفەی تورە ناوم بەرن، ڕەنگە لەکۆتاییدا هەمووتان ئەو هەموو تورەییەی لەناخی مندایە ببینن، بەڵام مرۆڤە گەوجە و بێدەسەڵاتەکان ئەوانەی وای دەخەنە ڕوو گوایە تورە نابن، ئەوانە بێدەسەڵات و هیچ لەبار نەبووەکانن، ئارەزووی ئەو کتێبانە دەکەم، فێرمان دەکەن، چۆن تورەییەکانمان بکەینە داینەمۆی تواناکانمان، گاڵتەم بەوانە دێت وا دەزانن کتێب دەبێت ناسکیان بکاتەوە، هۆمەر وەک من هێندە ئارەزووی کتێبی نیە، ئەگەرچی بەهۆی خوێندنی زانکۆ بەردەوام لەکتێبخانە بوو، ئەو کات پێکەوە خوێندکاری زانکۆ بووین، باوکم ئومێدی زۆری بە مێردەکەم و ئوسامە هەیە، هەر زوو ڕۆژێک وتی دەمەوێت کۆمەکی ئەو دوو تەلەبەیەم بکەم، ئەوانە توانای ڕۆیشتنیان هەیە بۆ سەر کورسی فەرمانڕایەتی.

ئەو ڕۆژە بیرم لەوە کردەوە ئەگەر ئەو قسەیەی باوکم بێتە دی، من دەبم بە خانمی یەکەمی وڵات، هەموو هاوڵاتیان لەشەقامەکاندا سڵاوم لێ دەکەن، منیش لەناو ئۆتۆمۆبیلە

تایبەتیەکەمەوە، وەڵامی سلاویش نادەمەوە، تەنیا خەندەیەکی ساختەیان بۆ دەکەم، ئەو دەمە دەبێت لەگەڵ پاسەوانێک یان وەزیرێک دەست تێکەڵ بکەم، تا هۆمەر ژەهرخوارد بکەین، بۆ ئەوەی لە خانمی یەکەمی وڵاتەوە، ببم بەسەرۆک کۆماری وڵات، ئەوە بەڵگەی ئەوەیە من سوود لەکتێبەکان دەبینم، بەدوای خوێندنەوەی شانۆنامەیەکی شکسپیر بەناوی هاملێت، بیرۆکەی ئەو خەون بینینەم بۆ هات، کاتێک شاژن لەگەڵ برای هاوسەرەکەی پلانی کوشتنی پاشایان دارشت و ئەنجامیاندا.

ئەوە وای لەمن کردووە، کتێبە دلخوازەکەی ژیانم "نەبەردی من" کە هیتلەر نووسیویەتی، وەک ڕێنمایی ژیانی خۆم ببینم، سەرباری ئەوەی چێژێکی زۆر لەفەلسەفەی هێزی نیتچەی فەیلەسوف دەبینم، هەست دەکەم من ئەو هێزە دەمکات بە مرۆڤ، نیتچە و هیتلەر مامۆستای منن بۆ هاتنە دی خەونەکانم، رۆژێک دێت ئەوەتان بیر دێنمەوە، بەڵام ڕەنگە ئەو کاتە ئێوە بەدەستی پاسەوانەکانم کوژرابن و لەو ژیانەدا نەمابن، خەتای خۆتانە کە من هاتمە سەر دەسەڵات بیر لەخۆپیشاندان نەکەنەوە، لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی مندا هەموو شتێک بە فیشەگ وەڵام دەدرێتەوە.

ڕەنگە ئێوەش وەک من ئارەزووی ئەوە بکەن بزانن هۆمەر چۆن بیر دەکاتەوە، لەژووری کتێبخانەکەماندا لەگەڵ باوکم دانیشتبوو، ڕاستیەکەی نەمدەزانی گفتوگۆ لەبارەی چ کتێبێکەوە دەکەن، بەڵام ئەوەندەی گوێم راگرتبوو، هەر ئەوەندە حاڵی

بووم لەقسەکانی هۆمەر کە بۆ باوکم دەدوا، هەڵبەت زیاتر بۆ دڵنیایی بەخشین بوو بە بەڵێنێک کە دەبوو بۆ خەزووری بیدات.

نامەوێت تێکەڵی ململانێی خێزانی و هیچ گروپێکی سیاسی ببم، بە هێمنی خەریکی پلان و کاری خۆم دەبم، ئەو دەمەی هەمووان وەک سەرۆکێکی میانڕەو دەمبینن، بە فریادڕەسێک دەمبینن بۆ ڕزگاربوون و یەکلاکردنەوەی ناکۆکی هەمووان، هێندەی خۆم گەیشتم بە دەسەڵات، هەموو ئەوەی لەتۆی مامۆستام فێری بووم، هەر ئەوانە ئەنجام دەدەم، لەوەش تێدەگەم بۆ دەبێت ئوسامە حزب درووست بکات، من نابێت تخونی ئەو کارانە بکەوم، بەهیچ جۆرێک بیری لێ ناکەمەوە، گرنگ هەر یەکەمان بەرێگایەک و لەژێر چاودێری ئێوەدا کارەکانی خۆمان ئەنجام بدەین، نیگەرانی ئەوە مەبە مامۆستا، من ئارامگرم گەر نیو سەدەیتر هیچ ڕوو نەدات، ئامادەم پلانی چاوەروانی نیو سەدەیتر دابرێژم.

بەم قسانە هۆمەر بەتەواوی باوکمی دڵنیا دەکردەوە، ئیتر ئەوە وایکرد پلان بۆ داهاتوو دابرێژێت، کەسمان نەماندەزانی چۆن دەیەوێت بە خەونەکەی بگات، ئەوەی لەسەر من بوو نەیەلم هەرگیز پەی بە خەونەکەم ببات، تا ئەو ڕۆژەی دەبم بە خانمی یەکەمی وڵات، ئەوسا هەموو ڕەنجی بەبا دەدەم، لەنیوەشەودا ژەهرخواردی دەکەم، تاجی سەرۆکایەتی لەسەر دەنێم، تا هەمووتان ئەوە بزانن من تریفەی توڕەم، هەرچی کارێک کە ویستم دەتوانم ئەنجامی بدەم.

## بیرۆکەیەکی نوێ
## بۆ چاپکردنی دەستنووسەکان

هیچ بەشێک لەو دەستنووسانە هێندەی ئەو چەند لاپەڕەیەی تریفە سەلیم نەیترساندووم، ئەو چ گێژاوێک بۆ داهاتوو دەگێڕێت، بۆ نەگبەتی ئێمە بەشێک لەو رووداوانە ڕوویانداوە، ئێستا ئەو خانمی یەکەمی وڵاتە، بەواتا دەبێت خۆمان بۆ تراژیدیا کوشندەکەی ئامادە بکەین، کە وایە رۆژگارێکی خوێناوی چاوەروانی ئێمە دەکات، ئەوەی بە ئێمە بکرێت بەگژداچوونەوەو شەڕی چەکداری نیە، شەڕ لەگەڵ ئەوانە ناکرێت، ئەوان نەک میلیشیاو هێزیان هەیە، بەڵکو هێندە کۆمپانیا و بنکەی سیخوریان بۆ ولاتان کردۆتەوە، هەر کەسێک لەوان پەیوەندی تایبەتی خۆی هەیە، بۆیە ئەوەی پێویستە من ئەنجامی بدەم، ڕزگارکردنی تەواوی ئەو دەستنووسانەیە کە دایکم نووسیویەتی، سەرباری ئەوەی توانای داراییم رێگای ئەوەم دەدات کتێبەکان چاپ بکەم، بەڵام بۆ ئەوەی بتوانم کارێک بکەم لەدژی شەڕی ترسناکی ساڵانی داهاتوو بوەستینەوە، قسەم لەگەڵ چەند نووسەرێک کردووە، سەرنج و پشنیاری

بەجێیان داومەتێ، بۆیە بیرۆکەیەک کە دوای دەستکردنم بە خوێندنەوەی دەستنووسەکان لەلام درووست بوو، ئێستا لەناومدا بۆتە بڕیار، ئەویش گۆڕینی چایخانەکەیە، کە بیکەم بە چاپخانە، شەوکەت وتەنی هیچ ڕووی نەداوە تا شاگردەکانت خەمبار بن، یەک سفر دانراوە چایخانە بووە بە چاپخانە، بەڵام با واز لەو شۆخیەی ئەو دۆستەم بێنم، شاگردەکانم کە وەفایان بۆم هەبووە، لە چایخانەکە دەتوانن کار بکەن، ئەرێ ماڵت ئاوا بێت شەوکەت سەرت لەمنیش تێکدا، مەبەستم لە چاپخانەکە نەک چایخانە، بۆ ئەوەی تا ئەو کاتەی دەستنووسەکانی دایکم چاپ دەکرێت، منیش کتێبەکەی خۆم تەواو دەکەم، ئەوسا دەتوانم کتێبەکەشم چاپ بکەم، ئەوە بریارێکی بەجێیە و پێویستە پەلە بکەم، بۆ ئەوەی کاتێک رووبەرووی رۆژگاری ترسناک هاتینەوە، بتوانین شەڕی خۆمان ڕابگەیەنین، لەڕێگەی بانگهێشتکردنی کۆمەڵە ڕۆژنامەنووس و نووسەرانێکی ئازادیخواز کە ڕۆژنامەیەکی چوار لاپەرەیی رۆژانە دەربکەین، پێم وایە ئیتر هەموو ئەوانە دەبنە کاری من، جارێ زووە بۆ بیرکردنەوە لە ڕۆژنامە، گرنگ لەئێستادا لەژێر ناوی دەزگایەکی رۆشنبیریی چاپ بتوانم چاپخانەکە دابمەزرێنم، دەست بکەم بە چاپکردنی دەستنووسەکانی دایکم، بۆ ئەوەی خێرا دژایەتی نەکرێین، باشتر وایە سەرەتا ئەو کتێبانە چاپ بکەم کە وەک کتێبی ئەدەبی سەیر دەکرێن، بۆ نمونە دەتوانین دەستپێکی کارەکانمان کتێبی "ڕوناکی عەقڵ" بێت، هەروەها

لەناملیکەیەکدا "مار و درەخت" وەک کورتە چیرۆک چاپ دەکەین، لەگەڵ ژیاننامە و چەند وێنەیەکی ناوازەی دایکم کە نووسەری چیرۆکەکەیە، بەتایبەت وێنەیەکی لەگەڵ باوکم، وەک سرووشێک کە هەوێنی چیرۆکەکەی پەیوەندیەکەیان بووە.

ئێستا هەست دەکەم ئاوات و خەونە گەورەکەی دایکم پەڕیوەتەوە بۆ من و درێژە بە کارەکانی دەدەم، بەتایبەت ئەمساڵ کە کچە تاقانەکەم هێلین کۆلێژی ئەدەبیات تەواو دەکات، دەتوانێت وەک بەڕێوبەری ناوەندی چاپخانەکە، سەرپەرشتی کارەکان بکات.

# کتێبی ڕوناکی عەقڵ

## بەشی دووەم: ژیان لەکوێیە؟

### خوێندنەوەیەك بۆ ڕۆمانی ژیان وا لەشوێنێکی دیکەیە

ئەم کتێبە سەفەر و گێڕانەوەیە بەناو دنیای ژنێکدا، پەیوەندیەک بەجێدێلێت دوای یەکەم سەر جێکردن، هەست دەکات ئەو کەسە توانای زەوتکردنی جەستەی ئەوی نیە، لەنێوان خوێندنی زانکۆ و ناسینی ئەندازیارێک، سەرەنجام عەشقی ئەندازیارێک بەدەست دێنێت، بەڵام شتەکان هێندە خێرا و کورت دەبن، دوای ژیانی هاوسەری تێدەگات ئەو کەسە نیە کەوا وێنای دەکات، بۆیە ئەو پەیوەندیەی لەگەڵ هاوسەر دەگۆڕێت بۆ پەیوەندی لەگەڵ کۆرپەکەی، هۆگری خۆی و هەستی دایکایەتی دەباتە ناو خۆشەویستیەوە، هەستێک کە کۆرپەکەی لەمژینی مەمکی پێی دەبەخشێت، هەرگیز لەو کاتانەی هاوسەرەکەی دەمی لەسەر مەمکیەتی، ئەو هەستەی نەبووە، بۆیە خۆشەویستی کوڕە ساواکەی شتێکە هەستی پێدەکات، بەبێ ئەوەی هاوسەرەکەی توانی بێتی لەو ساتەدا ئەو هەستەی پێ ببەخشێت.

خۆشەویستیەک لەم پەیوەندیە دێتە بوون، بەپێی گەشەی تەمەنی کوڕەکەی ئەو خۆشەویستیە گەشە دەکات، ئەوە هەستکردنە بە خۆشەویستیەکی ڕاستەقینە لەمانای بوونی لەش و تێگەیشتن لەبوونی ئەویتر، لێرەدا ئەو پەیوەندیە لەڕوویەکی نادیاردا لەپەیوەندیەکی ئۆدیبی دەچێت، بەپێی تێگەیشتنی دەروونشیکاری ناسراو فرۆید کە ئارەزووی کوڕ بۆ لای دایک دەچێت، بەڵام ڕاستە ئەوەی لەم ڕۆمانەدا دەیبینین هەست و تێگەیشتنی دایکە بۆ خۆشەویستی کوڕەکەی، لەڕاستیدا دەرونشیکارەکەشمان هەر لەسەر ئەو پرسەوە دەوەستێت، بەوەی لە نەستی منداڵەوە ئەو خۆشەویستیە دەنووسرێتەوە و هەستی پێ دەکرێت، کوڕە وەک منداڵێکی بەتواناو داهێنەر ژیانی خوێندنگا و منداڵی خۆی دەژییێت، لەهەمان کاتدا دایک خۆشەویستیەکی پتەوی هەیە بۆ منداڵەکەی، توانای کوڕە لەخوێندن و شیعر نووسین و نیگارکێشان وێنەیەکی ناوازە دەخولقێنێت، بەدوای ستایشکردنی کوڕەکەی لەلایان هونەرمەندێکی شێوەکاریەوە، ئیتر دایکە تەواو دڵنیا دەبێت لە داهێنەری کوڕەکەی، لەنێوان هەستکردنی کوڕە بە خەمی دایک و خۆشەویستی دایک بۆ کوڕەکەی تا ئاستی ئەوەی ئارەزوو دەکات کوڕەکەی تاکە پیاوێکە حەز دەکات بەتەنیشتیەوە لەسەر پێخەفی دوو کەسی ڕابکشێت، ئەو ئارەزووە ئۆدیبیە بۆ خۆشەویستی، لەڕاستیدا بۆ کوڕ هیچ نیە جگە لەهەستی پاکیزەیی منداڵێک بۆ دایک، بەڵام هەر ئەو خۆشەویستیەی

دایک ڕووبـەرووی قوربانی دان و کارکردن بۆ هاتنەدی خەونی کوڕەکەی، خۆی دەبێتە هۆی ئەوەی بەدوای داهاتووی هونەری کوڕەکەی بڕوات.

خۆشـەویستی دەبێتـە هـۆی ئـەوەی لـەڕێکـەوتێکدا مامۆستایەکی هونەر بناسێت و بیکات بە مامۆستای کوڕەکەی، تا سەرەنجام خۆشی دەکەوێتە خۆشەویستی هونەرمەندەکەوە، لێرەدا ئەوەی لە کوڕەکەی بۆ خۆشەویستی وێنای دەکات، دەپەڕێتەوە بۆ هونەرمەندەکە، بە واتایەکیتر دەتوانین بنووسین هونەرمەندەکە وێنە حەقیقیەکەی خۆشەویستە ونەکەیەتی کە دەیویست لە کوڕەکەیدا بەرجەستەی بکات.

هونەرمەندەکەش دایک و کوڕی خستبووە ناو کتێب و تابلۆوە، بۆ ئەوەی وەک ئەو بچنە ناو دنیایەکی نوێی ئاشکرا نەکراو، بتوانن ئەو دنیا کۆنە جێبێڵن، ئەوەشی بەستبۆوە بۆ ڕۆحی ئازاد و تێگەیشتن لە ماهیەتی ئازادی خۆیان، بەوەی جارولی کوڕ بتوانێت خەیالی لە وێنە کێشان ئازاد بکات و دنیای نویێ لەهونەری شێوەکاری بدۆزێتەوە، بۆ دایکەش پێویست بوو بتوانێت بوون و جەستەیەکی ئازاد بۆ خودی خۆی بخولقێنێت، شەرم و ترس لەبونی ئەودا نەمێنێت، لێرەدا ئێمە دەکەوینە بەردەم ئازادی لەدوو فۆڕمی جیاواز بۆ دایک و کوڕ.

خەونەکانی خاڤێر وەک بەشێک لەتێکستێکی سەربەخۆ دێتە ناو گێڕانەوە، دواتر کە کورە دەبێتە شاعیر بۆ خۆشەویستەکەی،

باس لەوە دەکات، ئەوە خەیالی نوسینێکی شیعریی بووە دوای ناسینی ئەو توانیویەتی بینووسێت، کچەش دلخۆشە و کوڕە بە خاڤێری خۆی ناو دەبات.

مەیلی دلداری و سەرکێشی کردن بۆ خۆشەویستی، توانای ناسینی مرۆڤی بەرامبەری هەیە، بە واتایەکیتر خودی مرۆڤەکەش، هەر لەو ڕێگەیەوە دەتوانێت خۆی بناسێت، ئەوە ئابڕووچون نیە وەک دایکە وێنای دەکرد، کاتێک دوای مەرگی هاوسەرەکەی تێگەیشت ئەو دۆستێکی هەبووە، چونکە ئەو وێناکردنە ئەخلاقیە بۆ بەرامبەر، هەمان ڕەفتارێکە ئەو بۆ خۆشی ئەنجامیداوە، ئەو کاتانەی لەبەرامبەر هونەرمەندەکەی مامۆستای کوڕەکەی بوو، بۆیە بەخراپ بینین و تاوانبارکردنی ئەویتر لەبنەرەتدا پێویستی بە گەڕانەوەیە بۆ تاوانبارکردنی خۆی، ئەو تێگەیشتنە لەبنەرەتدا ناچارمان دەکات تێبگەین لەوەی خۆشەویستی تاکە هۆکارێکە خۆمان و دەورروبەری پێ بناسین.

لێرەدا پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە: ئاخۆ دایکە لەرێگەی تاوانبارکردنی خۆی بەر لەمێردەکەی بەوەی خیانەتی هاوسەری ئەنجامداوە کارێکی درووستە؟ ئەگەر وایکرد ئاخۆ هاوسەرەکەی لەگۆڕ هەڵدەستێتەوە، وەک ئەو هەستی پەشیمانی دەخاتە ڕوو؟ واز لەوە بێنە، وەڵامدانەوەی پرسیاری ئاوا لە نوکتە دەچێت، منیش بەنیاز نیم لەو کتێبەدا نوکتە بۆ کەس بگێڕمەوە، بەلام لۆژیکێکی رۆمانتیکی هەیە دەمەوێت

لێرەدا بیخەمە ڕوو، مرۆڤ لەو ساتە دەژی کە تیایدایە، بۆیە کاتێک خۆشەویستی لای هاوسەر دەست نەکەوت، بێدەنگی و ڕازی بوون بەم ژیانە هیچ نیە جگە لە خۆ خەڵەتاندن، بۆیە باشترین کارێک کە ئەنجامدراوە بوونی پەیوەندی خۆشەویستیە، گرنگ پەیوەندیەکە بوونی هەبێت، جا لەناو ماڵ بێت یاخود لەدەرەوەی پەیوەندی ماڵ.

شۆڕش بۆ کوڕ مانایەکی تری هەبوو، بۆ دایک مانای ترسێک لەوەی مێردی خوشکەکەی ژیانیان لێ بشێوێنێت، بەوەی کوڕەکەی بۆتە کۆمۆنیست، لەپاڵ ئەوەی جاروملی کوڕ هەستی دەکرد بەڕاستی عاشق بووە، پەیوەندیەکەشی تێکەڵی ئازادی دەکرد، بۆ ئەوەی ژیان و خۆشەویستی وەک ئازادبوونی خۆی ببینێت، بەڵام کاتێک لەیەکەم چوونە ناو پێخەف لەگەڵ خۆشەویستەکەی توانای ئەنجامدانی کاری سێکسی نابێت، دواتریش هونەرمەندە مامۆستاکەی و چەند کەسێکی تر لەستۆدیۆی هونەرمەندەکە شیعر و ڕوانینەکانی وەک دژە شۆڕش دەبینن، لێرەدا دنیابینی و خەونی بەر یەکەم برینی ڕاستەقینە دەکەوێت، ئەوە بۆ ئەو خوێناوی بوونی خەونە.

لەگەڵ ئەوەی دنیایەک کە درووستی دەکرد، کچەکان بەرتەسکتریان دەکردەوە، چونکە ئەوان دەبوونە خۆشەویستی کوڕەکەی، هەرچەندە شیعری بۆ ئەویش دەنووسی، بەڵام کوڕەکەی گەورە دەبوو، خۆشەویستی بۆ کچ و نیگەرانیەکانی سەری هەڵدەدا.

نیگەرانیەک لەساتەوەختی خۆیدا کار دەکاتە سەر دەروونی، تا ئەو کاتەی شۆڕش سەر دەگرێت و خەونەکانی جارومل وابەستەی شۆڕش دەبن، تۆڵەی خۆی لە پوری وزاواکەیان دەکاتەوە خەبەریان لێ دەدات، لەخانووەکە دەریان دەکەن، هەروەها یەکەم سەرجێکردنیش بە ئازادی خۆی لەگەڵ کچە قژسوورەکە ئەنجام دەدات، لەشیعرەوە بەرەو سیاسەت هەنگاو دەنێت، ئەگەرچی ئەو لەدەروونیدا رۆحێک بوونی هەیە، پەیوەندی بە ژن و شیعرەوەیە، وەک چۆن دایکی ئاسوودە دەکات بە چاکبونەوەی پەیوەندی لەگەڵیدا.

کۆتایی ڕووداوەکان بەئاگاهاتنەوەیە، بەوەی شۆڕش نەک ناتوانێت هەڵگری خەونی نەوەی نوێ بێت، بەڵکو لەباربردنی خەونە، ڕووداوەکانی دوای ساڵانی شۆڕش دەریدەخات ئەوە خۆ فریودان بوو، کاتێک شاعیرەکان شیعریان بۆ کۆمۆنیزم دەنووسی، دڵخۆشی خۆیان بەوە دەخستە ڕوو کە شۆڕشگێڕن، شۆڕش هەڵگری خەونی نەوەی نوێ نەبوو، نەک هەر هێندە، بەڵکو شۆڕش هەڵگری هیچ خەونێک نەبوو، تەنانەت جارومل کە هەواڵگری دەکات لەسەر برای خۆشەویستەکەی، بەوەی دەیەوێت نیشتمان جێبێڵێت و دەچێتە لای دوژمن، شۆڕشی نوێ براکەی و دەزگیرانەکەی بەیەکەوە دەستگیر دەکەن، دواتر کە ساڵەکان تێدەپەڕن و دەزگیرانەکەی لەزیندان دەردەچێت، تێدەگەین ئەوە تەنیا درۆیەکی دەزگیرانەکەی بوو، بۆ ئەوەی گومانی لێ نەکات، کاتێک لەلای دۆستە بە تەمەنەکەی بووە

لەدواکەوتنی بۆ لای ئەو، هەوڵیداوە ئەو درۆیە ڕێک بخات، نەیزانیووە جارومل هێندە سیاسیەکی کەلەپووتە دەچێت ئەو درۆیـەی بۆ دەکاتە ڕاستی و شۆڕشی کۆمۆنیستەکانی لێ ئاگادار دەکاتەوە، بەلام کاتێک لەزیندان دێتە دەرەوە، زۆر شت گۆڕاوە، جارومل مردووەو دایکیشی لەکۆشکەکە نەماوە، واتە یادەوەری پێکەوەبوونی دەزگیرانەکەی لەگەڵ جاروملیش بوونی نەماوە.

لەکۆتاییدا دەبینین منالێک بەهرەیەکی خۆڕسکی هەبوو، سـەربـاری بایەخدانی دایکی پێی، بـەلام شـۆڕش مانایەکی بارگاویکراوی پێیدا، تا سەرەنجام خۆی لێ بوو بە داهێنەرێکی مەزن، وەک چۆن لەسەرەتاوە ئەو منالە چەندە شەرمنە، بەلام بەدوای هاندانی لەلایان هونەرمەندەکەی مامۆستایەوە، ئەو هەستە لەخۆیدا گۆش دەکات کە دەبێتە داهێنەر، ئەگەرچی مامۆستاکەی ڕاستگۆترین هونەرمەندێکە بۆ ئـەو، خێرا دەیەوێت وریای بکاتەوە، بۆ ئەوەی لەسەر خالێک نەژییێت کە پێی گەیشتووە، بەلام کەس گوێ بەوە نادات، هەر بۆیە کە شۆڕش دێت هونەرمەندەکەی مامۆستای پەراوێز دەکرێت، بۆ ژیان ناچاری کاری بژێوی ژیان دەبێت، ئێمە دەتوانین لەڕاستگۆترین دەستەواژەدا ئەوە ببینین کە چۆن سیاسەت ڕۆحی داهێنان دەکوژێت، دەیکات بە ئامێرێک بۆ بەرهەمهێنانی گوتاری ئایدیۆلۆژی، سیاسەت یاخود ڕۆحی جوانیت تیادا دەکوژێت، یان وەک مامۆستاکەی دەیکاتە پەراوێزی ژیان و کۆمەڵگا.

## کورتە چیرۆکی مار و درەخت

کاتێک نێژرام لەژێر خاکدا دوو ماری عاشق هەبوون لەو گۆڕە تاریکەدا سەمایان. دەکرد، ئامێزیان لەیەکتر دەدا، کاتی برسیەتیان، دەکەوتنە خواردنی من، بۆم گێڕانەوە من هیچ ئازارێک ناچێژم بەم کارەی ئەوان، بەڵکو بەپێچەوانەوە زۆر دڵخۆشم، چیرۆکی دلداریم لەگەڵ تۆ بۆ دەگێڕانەوە، نازانم بە چ زمانێک و چۆن پێکەوە قسەمان دەکرد، بەڵام دەزانم گفتوگۆی درێژمان هەبوو، ئەو دەمەی گۆشتم پێوە نەما، هەموویان خوارد، بەڵام ئەوان وەک ئەوەی هیچ شتێک ڕووی نەدابێت، گازیان دەگرتە ئێسقانەکانم و دەیانتفاندەوە، وورد ووردیان دەکردم، پەلەیان بوو دەیانووت "چاکەیەکت لەگەڵ دەکەین بگەرێیتەوە لای خۆشەویستەکەت" ئەو دەمەی ززستان هات، من ئێسقانەکانم هاڕا بوون، بۆنی باران دەگەیشتە ناو گۆڕەکەم، واااای حەبیبە چەندین جار هاتیت و بەچیرۆکی وردبونی منت نەدەزانی، وەک ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێت، دەکەوتیتە خوێندنەوەی دەستنووسی کچەکانی سەلیم، ئێستاش نەمزانی ئەو هەموو نهێنیە ووردە چۆن گەیشتن بە تۆ.

باران بە تەوژم دەیدا لەزەوی، تەواو تەڕی دەکردم، سەرمام بوو، ڕاستیەکەی وورده ئێسقانی هاڕاوبووم، بەڵام بەڕادەیەک سەرمام بوو، ریک لەو شەوە دەچووم کارەبا نەبوو لەدوکان بووم، تەلەفزیۆنێکی ئەمباسەدەم چاک دەکردەوە، ئەها ئەوەی لەزۆر ماڵدا هەبوو، چوارچێوەی دەرەوەی فایبەرێکی قاوەیی بوو دوگمەیەکی سووری هەبوو بۆ داگیرساندن، تۆ دەتووت دوای ماوەیەک تا شەق لەبنا گوێی نەدەیت ئیش ناکات، کە سەرم بەرز کردەوە، دنیا تاریک بوو، بارانێکی بەخوڕ دەباری، تا گەیشتمەوە ماڵەوە قوڕاو لەلایەک.. تەڕبوونی بارانیش لەلایەک، خێرا وەک منالّی کۆڵان، کە دایکی بە ڕاکێشانەوە دەیباتە حەمام، ئاوا ڕاتکێشام و ڕووتت کردمەوەو شووشتمت، ڕێک لەو بارانەی ئەمشەوە دەچوو، مارەکان دڵخۆش بوون کە دەیانبینی من خەریکە تێکەڵی خاک دەبم، بەدەورمدا سەمایان دەکرد، سەمای مالئاوایی لەمن، داوایان دەکرد سڵاوی ئەویندارانەی ئەوان بەتۆ بگەیەنم.

سەرەتا بەر هەندێک بەردی ڕەق دەکەوتم، سێ مانگ زیاتر بەم شێوە خراپە ژیام، دواتر زیاتر ڕۆچوومە زەوی، لەوێ شارێکیتر هەبوو تەواو دەمتوانی تیای بژیم، هەموومان درەخت بووین، ڕەگی درەختمان گرتبووە خۆمان، ئەو شارەی ئێمە بەناوی کۆماری درەختی بەختەوەری بوو، هەر یەکێک لە هاولاتیانی کۆمار بۆ دانیشتوانی زەوی درەختێکی گرتبووە خۆی، تەمەنی ئێمە هەمیشەیی بوو، تا ئەو رۆژەی

مرۆڤ درەختەکەی دەبڕیەوە، ئەوسا لەوێ دەردەکراین، تا سەر سنوور بەڕێ دەکراین.. دەبردراینە بیابان، هەموو ئەو درەختانەی مرۆڤەکان بڕیانەوە، مرۆڤە درەختەکانی وا لەبیاباندا ژیان بەسەر دەبەن، بۆیە گەر دەتەوێت زیندوو بم هەمیشە لەو خانووە بمێنەوە، هەرگیز مەیفرۆشە، رێ نەدەیت کەس ئەم درەختە ببرێتەوە.

## نهێنیەك لەچیرۆكدا

کتێب توانای ئەوەی هەیە بەخۆمانمان بناسێنێت، نەک هەر هێندەش هەموو نهێنیە شاراوەکانی گەردوون بناسین، ئەگەر لەم ژیانەدا یەک مرۆڤ هەبێت قەرزاری کتێب بێت بەدڵنیاییی ئەو کەسە منم، دارای چایچی، کە بوومە ئەویندار کتێب و ژیانم بەهۆی کتێبەکانەوە کەوتنە سەردەمی گەشانەوە، دایکم بۆ ئەوەی خۆی بناسێت کەوتە نووسین، منیش بۆ ئەوەی ڕوناکی دایکم بچێتە ناخم، نووسینەکانی توانیان هەموو ئەوانەم پێ ببەخشن، گەر دەستنووسەکانی ئەو نەبوایە، هەرگیز نەمدەتوانی لەنهێنی چیرۆکی درەختەکەی حەوشە تێبگەم، بۆ هێندە بە توندی داکۆکی لەو درەختە و ئەو کتێبخانەیە دەکرد، ئەوەتا نووسینەکانی فێریان کردم من خاوەنی گەورەترین سامانی دنیام، درەخت و کتێب، هەردووکیان ژیانێکیان پێداوم، کە بتوانم بزانم دایک و باوکم لێرەن لە باخچەکەی ماڵ، ها کە ڕەگی درەختێک لە درەختەکەی باوکم دەرکەوت، ئەوە دایکمە بەناو خاکدا ڕەگی خۆی بە باخچەکە دەبەخشێت.

لەدەرەوەی ئەو کتێبخانەیە ژیان بەشێوەیەک تاریکە هیچ مانایەکی نیە، کەمێک پێکەنینم دێت، نا لەسەر خۆمم تێک

نەچوومە، بەڵام گرفتەکەم ئەوەیە وام لێ هاتووە قسەیەکم نیە هی خۆم بێت، هەست دەکەم بە بەردەوامی ووشە نوسراوەکانی دایکم دەڵێمەوە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا ژیان ئێستا لای من بریتیە لەم ژوری کتێبخانەیە، بۆیە قەروێڵەی خەوتنەکەم هێناوەتە ئەم ژوورە، بۆ ئەوەی هەر لێرەش بخەوم، ژیان بۆ من بریتیە لەژوورێک کە کتێبخانەیەکی گەورە بێت، قەرەوێڵەیەکی خەوتن و مێزێکی نووسینی تیا بێت، خۆشبەختانە ئێستا من خاوەنی هەموو ئەوانەم لەژیاندا، بۆیە بیرلەهیچ سامانێک ناکەمەوە، چونکە سامانی راستەقینەی خۆم لەم ژیانەدا هەیە، کاتێک ئەوانیتر ناتوانن لەمانای ئەو سامانەی من تێبگەن، بۆ من هیچ گرفتێک نیە، بۆیە هاوسەرەکەم کە بێزار بوو بەدەست ژیانی منەوە، بڕوای وابوو کاتێک لە چایخانە بووم خۆشترین ژیانمان هەبوو، کە بینی چایخانەکەم کرد بە چاپخانە، ئەویش چیتر نەیویست لەگەڵ مندا بمێنێتەوە، خۆی وایە بۆ ئەوەی دنیای خۆت لەکتێبدا بدۆزیتەوە، دەبێت لەوە تێبگەیت لەبەردەم ڕووبەروو بونەوەی لەدەستدانی ژیانی کۆمەڵایەتی، ئەوە تەنیا بۆ کتێب وا نیە، هەر خۆی ئەویندارى لە کارێک کە ئەنجامی بدەیت، دەبێت بزانیت قوربانی بەوانیتر دەدەیت، ڕاستر گەر بە زمانی جارانی چایخانەکە قسە بکەم، دەبێت بڵێم وەک عاشق بوونە بە کچێک، پێویستە تەرکی دنیا وهەموو شتێکی بۆ بکەیت.

## دۆزینەوەی نامەیەکی فەریبا

پێش ئـەوەی دەسـت بەنووسینەوە و پاکنووسی ئەو نامەیەی فەریبا بکەم، پێویستە ئاماژە بۆ ئەو خاڵە بکەم، فەریبا ئەو نامەیەی بۆ یەکێک لەسەرکردەکانی شۆڕش نووسیوە کە لەملانێ بووە لەگەڵ ئوسامەی هاوسەری، ئەو پێچەوانەی تریفە ویستویەتی هاوسەرەکەی لەدەسەڵات بمێنێتەوە، چونکە کەسی لەو بەشایستەتر نەزانیووە، لێرەوە ئەو نامەیەی فەریبا دەنووسمەوە، کە رۆژێک لەناو پۆستی قوتابخانە خرابووە ناو فایلی نمرەی قوتابیان، لەسەری نووسرابوو "بۆ مامۆستا حەبیبە کە دەتەوێت لەبارەی ئوسامەوە مێژوو بخوێنیتەوە"

راستیەکەی ئێستاشی لەگەڵ بێت من نەمزانی کێ ئەو نامەیەی بۆ من بەجێ هێشتبوو، بۆیە دوای ساغکردنەوە بۆم دەرکەوت ئەو نامەیە ڕاستەقینەیە، دوای ئینشیقاقەکان، حزب مەبەستی بووە لەسەر زاری خەڵکی ترەوە ڕاستیەکان بنوسرێنەوە، ئەوەش دەقی نامەکەی فەریبایە:

**هەڤاڵی خۆشەویست کاکە لاس..**

بیر لەوە مەکەوە دوو سەرکردە لەڕکابەری بن، بۆ تۆ واباشترە لەگەڵ ئێمە بیت، ئوسامە خەمبارە بە ڕۆیشتنت، بەڵام هەرگیز تۆ ناتوانیت ئەو لاواز بکەیت، وەک چۆن دوژمنەکانی نەیانتوانی ئەوە بکەن، چ جای دۆستەکانی، هەموو ئەو شتانەی کە دەیزانیت کۆمەکی ئـەوەت ناکەن کە شۆڕشێکی نوێ هەلبگیرسێنیت، تۆ ڕوویەکی بابەتەکانی ناو حزب دەبینیت، بەڵام ڕووە کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکەی نازانیت، لە سۆنگەی دۆستایەتیەوە، ئەم نامەیەت بۆ دەنووسم، تا ڕێنواییتان بکەم و کۆبونەوەیەکتان بۆ سازێنم لەگەڵ ئوسامە ئاشت ببنەوە، من وئوسامە و تریفە و هۆمەریش شتێک نین، بە تۆ و حزبیشەوە، هەمووومان قوتابی باوکە سەلیمین، ئێمە چین لەحزوری ئەو مامۆستا و ڕابەڕە، ئوسامە پەروەردەی دەستی باوکمە، هەر ئەو ناردی بۆ خوێندنی فەلسەفەی یاسا لە نیۆرک، تۆ ئەوەت هەر نەزانیووە، باوکم ناردی بۆ ڕووسیا و لەڕێی پەیوەندی تایبەتی خۆی تا لەسەردەستی یاریزانی پێشووی شەترەنج کاسبارۆف یاری شەترەنج فێر ببێت، ئاخۆ تۆ پلانی ئەو یاریە دەزانیت؟ ئەگەر بتزانیبا لەشاخدا سێ جار بە شکستخواردویی بریندار نەدەکرایت، ئەوە مەفرەزەکانی ئێمە بوون نەیانهێشت بکەویە دەست دوژمنەوە، ئەوەیان منەت نیە، هەمووومان قوتابی باوکە سەلیمین دەبوو ئەوە بکرێت.

بیستوومە خەریکی لیست درووست کردنیت بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو، هەرچەندە باوەر ناکەم شتی وا منالآنە بکەیت، ئوسامە کارەکتەرێکی کاریزمایە، دەتوانێت وا بکات هاوسەنگەرەکانی خۆشت دەنگت پێ نـەدەن، راستـە ئێستا بـاوکم لەژیاندا نەماوە، بەلآم ئوسامە هەمیشە دەڵێت هیچ کارێک ناکەم، تا رۆحی مامۆستا سەلیم لەگیانمدا فرمانم پێ نەکات، بۆیە ئەو جەستەیەکە لەرۆحی باوکمدا، پلان و خەونێک هەیە تۆ ناتوانیت تێکی بدەیت، بگەڕێوە ناو حزب، بەر لەوەی تێکت بدەین، ئەوە بە هەڕەشە وەرمەگرە، وەک شۆخی و دۆستایەتی بیبینە، بەرەنجامی خۆشەویستی هاورێیەتیە، گەر بێیتەوە ئوسامە بە موحیبەتەوە ئامێزت بۆ دەکاتەوە، گەر نەیەیتەوە ئۆباڵەکەی لە ئەستۆی خۆتە.

هاوڕێتان: فەریبا

## هەڕەشەکانی فەریبا و نەخۆشکەوتنی

هەر کەسێک کە ڕۆژێک لەگەڵ سەلیم ژیا، دەگاتە ئەو باوەڕەی دەبێت شەڕانگێز بێت، بەگژ دنیا بچێتەوە، بەلام نەوەکانی سەلیم، مرۆڤی وەک منیان پێویستە تاوەکو بەگژ کۆشک ودەسەلاتیاندا بچێتەوە، من چاپچیەکەی دوێنێ، ئەمڕۆش چەکێکم نیە بۆ شەڕکردن، جگە لەچاپخانەیەک کە خەریکم بۆ چاپکردنی کتێبەکانی دایکم، ئەزانم هێندەش بەستەزمان نیم، بەڵام ئەو کتێبانە بەسە بۆ ئەوەی گەورەترین شەڕی تیا درووست بکرێت، ئەوان کە هەڕەشە لەهاوسەنگەرەکانی خۆیان بکەن، ئاخۆ من بە ئاسانی بۆم دەچێتە سەر؟

پێویستە ئەو پرسیارانە نەمترسێنن، من شتێکی ئەوتۆم نەماوە لەم ژیانە تا لێی بترسم، بەلام ئەوان ئەتوانن ئازاری کچەکەم بدەن، زۆر شتی تریشیان لەدەست دێت، بۆیە دەبێت زۆر بە وریاییەوە کار بکەین، بزانم چۆن و بە چ شێوەیەک کارەکە ئەنجام بدەم، تاوەکو کێشەمان بۆ درووست نەبێت.

بیر لەنامەکەی فەریبا دەکەمەوە، هەر بەڕاست لاس هیچ

نرخێکی بۆ ئەو نامەیە دانەنا، ئەگەر وا نەبوایە چۆن حزبی درووست دەکرد، دەچووە ناو هەڵبژاردنەوە، ئاخۆ لاس کە رۆژگارێک کەسی یەکەمی حزبەکەی سەلیم بوو، ئێستە ئەو ئەفسوونەی بۆ بەتاڵ بۆتەوە، کە سەلیم ئەفسانە نیە وەک ئوسامە باسی دەکات، بەڵکو چیرۆکێکی خەیاڵی دروست کراوی حزبە، فەریبا ئەو ژنەی خۆی وەک میهرەبان نیشان دەدات، کەچی ئەوەتا دەتوانێت هەڕەشە لەنزیکترین سەرکردە و هاوسەنگەرەکانی خۆیان بکات، کەسێک کچی ئەو پیاوە بێت، میهرەبانی لای ئەو تەنیا دەمامکێکە بۆ گەمە کردن وەک چۆن زاواکانی وا پەروەردە کرد، ئەوەتا کە من ئێستا هەوڵ دەدەم یەکەم کتێبی خۆم بنووسم بەناوی "پەراوێزێک بۆ کتێبەکانی دایکم" دەمەوێت کۆی ئەو شتانە باس بکەم کە لە کتێبەکانی دایکم ونن و نەنوسراونەتەوە، وەک چۆن ڕووداوەکانی دوای مەرگی ئەو بەشێکی زۆری ترس و گریمانەکانی هێناوەتە دی، ئوسامە لەژیان نەماوە، دوای ئەوەی کرا بە سەرۆکی وڵات و بەنەخۆشیەکی کوشندە سەخترین ڕۆژەکانی تەمەنی بەڕێکرد، لاس دوای ئەوەی کۆی ئەفسانەی سەلیمی بەتاڵ کردەوە ئەویش مرد، وەک ئەو پاڵەوانە ئەفسانەییەی کاتێک دێوەکە دەکوژێت، بەهۆی پتەوی جەستەی دێوەکە خۆشی دەمرێت.

کەسیش شتێک لەبارەی فەریباوە نازانێت، زۆر جار باس لە مردنی دەکرێت، هەندێک جاریش دەووترێت گوایە لەناو نوێن کەوتووە، بۆ ئەوەی کەس بەو دۆخەی نەزانێت، چوار خانمی

پەرستاری سەنگافوریان بۆ هێناوە تا چاودێری بکەن، بەبێ ئەوەی هیچ کەسێکی خانەوادەکەی بەلایدا بچن، شەوێکیان درەنگ کاتێک تەواوی پاسەوانەکان بە پاسێک دەگوازرێنەوە بۆ فەرماندەیی سوپا، گوایە سێ رۆژ ئیسرائیلیەکان مەشقی تایبەتیان پێ دەکەن، هەر ئەو شەوە پاسەوانی نوێ دەهێنرێن، کە دەردەکەوێت پاسەوانەکانی تریفەن، ئەو شەوە تریفە بە ماشێنێکی تایبەت لەبەر دەرگای کۆشکی فەریبا دادەبەزێت، دەچێتە ژوورەوە و سەردانی دەکات، بێ ئەوەی کەس لەو بارەیەوە شتێک بزانێت، هەڵبەت ئەو نهێنیە پەرستارێکی سەنگافوریی بە پاسەوانێکی ئەوێی وتووە، پاسەوانەکەش لەدەمی دەردەچێت لەماڵەوە لای یەکێک لەبراکانی باسی دەکات، براکەی ئەو کوڕە دەبێت کە رۆژێک لەچایخانەکەی جارانی مندا باسی لە ڕاسکۆلینکۆف دەکرد، کە دەبێت مرۆڤ بەم شێوەیە بێت، هەر ئەو کوڕە هاوشێوە ڕاسکۆلینکۆفە کە قەت ناتوانێت لەڕاستیدا وابێت، چونکە ئەو جۆرە ئەویندارانەی کتێب، بۆیە لەگەل کتێب هەڵدەکەن، چونکە رۆژێک ناتوانن فیشەگێک بتەقێنن، هەواڵەکە دەگەیەنێت بە سەرنوسەری رۆژنامەی کۆمۆنیستەکان، ئەوانیش وەک مانشێتی ڕۆژنامەکە بلاوی دەکەنەوە.

هۆمەر ئێستا لەسەر کورسی سەرۆکایەتی دانیشتووە، ئەوەی ماوە هەڕەشەکانی تریفەیە، کە بەکوشتنی مێردەکەی دەست پێدەکات، دواتر وەک لیدی ماکبێسی شکسپیر تەواوی

مەملەکەت دەکات بە خوێن، من لەکتێبخانەکەی حەبیبەی دایکم چوار شانۆنامەی شکسپیرم خوێندەوە، "هاملێت، ئۆتێللۆ؛ رۆمیۆ و ژۆلیێت، ماکبێس" وەک ئـەوەی بە مەبەست تەنیا ئەو چوار کتێبەی شکسپیری پاراستبێت، تارمایی هاملێت وەک گەڕانەوەی چیرۆکی خەیاڵی سەلیم و لیدی ماکبێس کە پێشبینی خوێناوی بوونی عەرشی تریفەیە، رۆمیۆ و ژۆلیێت وەک ڕەمزێک بۆ چیرۆکی خۆی و باوکم، ئەوەی تا ئێستا تێی ناگەم، شانۆنامەی ئۆتێللۆیە، چ نهێنیەک پەیوەندی بەو رووداوانەوە هەیە.

## کتێبی ڕوناکی عەقڵ
## بەشی دووەم: ژیان لەکوێیە؟
## جیاوازیەکانی منی خوێنەر لەگەڵ کارەکتەردا

پەیوەندی من بە تێکستەوە بەتەنیا خوێندنەوەی تێکست نیە، هێندەی نووسینەوەی سەر لەنوێی تێکستەکەیە، ئەوە بەو مەبەستەیە تاوەکو بتوانم جیاوازیەکانی خوێنەر بوونم لەتەک کارەکتەری تێکست بدۆزمەوە، پڕۆسەی دۆزینەوە.. دارشتنەوەی ماناکانی ناو تێکست نیە، هێندەی نووسینەوەی ژیانی خۆمە، لێرەوە بەبێ ویستی خۆم لەخوێنەرەوە دەبم بە نووسەر.

لێرەدا خوێنەر و کارەکتەر، هەردووکیان دایکن، منی خوێنەر وەک دایکێک و کارەکتەری ناو ڕۆمان وەک دایکێک کە دایکی جاروملە، ئێمە وەک دوو دایک هیچ جیاوازیەکمان نیە، هەردووکمان دەمانەوێت کوڕەکەمان نمونەی باڵا بێت، کوڕەکەی ناو تێکست بەویستی دایک ڕەفتار دەکات، تەنانەت دەبێت بەو مرۆڤەی کە دایک خوازیارە، ڕێک بە پێچەوانەی من، کوڕەکەی من تەواو بەدژی خەونی من دەبێتەوە، لێرەوە

جیاوازی نێوان ژیان و خەونی من لەتەک تێکست دەردەکەوێت، مەعریفە خاڵی بنەرەتی دایکە بۆ کوڕ، یەکەمیان بەرەو ڕووی دەچێت، ئەویتریش کە کوڕەکەی منە، بە تەواوی دژی مەعریفە دەوەستێتەوە، لێرەدا جیاوازی دەبێتە خاڵی دەرکەوتنی ململانێ لەنێوان مەعریفە و نەزانیندا، بەڵام ئاخۆ لەدەرەوەی ئەو ململانێیەوە چی لەژیان دەگۆڕێت، ئاخۆ مەعریفە دەتوانێت ئاراستەی ڕووداوەکان بگۆڕێت؟

با بیر لە جارومل بکەینەوە بوو بە شاعیر.. نیگارکێش بوو، بەڵام مەعریفە کۆمەکی نەکرد، هەر بووە بە شێک لە دەسەڵات، شیعر بۆ ئەو ستایشکردنی دەسەڵاتی شۆڕش بوو، لەکاتێکدا دارا وێنەی جارومله بەشێوەیەکیتر، ئەو نە بەرەو مەعریفە هات.. نە ستایشی دەسەڵاتی کرد، بەلام ڕووخساری جارومل تەواو دەکات، بەهۆی کارکردنی لەچاپخانەکەدا، تخونی سیاسەت ناکەوێت، دەسەڵاتیش دڵخۆشە بەو خەسڵەتی بێدەنگیە، گەر ستایشیت نەکرد، پێویستە بێدەنگ بیت، ئەوە سەلماندنی ئەو ڕاستییە کە ململانێ لەنێوان نەزانین و مەعریفە هاوکێشەکە یەکسان دەکاتەوە.

جیاوازی نێوان دوو دایک، یەکێکیان کارەکتەری ڕۆمانێک نووسەر دەیگێڕێتەوە، لەگەڵ ئەویتر کە خوێنەرە، من نوێنەرایەتی دەکەم، لەچەندین ئاستدا جیاوازین، جیاوازیەکانمان وا دەکات، منی خوێنەر بەگژ ڕابردووم بچمەوە، نەک بۆ ئەوەی وەک کردار بیگۆڕم، هێندەی هەستێکی ئەخلاقی وام لێدەکات تێبگەم،

ئەوەی تیای بووم بەهەموو شادی و ئازارەکانی فۆڕمی ڕەهای ژیان نەبوو، ژیان لەشوێنێکی تردایە، شوێنێک کە من تیایدا نەبووم.

چێژ وەرگرتن لەجەستە بۆ منی خوێنەر، زادەی تێگەیشتن بوو لەناو مەعریفەی کتێب، بۆ ئەوەی هەر هەمووی چڕ بکەمەوە بۆ ڕۆژێک کە دەچمە ناو ژیانی هاوسەری، هەر واشمکرد، جەستەی من ئەو ساڵانە مانایان هەبوو کە لەگەڵ هێمن بووم، ئارامیەک لەناو نوێنەکەماندا بوو، هەستم دەکرد چێژی مەعریفە نووسینەوەی ڕووداوە لەناو نوێندا، بۆیە ئەوە جیاوازی بنەرەتی من و دایکەی ڕۆمانەکە بوو، یەکەم پیاو کە لەگەڵی خەوتم، هەر ئەوە بوو کە بە دڵ خوازیاری بووم، ئەوەی ئێمە کۆ دەکاتەوە، هەردووکمان لەبوونی کوڕەکانمان چێژێکی سەیرمان پێ بەخشرا، بەوەی مەمکمان دەخستە دەمی کوڕە ساواکانمان، جەستەمان بە تەواوی بە بێ شەرم بەتەنیشتیانەوە پاڵ دەکەوت، شەرممان لە ڕووتی خۆمان نەدەکرد، ئەگەر دایکی جارومل هەرگیز لەگەڵ هاوسەرەکەی نەگەیشت بەو چێژە، بەدڵنیاییەوە من لەگەڵ هێمن خێرا پێی گەیشتم، دارا تەواوکەری وێنەی پیاوبوون بوو، بۆیە کاتێک باوکی مرد، دەموسیت جل وبەرگەکانی لە فۆڕمی باوکی بۆ هەلبژێرم، تا هەست بکەم، پیاوێکی هەمیشەییە، هێمنە بە منالی، بووە بە منالی من.

ئەزانم بەدرێژایی ئەو لاپەڕانە دەتانەوێت خەیاڵتان بۆ ناو

ڕۆمانەکە بەرنەوە، تاوەکو جیاوازی و لێکچوونەکان بخەنەوە ناو خەیاڵتان، ئەوەش چێژێکی دوو تێکستان پێ دەبەخشێت، وەک چۆن منیش ئەزموونی هەمان چێژم کردووە، بڕوام وایە کارێکی باش دەکەن، دەکەونە لێکدانەوەی کارەکتەرە ئەدەبی و واقعیەکان، لەنێوان دارا و جارومل‌دا، هیوادارم ڕۆژێک بێت دارا بۆ خۆی ئەویش ئەو کارە ئەنجام بدات، ڕەنگە بۆ ئەو چێژ مانایەکی فراوانتری هەبێت، کە ئارەزووم دەکرد وەک جارومل دۆست و ئەویندراری تابلۆ و کتێب بێت، کە بەداخەوە نائومێدی کردم و دژە کتێب دەرچوو.

کوڕەکەم هیچ مامۆستایەکی نەبوو، تەنانەت باوەری بەوەش نەبوو من مامۆستای ژیانی بم، بەتایبەت دوای مەرگی باوکی، هەستی کرد دەبێت وەک پیاو ڕەفتار بکات، ئەو زۆر مناڵ بوو کاتێک ئەو هەستەی لەلای درووست بوو، لەڕاستیدا ڕازی بوون و ویستی بۆ چایخانە بەهۆی کارەکەوە نەبوو، هێندەی دەیویست لەدەرەوە وەک پیاو بناسرێت، کەسێتی خۆی درووست بکات، لەو بارەدا ئەو سەرکەوتوو بوو، بەلام هەرگیز نەبوو بەوەی کە من و باوکی خوازیاری بووین، باوکی هەمیشە دەیویست گەر وەک ئەو نەبێت بە شاعیر، بەلاّم دەکرێت کاری هونەری بکات، ڕاستە من هیچ کاتێک لەبارەی شاعیری هێمن قسەم بۆتان نەکرد، چونکە خۆی باوەری وابووئەو هیچ کاتێک وەک شاعیر خۆی نەبینی، هێندەی چێژی خوێندنەوە وەک خوێنەرێک سەرنجی پێ یادداشت دەکرد،

پێمم وابێت لەو بوارەدا من و ئەو تەواو هاوشێوەی یەکتری بووین، هێمن لەو کوڕە بێدەنگانەی ئەم شارە بوو هیچ کاتێک نەیدەویست وەک شاعیرێک دەربکەویت، هۆیەکەشی بەگرنگی سەیرکردنی کاری ئەدەبی بوو، کە ئەوەی ئەو ئەنجامی دەدات زادەی چێژ وەرگرتنی خودیەتی، هەر ئەوەش وایکرد هیچ بەرهەمێکی وەک من بلاو نەکاتەوە، بەلام خولیای سەیری بۆ خوێندنەوە هەرگیز دووری نەکردەوە لەکارەکەی، تەنانەت کارەکەی خۆی لەرێی کتێب خوێندنەوە، فێری چاککردنەوەی تەلەفزیۆن و ڕادیۆ ببوو، هەندێک کات هەوڵی دەدا جۆرە ئامێرێکی وەک گرافۆن درووست بکات، ڕەنگە بۆ رۆژگاری دواتر شتێکی ئەوتۆ نەبێت، بەڵام بۆ سەرەتای رۆژانی جەنگی نێوان عێراق و ئێران، گەر دەولەت بیزانیبوایە کارێکی لەم چەشنە ئەنجام دەدات، گومان لەوەدا نەبوو سێدارە دەبووە چارەنووسی، یەکێک لەو کارانەی ئەنجامیدا لەرێی ڕادیۆیەکی کۆن کە وەک تەلەفۆن بەکار دەهات، دەتوانی لەمەودایەکی دوور بە مایکێک قسە بکەیت و لەڕادیۆکە گوێت لێی بێت، بەتایبەت کە لەدوکانەکەی بوو، لەکاتی ژیانی هاوسەریمان، لەوێوە کاتی پشووەکانی کە دەمزانی کەیە، دەچووم ڕادیۆکەم دادەگیرساند قسەی بۆم دەکرد، یاخود دەیووت کە ئەو شتانە دەکرێت و ئەو کاتە دێتەوە ماڵەوە، وابزانم بۆ خۆی پڕۆژەکەی ئەوە بوو چۆن ئێستگەی ڕادیۆیی درووست دەکەیت.

ئەگەر دایکەکەی کۆندێرا کەوتە ئەوینی مامۆستای کورەکەی کە هونەرمەندە شێوەکارەکە بوو، بەڵام من هەر

بەڕاستی دوای مەرگی هێمن کەوتمە خۆشەویستی میلان کۆندێرا و عاشقی بووم، هەر ئەو بوو مانای ئازادی و خودای لەلا گەورە کردم، هەڵبەت بەپێی تێگەیشتنی خۆم، خاڵێکی گرنگی جیاوازی ئێمە لەوەدا بوو هێمن لەو رۆژەی منی ناسی هەرگیز خیانەتی لێم نەکرد، هیچ کاتێک پەیوەندی لەگەڵ هیچ ژنێک نەبوو، بەڵام بەر لەمن دوو کچ کەوتوونەتە ژیانی لە دوو قۆناغی جیاواز، بۆ یەکێکیان شیعریشی نووسیبوو، بەڵام بەدوای ئاشنابوونی ئێمە بەیەکتری ئیتر هەستی کرد من ئەو کچەم کە لەناو شیعردا بەدوای گەڕاوە، تەنانەت جارێکیان ووتی کاتێک شیعری ڕاستەقینەت دەست کەوت، پێویست ناکات لەناو تێکستی شیعری بۆ شیعر بگەڕێیت.

ئەو باسی لەو ئێوارەیە کرد کەوا لەکۆڕێکی شیعری عەبدوڵلا پەشێو یەکتریمان ناسی، هۆڵەکە جمەی دەهات، شوێن نەبوو دابنیشم، ئەو لە سووچی ریزەکەی خۆی چەند جارێک لێم وورد بۆوە، ئاگام لێ بوو سەیری دەکردم، دواتر داوای کرد کە لەشوێنەکەی ئەو دابنیشم، هەڵبەت خۆی لەبارەی ئەو چرکە ساتەوە باسی لەوە دەکرد، هەستم بە بایەکی فێنکی نێوان درەخت دەکرد، کاتێک رێگایەکی گەرمت بڕیووەو لەسەرە ڕێ درەختێک دەبینیت و پشوویەک دەدەیت، بینینی تۆ ڕێک ئەو هەستەی بەخشی، وابزانم جاری دووەممان لەناو کتێبفرۆشیەک یەکترمان بینی، نا هێمن وا نیە لەوێ نەبوو، تۆ لە قاوەخانەیەکی هاوینەی بەر دەرگا دانیشتبوویت، منت بینی،

منیش خەندەیەکم کرد ودوام کەوتی، ئەوە بوو خۆم کرد بە کتێبفرۆشیەکە، بیانووت هێنا، هاتی گوایە بەدوای کتێبی "کلیلە و دیمەنە" دەگەڕێیت، ئەریێ هەر بەڕاست ناوی ئەو کتێبەت چۆن هات بە زمان، چەند خۆش بوو کتێبفرۆشەکە نەیبوو، من وتم هەمە ئەتوانم بۆت بێنم، ئەزانی درۆم دەکرد من هەرگیز ئەو کتێبەم نەبوو، بەڵام هەوڵێکی زۆرمدا تا بۆت پەیدا بکەم و بەو بیانووە یەکتر ببینین.

بۆیە خۆشەویستی بۆ من هەمیشە لەسنوری ماڵدا بوو، کاتێک هاوسەرەکەم مرد، ئەو خۆشەویستیە پەڕیەوە بۆ کوڕەکەم، دەمتوانی خۆشەویستی دڵم هەمووی بەو ببەخشم، سەرباری ئەوەی ژیانم لەگەڵ کتێبەکان بەشدەکرد، ڕۆمانووسە چیکیەکە وایکرد بیر لەهیچ پیاوێک نەکەمەوە، لەرێگەی ئەو دەمتوانی هەموو رۆژێک هاوسەرەکەم بێنمەوە ناو ژیان، تا ئاستی ئەوەی کەلێنێک بۆ خۆشەویستی لەژیانی مندا نەمابوو، من دوو پیاوم هەبوو، هێمن و کۆندێرا، بەڵام ئاخۆ وەک دایکی ناو ڕۆمانەکە هەستم بە پەشیمانی و تاوانباری دەکرد؟ بەهیچ جۆرێک ئەو هەستەم نەبوو، چونکە هێمن چۆن مردبوو، هەرگیز وەک جەستە زیندوو نەدەبۆوە، کۆندێراش هەمان مانای هەبوو بۆ من، بەڵام لێتانی ناشارمەوە ئەو رۆژەی هەواڵی مەرگی ئەو ڕۆماننوسە دەبیستم، من لەژێر خاکدام، نازانم ئاخۆ لەژێر خاکدا من ئەو دەبینم، ئاخۆ هێمن پێی ناخۆش دەبێت ئەو دیدارە ڕوو بدات؟

هیچ کاتێک کارێک ناکەم کە ئەو ئازار بدەم، بەتایبەت بۆ من کە گرنگترین شتێک لەژیان فێری بووم ئەوەیە، خۆشەویستی وێنەیەکی بەرجەستەکراوی بینراو نیە، خۆشەویستی بریتیە لەوێنەیەکی ڕۆحی بەبێ پێکەوە بوونی جەستەیی، بەڵام هەمیشە پێکەوەن، هەندێکجار وەک پەیوەندی من و ئەو نووسەرە بەبێ یەکتر بینینیش، بەبێ ئەوەی ئەو پیاوە هەرگیز ناوی منی بیستبێت، کەچی من هەستم بە پەیوەندیەکی رۆحی دەکرد، هەمیشە لەدلمدا دوو پیاو هەبوون، بۆیە بەلاتانەوە سەیر نەبێت کاتێک ببینن، وێنەی هەردوو پیاوەکەم کۆندێرا و هێمن لەژوورەکەم هەڵواسراون، هەندێک جار لەناو خەو بە ئاگا دێم، درەنگانێکی شەوە دنیا کش وماتە، خۆم ڕووت ئەکەمەوە، ئەو دوو پیاوە سەیرم ئەکەن، چاوم تێئەبڕن، من جەستەیەکی ئازادم هەیە بۆ نیگای ئەوان، تاوێکی زۆر لێیان وورد ئەبمەوە، دڵنیایان ئەکەمەوە، هیچ پیاوێک وەک ئەوان نیە، نیگەران نەبن، هەرگیز کەسێکیتر نابێت لەژیانم وەک ئەوان بێت، خێرا باسی دارا دەکەن، پێدەکەنم و دەڵێم ئەوە ئێوەی پیاو بۆ وان، لەهەر ئاستێک بن، کەچی وەک منداڵ وڕک دەگرن و گومان دەکەن.

هێمن..! دارا کوڕی تۆیە لەمن و تۆ هاتۆتە دنیا، من بەهۆی ئەو توانیم بوونی تۆ لە ماڵەکە ببینمەوە، کۆندێرا تۆش کە ڕۆماننووسیت یانی چی دەتەوێت ئیرەیی بە پەیوەندی من و کوڕەکەم بەریت، ئەو منداڵمە، وەک چۆن ئەو پیاوە هاوسەرم

بوو، بەهەمان شێوە تۆش ئەویندار ی ڕۆحیمیت.

ئەگەر جارومل و دایک بەهۆی شۆڕشەوە تا ڕادەیەک لێکتر بترازێن، ئەو ترازانە بۆ من و دارا بەم شێوەیە نەبووە، ڕاستە سەرەتا وەک هەر گەنجێک ئەویش دڵی بە حزب خۆش بوو، بەڵام رۆژێک دێت، بەتایبەت ئەو کاتەی دەستنووسی سەلیم و کچەکانی دەکەوێتە دەست، ئەوسا لەزۆر شت تێدەگات، بەڵام بۆ من ئەو رۆمانە دەرخەری ئەو ڕاستییە بوو کە سەلیم و نەوەکانی هەمان دیدیان هەیە لەپێناو خوێناوی بوونی خەونی نەوە نوێیەکان، بەتایبەت هیچ شتێک نەماوە، ئەوەی هەیە تەنیا کۆمپانیا و بازرگانیە لەپشت ناوی حزبەوە، لەشکرێک شاعیری وەک جارومل ئامادەن لەرێی شیعرەوە ستایشی سەلیم و نەوەکانی بکەن، بەوەی حزب پرۆژەی ژیانێکی نوێیە بۆ ئەوان، بەلام رۆژگارێک دێت، رۆژگاری دوای مردنی من، باسکردن لە عەفلەق چەندە باسکردنە لە فاشیزم، سەلیم و نەوەکانی بەهەمان شێوە شەرمەزاربوونی مرۆڤە، کە چۆن لەرۆژگاری کۆندا، گەنجان توانیویانە ڕازی بن بەوەی ئەوانە سەرۆک و ڕابەریان بن، ئەوسا قسەکردنەکان هەمووی دەچنە ئەو دۆخەوە کە چۆن لەگەڵ هاتنی هێزە کوردیەکان لەشاخ و ئەو دیوو سنورەکانەوە نەک ئازادیان نەهێنا و کولتوریان ئازاد نەکرد، بەڵکو ئاکارێکی کۆنیان هێنا بۆ کوشتنی ژنان و بەتاڵانبردنیان، لەپاڵ کوشتنی تەواوی دامەزراوە فەرهەنگیەکان، ئەوان بوون

سوکایەتیان بە ئەدەب و هونەر کرد، ئەوەی ویستیان کردیان بە داهێنەر، ئەوانیتریشیان ناچار کرد سەری خۆیان هەڵبگرن و جارێکیتر نەگەڕێنەوە نیشتمان.

## من لەناو ڕۆمانەکەی کۆندێرا و کتێبەکەی دایکمدا

کتێبە گرنگەکەی دایکم نەک تەنیا بۆ من، بەڵکو بۆ زۆربەی توێژی کتێب و خوێندنەوە وەک مانیفێستی ژیانی نوێ سەیر دەکرێت، ڕەخنەیەکە لە ڕابردویەکی نزیک، تێگەیشتنە بەوەی چیتر سیاسەت درۆمان لەگەڵ نەکات و سەلیمەکان ئیدی فریومان نەدەن، ناشکرێت سیاسی ڕاستگۆ هەبێت، مادام سیاسیە دەبێت درۆزن بێت و بمانخەڵەتێنێت، ئەو کتێبە ئەگەرچی لەڕوانگەی ڕۆمانەکانی میلان کۆندێرا هاتە ناو ژیانی کوردیی، بەڵام دەروازەیەکی گرنگ بوو بۆ قسەکردن لەخۆمان، کارێک کە چەندە وایکرد ئەو ڕۆماننوسە بخوێندرێتەوە، بەهەمان شێوەش بوارێکی فراوانتری بە ئێمە بەخشی، بۆ چۆنیەتی قسەکردن لەوانەی ڕوویاندا، بۆ ئەوەی بپرسین: چی کاری کولتوریی بەم ڕۆژگارە خراپە گەیاند؟ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من تێناگەم، پەیوەندی من بە ڕۆمانەکەی کۆندێراوە چیە، هەست بەوە ناکەم هیچ نزیکیەک هەبێت لەنێوان من و جاروملدا، بەڵکو ڕێک بە پێچەوانەوە، مرۆڤێکە تەواو بە

پێچەوانەی منە، من نە کێشەی سیاسیم هەبووە نە کێشەی کچم هەبووە، جا خوا نەیبڕێت لەکوێ هەمبێت، وەک ئەوەی وەک ئەورووپا بووبێت تاوەکو نیازمان لەگەڵ هەر کەسێک بێت بتوانین لەگەڵی بین، تازە خەریکە کەمێک بوارەکە بۆ گەنجان باشتر دەبێت بەهۆی تەکنەلۆژیا و بوونی هەندێک شوێن، من نەک بەو جۆرە خەریکی سیاسەت نەبووم، بەلکو راستە وێنەی ئوسامەم لەکاتی هەڵبژاردنەکان بەچایخانەکە هەڵواسی بوو، وابزانم لەگەڵ مردنی سەرۆک ئوسامەش من جارێکیتر نەمهێشت کەس هیچ پۆستەرو وێنەیەک لە چایخانەکەی ئێمە هەڵبواسێت.

هەرچی سەبارەت بە کتێبەکەی دایکمە، ڕێک هەستی کردووە لەداهاتوو من دەبم بە کەسێکی تر و ژیانم تەواو دەگۆڕێت، دەرگای ڕوناکی لەو دەستنووسانە دەکەمەوە تا ژیانی خۆیان بژین، ئێستە ئەو رۆژگارەیە کەوا من شانازی بەخۆمەوە دەکەم، کارێک کە دایکم خوازیاری بوو، من ئەوەم ئەنجامدا، ریگا ڕاستەقینەکەم دۆزیەوە، ئەوەی دایکی جارومل لەڕێی کوڕەکەیەوە خەونی پێوە دەبینی، بەڵام کوڕەکەی مردو خەونەکە نەهاتە دی، کەچی ئەو خەونە من بۆ دایکمم هێنایە دی.

ئەو قسەیە ڕاستە کەس مامۆستای ژیانی من نەبوو، بەڵام دوای مەرگی دایکم، ئەوسا یەکەم مامۆستای ژیانم ناسی، دایە تۆ دوای مەرگت لەرێی نووسینەکانتەوە بوویتە گەورەترین

مامۆستای ژیان، نووسینەکان ئەگەر لەساتەوەختی خۆیان هیچ کاریگەریان نەبێت، رۆژێک دێت هەژان و خورپەمان تیا درووست دەکات، چاپچیەکی وەک من بەتەواوی دەگۆڕێت بۆ مرۆڤێکیتر، مرۆڤێک نەک تەنیا پرسیار لەخۆی بکات، بەڵکو بەو پەڕی بڕواوە کار لەسەر تێگەیشتنی خۆی بکات، تێبگات ژیانی رابردووی چۆن بەهەدەر داوە، بەڵام بۆ من هیچ کاتێک درەنگ نەبوو، تەنانەت گەر یەک رۆژ لەژیان مابوایە گرنگ بوو، بە ئاگا هاتمەوە و دڵنیابم لەوەی ژیان وا لەشوێنێکی ترە.

## مەلیکە دەبێتە ڕۆماننوس

پرسیارێک بۆ هەموومان جێگای تێڕامانە، شوێنی مەلیکە لەکوێی حیکایەتی ژیانە؟ ئەو پلەیەکی ڕەمزی ناو خانەوادەیە، هیچ کارێکی پێ ناسپێردرێت، جگە لەوەی تەنیا لەکاتی دەست بەتاڵی ئەو چیرۆکانە بگێڕێتەوە کە ئارەزووی دەکات، ئەوە حزبە دەتوانێت ئەو بکاتە داهێنەری وڵات، تەنانەت وەک ڕەمزێکی ئەدەبی خانەوادە تەماشای بکات، بۆیە بۆ کاری دەست بەتاڵی خۆی خەریکی نووسینی ڕۆمان دەبێت، هەوڵ دەدات ئەو چیرۆکانە بگێڕێتەوە کە پەیوەندی بە ژیانی سیاسیەوە هەیە، لەپاڵ هەندێک قوربانی ئەوینداران کە چۆن بەهۆی خۆشەویستی بۆ حزب و نیشتمان دەستبەرداری خەونی ئەوینداری دەبن، خۆیان دەکەن بە قوربانی بۆ خاک، پلانەکەش زۆر ڕوونە، خەلکانی وەک ئێمە ڕەنگە ئەو وەک نووسەر نەبینین، بەقەد ئەوەی وەک خراپترین چیرۆکنووسی هەشتاکانیش سەیری نەکەین، ئەو دەییە کە لەگۆڤارەکانی کاروان و بەیان هەندێک چیرۆکنووس پەیدا بوون کە چیرۆکەکانیان چەندە خراپ بوون، هێشتا لە ڕۆمانەکانی مەلیکە

باشتر بوون، لەپڕ کتێبەکانی ژنەکەی سەلیم بە قەبارەی جیاواز و چاپی نایابەوە چاپ دەکران، یەکەم کتێبی لە چاپخانەیەکی پاریس چاپکرا، دواتر چاپی کتێبەکانی دەباتە ئێران، چونکە لەو ڕێگایەوە ئاسانتر کتێبەکانی دێنەوە کوردستان.

ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی حزب دەکەونە بلاوکردنەوەی وتار لەبارەی ڕۆمانەکانی، تەنانەت گۆڤارێکی ئەهلی کە وا خۆی نیشان دەدات دیدی ئەدەبی ڕەخنەیی لەسەر دەسەڵات بڵاو دەکاتەوە، لەپڕ دۆسییەکی تایبەت بۆ رۆمانەکانی مەلیکە دەکاتەوە، ئەوەی سەیرە دیارترین نووسەرەکانی ئەم ڕۆژگارە دەکەونە ستایشی ئەو ژنە نووسەرە، تەنانەت یەکێک لەو نووسەرانە لەوتارێکدا کتێبەکانی بەراورد دەکات بە کتێبێکی ژنە فێمێنستی فەڕەنسی سیمۆن دی بۆڤوار، ئەو نووسەرە دەنووسێت "مەلیکە لەرێی کۆ ڕۆمانەکانی مژدەی ژنێکی فێمێنیستمان پێ دەدات، وا هەست دەکەین کتێبی من و سارتەر وسیاسەتی سیمۆن دی بۆڤوار دەخوێنینەوە"

رەنگە لەژیانی ئەدەبیدا ڕستەیەکی لەوە پێکەنیناویترم نەخوێندبێتەوە، ئەو ژنە کوڵەوارە نەک نازانێت فێمێنیزم چیە، بەڵکو لەژیانیدا ناوی سیمۆن دی بۆڤواری نەبیستبوو، ئیدی دۆسییەی ئەو گۆڤارە بووە هۆی ئەوەی ئەو بکرێت بە داهێنەر و خەڵکانێکیش بە بێ هیچ تێگەیشتنێک باسیان لەرۆمانەکانی دەکرد، لەپڕ لەدانیشتنە ئەدەبیەکان بۆ ئەوەی وەک رۆشنبیر تەماشا بکرابوایت، دەبوایە قسەت لەڕۆمانەکانی

ئەو بکردبایە، ئەوەی سەیر بوو، هەواڵێک بڵاو بۆوە گوایە ئەو ژنە شانۆنامەیەکی نووسیوە نەک لەمێژووی کورد، بەدرێژایی شانۆی ناوچەکە تێکستی شانۆیی لەم جۆرە نەنووسراوە، کاتێک وەک کتێب چاپکرا، ڕەخنەگرێکی شانۆیی پێشەکی بۆ نووسیوەو تیایدا دەڵێت "ئەگەر ناوی مەلیکە بەسەر ئەو شانۆنامەیە نەبێت، من وا هەست دەکەم شانۆنامەیەکی هارۆلد بنتەر دەخوێنمەوە"

دواتر هەر ئەو ڕەخنەگرە پێشنیاری ئەوە دەکات، ساڵانە لە ٢٧ ی ئادار، رۆژی جیهانی شانۆ میدالیای ئاڵتونی مەلیکە بۆ شانۆکاری ساڵ بدرێت بە شانۆکارێک، ئەوەش دواتر کرا بە نەریتێک و تا ئێستاش بەردەوامە.

هەموو ئەمانە وایکرد سەلیم بەشێک لەپرۆژەکەی پتەوتر بێت، بەتایبەت لەڕووی کولتوریەوە خەونەکانی بەهێزەوە بێنێتە دی، خانەوادەکەی وەک نمونەی باڵای کولتوور وێنا بکات، بەوەی ئەوان کۆی ئەندامانیان کارەکتەری چالاکی کولتوورین و زەمینەی حزب هی ئەوانە، لەولاوەش مناڵەکانی حزب خۆیان بە خانەوادەی مامۆستاکەیان با دەدەن، بەوەی ئەوان بەرهەمی عەقڵیەتێکی تازەگەری ناو خانەوادەی سەلیمن، کۆی خانەوادە داهێنەری سیاسەت و ئەدەب و هونەرن.

## بەراوردێك لەنێوان
## سەلیم و میشێل عەفلەق

سەرەتای ئەو وتارە لەناونیشانەوە خوێنەر ڕووبەرووی ئەو پرسیارە دەکاتەوە، ئاخۆ بەڕاست ئەو دوانە لەیەکتر دەچن، تا نووسەری ئەم وتارە بەیەکتریان بەراوورد بکات؟ یەکەم پرسیارێک کە لەخۆتی دەکەیت ئەوەیە یەکیان شۆڕشگێر و ئەویتر فاشی چۆن لەیەکتر دەچن؟

بۆ ئەوەی هەر لەسەرەتاوە گومانەکانت بڕەوێنمەوە، ئاخۆ ئەویتریش وەک ئەوەی خۆمان بۆ بەعسیەکان ڕابەرو مامۆستا و شۆڕشگێر نەبوو، دەی ئێستا من لەتۆ دەپرسم: ئەویش وەک سەلیمەکەی تۆ نەبوو؟

من تۆ بە پرسیاری خۆمەوە خەریک ناکەم، هێندەی دەمەوێت هەندێک نزیکی تێگەیشتنی فیکری ڕوون بکەمەوە، دەبێت ئەوە بزانین شۆڕشگێرەکان بۆ گرووپێک مانای ڕەمزی دەگەیەنن و بۆ ئەوانیتریش دەبنە فاشی، ئەوە ڕەنگە خوێنەرانێکی تەواو تووڕە بکات و ناکۆک بن لەگەڵیدا، بەڵام ئاخۆ هیتلەر بۆ نازیەکان فاشی بوو؟ بەڵام لەهەمان کاتدا بۆ جولەکەکان

بە باوکی فاشیزم دەناسرێت، ئەو دوو سیاسیەی من لێرەدا بەیەکتریان بەراوورد دەکەم، لەهەموو شتێکدا لەیەکتر دەچن، هەردووکیان ناتوانن کارەکتەری چالاکی ناو سیاسەت بن و سیاسەت بکەن، بۆیە لەرێگەی نووسین و کتێبەوە خۆیان وەک رەمزی سیاسی وێنا دەکەن، ئەوە تاکە پردی پەڕینەوەی ئەوانە بۆ ناو سیاسەت، بۆ ئەوەی گروپە سیاسیەکانیان ببن بە خاوەنی ئایدیای ڕوون، بۆیە گروپە سیاسیەکانیان دلخۆش دەبن بەوەی حزب ڕابەرو بیرمەندی خۆی هەیە، ئەو دوانە کە دەبنە ڕەمزی شۆڕشگێری و سیاسی، لەئێستادا هێندەی ڕووە فاشیەکانیان بۆ کۆمەلگای کوردی و عەرەبی دەرکەوتووە، ڕووویەکی تریان نیە، ئەو دوو مرۆڤە نووسین لەلایان بەهایەکی ئەخلاقی نیە، بەقەد ئەوەی گەمەیەکی فیکریە کە چۆن خوێنەرەکانیان گەوج بکەن، بەتایبەت ئەو لەشکرە نەخوێندەوارانەی لەناو حزبدا تەنیا ستایشکارو گوێگرن، بۆیە تەواوی زانست و ئاین و ئەخلاق بەلا ڕێدا دەبەن، وەک ئەوەی دەیانەوێت بەم فۆڕمە وێنای دەکەن.

لەناوەراستی شەستەکانی سەدەی بیستەم کتێبێکی عەفلەق چاپی پێنجەمی دەکرێتەوە، بەناونیشانی "خاڵی سەرەتا" ئەو کتێبە مانیفێستی ڕاستەقینەی بەعسیەکانە لە عێراقدا، تا رۆژی ڕووخانی ئەو حزبە تەواوی برگە و دێری ئەو کتێبە بەپێی ڕۆژگار دەهێنرێتە دی، هەر لەسەرەتاوە نووسەری ئەو کتێبە گەمەیەک دەکات، بەوەی دێت کۆلاژێک درووست

دەکات لەنێوان گوتاری مارکسیزم و کۆمەڵگای عەرەبی، کەچی دواتر خۆی لەو کۆلاژی فیکریە دەرباز دەکات، خۆی بە ڕۆڵەی ڕاستەقینەی ئەو گوتارە دەزانێت، خێرا دەکەوێتە دژایەتی سۆسیالیزم، لەبەر ئەوەی دەیەوێت کۆلاژێکیتر بێنێتە نێو وێنەکە، ئەویش ئاینە و دەنووسێت "کۆمەلگایەکی داخراوی عەرەبیم زۆر پێ باشترە لەکۆمەڵگایەکی کراوەی سۆسیالیستی"

سەلیم هاوشێوەی ئەو دێت چامەیەکی شیعری درێژ دەنووسێت، بەناوی"ئازاری خاک" باس لەزوڵم و چەوسانەوە دەکات بەدەست ئاغا و دەرەبەگەوە، دواتر دەردەکەوێت ئەوان سەر بە پۆلیسی ئینگلیزن، سەرەنجام ئەوەی دەربازیان دەکات مامۆستایەکی ناو گوندەکەیە، چامە شیعریەکە کەمێک لەچیرۆکێکی لێرمانتۆڤ دەچێت بەناوی "مامۆستای یەکەم" ئەوەیان کاری ئێمە نیە، دەکرێت ڕەخنەگرانی بواری ئەدەبی لەسەری بووەستن، ئەوەی کاری منە تەنیا بەراوردی فیکری و ئایدیۆلۆژی ئەو دوانەیە لەناو کتێبدا.

لێرەدا سەلیم کە خۆی بە مامۆستاکە دەزانێت، دەیەوێت وەک عەفلەق فیکری خۆی بەڕزگاربوونی کۆمەڵگا ببینێت، بۆ ئەوەی دڵنیایی ئەوەمان پێ ببەخشێت، کە رزگارکەری ئێمە تەنیا ڕوانینەکانی ئەوە.

عەفلەق لەکتێبەکەیدا باس لە کورد دەکات بەوەی کوردەکان لەگەڵ بەعسدان، ئەو کەمینەیەی لەگەڵ ئەوان نیە، ئەوانە ژێر

دەستەی ئیسرائیلن و خەڵەتێنراون، ئەوە بۆ خۆی یادهێنانەوەی کورتە چیرۆکێکی سەلیمە کە بە زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی و تورکی لەکتێبێکدا چاپ کراوە، تاوەکو سەرنجی کوردی پارچەکانی تریش رابکێشێت، بەوەی کوردانی هەر چوار پارچە تەنیا بە کتێبەکان وفیکری ئەو ڕزگاریان دەبێت.

لەو کورتە چیرۆکەدا باس لەوە دەکات چۆن کاوەی ئاسنگەر لەگەڵ تەواوی کوڕەکانی کە زوحاک ناچاری کردوون ئاین و زمانی تر بناسن، بەڵام کاتێک لەگەل کاوە دەبن ئیتر زوحاک لەناو دەدەن، لەناو کۆشکی زوحاکدا هەندێک کورد دەبینرێت، وەک خزمەتکاری زوحاک لە کۆشکدا کار دەکەن، لێرەدا سەرباری ئەوەی وەک عەفلەق بیر دەکاتەوە، لەهەمان کاتدا لەرێی ئەفسانەی کاوەی ئاسنگەرەوە دەیەوێت رزگاربوونی کۆمەلگای کوردی لەخۆیدا چڕ بکاتەوە.

عەفلەق دەنووسێت "ئەوەی ئێمە بە کوردەکانی دەدەین، شێوەیەکە لە ئۆتۆنۆمی" دوای سی ساڵ ئەو قسەیە کاری پێدەکرێتەوە، کاتێک ئەنفال ڕوو دەدات و سەرۆک کۆماری عێراق بە جل وبەرگێکی کوردیی ڕەنگ شینی گرانبەها دێتە هاوینە هەوارەکانی کوردستان و ئاهەنگی سەرکەوتنی دەگێڕێت، لەوێدا ئەو قسەیەی عەفلەقمان بیر دەکەوێتەوە، شێوەیەکە لە ئۆتۆنۆمی، واتە هەر کاتێک بمانەوێت سنوری ئەو ئۆتۆنۆمیە دەست نیشان دەکەین و دەیگۆڕین، ئەوەتا لەبڕی سەرکردەکانی شاخ سەرۆک کۆمار ئەو سەرکردەیە

لەوێیە بە جل وبەرگی کوردیی.

سەلیم لە شانۆنامە ناسراوەکەیدا بەناونیشانی ”ئەو رۆژەی باوک دەمرێت“ باس لەکۆتایی شادیەک دەکات، کە ئەو تیایدا دەمرێت و شاخەکان چۆل دەبن، کۆمەڵە گورگێک لەناو دارستانەکان دەسورێنەوە، تا لەپڕ دەزانرێت تارمایی باوک وەک شانۆنامەی هاملێتی شکسپیر دەگەڕێتەوە، گورگەکان کە باوک دەبینن دەکەونە سەر چۆک و سوژدەی بۆ دەبەن، ئەویش بە ئاماژەیەکی دەست هەر هەموویان دەخاتە ڕووباری سیروانەوە، خەڵکەکەش بە جل وبەرگی کوردیەوە دەرژێنە شاخەکان و کەس بیر لە سەرکردە ناکاتەوە، چونکە دەزانن شەوان باوک تارماییەکەی بە ئاسمانە و هەموویان دەپارێزێت.

لەکۆتایی ئەو وتارەدا ئەوەی بۆ من ڕوونە ئەوەیە ئەو دوو مرۆڤە وەک دوو سیاسی نووسەر ویستویانە عەقڵیەتی فاشیستیانەیان وەک ئاسۆی ڕزگاری وێنا بکەن، وەک لەسەرەتاش وتم ئەوەی من بە فاشی دەبینم، دەکرێت تۆ وەک شۆڕشگێر سەیری بکەیت، بەڵام رۆژگارێک دێت دوو نمونەی ڕوونی فاشیستن، کە سەلیم خۆی زۆر باش ئەوەی دەزانی، بۆیە لەرێی ئوسامەوە یەکێک لەدێرە ناسراوەکانی لەناو شۆڕش بلاو کردەوە، کە دەلێت ”عەفلەقی بکوژە.. تا کورد بژی“ کە هێندە بیمار و سەرسامە بەو، بۆیە پێی وایە ئەوان دوو مرۆڤن وەک قابیل و هابیل برای یەک و دوژمنی یەکترن.

## وتارەکەی دایکم بلاو کرایەوە

لەڕێی ڕۆژنامەیەکی کۆمۆنیستەکانەوە، کە بە خۆرایی دابەش دەکرا، وتارەکەی دایکم بلاو کرایەوە، دوای ئەوەی قسەم لەگەڵ سەرنووسەر کرد، بەهۆی ئەو دێرانەی کە لەبارەی مارکسیزم بوون، کە چۆن ئەو دوو نوسەرە مارکسیزم بەکار دێنن وکەچی بێبەری بوون لەو فیکرە، بۆیە پێی خۆش بوو خێرا بلاوی بکاتەوە، ژمارەی پێش بلاو بوونەوەی ڕیکلامێکی بۆ کرد، دواتریش بە وێنەی دایکمەوە وتارەکە بلاو کرایەوە.

ئەوە یەکەم بەرهەمی دایکم بوو کە ڕوناکی ببینێت، بۆیە زۆر سەیر خوێنەران پێشوازیان لەوتارەکە کرد، ڕۆژنامەکە زۆر دلخۆش بوو بەوەی بینی یەک دانە لەرۆژنامە نەمایەوە، ئەوە دڵنیایی ئەوەی بەمن بەخشی کە لەکاتی چاپکردنی کتێبەکانی بەهەمان شێوە پێشوازی لێ دەکرێت، بەتایبەت ئێستا کە چاپخانەکەمان دامەزراندووە، لە مانگی داهاتوو دەست دەکەین بە چاپکردنی یەکەمین کتێبی.

بڕوام وایە کتێبی "ڕوناکی عەقڵ" کە نۆبەرەی چاپکراوی چاپخانەکەمان دەبێت، پێشوازیەکی زۆر باشی لێبکرێت.

ئەگەرچی ڕووداوێـک دوای سێ ڕۆژ ڕوویـدا، ترسی لەناو هەموو شـارەکە بـڵاو کـردەوە، بـارەگـای ڕۆژنـامـەی کۆمۆنیستەکان لەنیوە شەودا تەقێنرایەوە، بەڵام ڕوون نەبوو، ئاخۆ بەهۆی ئەو وتارەی دایکمەوەیە، یاخود بەهۆی هەواڵی نەخۆشکەوتنی فەریبا و سەردانیکردنی لەلایان تریفەوە، هەر ئەمشەوە دەزگای ئاسایش لە بەیاننامەیەکدا لە تەلەفزیۆن بڵاو کرایەوە، ڕووداوەکەی بەستەوە بە کاری گێرە شێوێنی ڕۆژنامەکە، کە هیچ ڕێزێک لەبەهای ئاینی و کۆمەلایەتی و سیاسی کوردەواری ناگرن، بۆیە کەسانێک ناتوانن ئەوەیان لێ قبووڵ بکەن.

من کە جگە لەو کتێبخانەیە خولیای هیچ کارێکی ترم نیە، نازانم تەلەفزیۆن چی نیشان دەدات، بەڵام کە هەواڵەکە بڵاو کرایەوە، هێلینی کچم هاتە کتێبخانەکە و ئاگاداری کردمەوە، کە دۆخەکە خراپ تێک چووە، ئەوە بوو کۆی ڕووداوەکەی ئەمشەوە کە لە تەلەفزیۆن نیشاندرابوو بۆی باسکردم.

من ترسی ئەوم هەبوو بەهۆی چاپخانەکە تووشی کێشە بێت، بەڵام بوێریەکانی تا ئەو ڕادەیە بوو دڵنیایی بەخشی بە من، هیچ شتێک مایەی نیگەرانی نیە، چونکە ئەو دەزانێت چی دەکات، چۆن خۆی لەوان دەرباز دەکات، هەروەها باسی لەوە کرد کۆمەلێک دیداری لەگەل بەرپرسە کولتوریی و حکومیەکان سازکردووە لەبارەی پرۆژەی چاپخانەکە.

هەموو ئەمانە بەس نین، دەبێت هێشتا ووردتر کار بکەین، بەتایبەت لەپاڵ کتێبە ئەدەبی و هونەریەکان، بۆ نمونە سێ کتێب

بەیەکەوە بخەینە بازارو یەکێک لەکتێبەکان ئەو دەستنووسانە بێت کە ڕووبەرووی مەترسیمان دەکاتەوە.

ئەویش بە پێکەنینەوە ووتی "باوکە بەوە نیە هەر چاپچی بوویتە، لە ستراتیژی بڵاوکردنەوەی کتێبیش شارەزایی باشت هەیە" ئەو چاوەڕوان بوو من بەدەم ئەم قسەیەوە پێبکەنم، تاوێک بێدەنگ بووم، ئەویش بە ووردی سەیری ناو چاومی ئەکرد، دەیویست ئەو خەیاڵەم ببینێت کە چۆن دەڕۆمە ناو ساڵەکانی ڕابردوو، تامەزرۆی دەکرد چاوەکانم ببن بە شاشەی سینەما، فیلمی ڕابردووی ژیان و چاپخانەکە ببینێت، تا بزانێت چ نهێنیەک لەو بێدەنگیەی مندایە، ئاخۆ کە دەکەومە قسەکردن وەک خۆی ئەو فیلمە دەگێڕمەوە، یاخود بەپێی شیکردنەوەم بۆ ساڵەکان باس لەناوەرۆکی فیلمی چاپخانەکە دەکەم.

وەک چۆن کاتی خۆی کە فیلمی شوعلەم بۆی گێڕایەوە، کە فیلمێکی هندی بوو. لەسەردەمی منالّی ئێمە زۆر بەگرنگ باس دەکرا، کە بتوتبا سینەما دەیانووت ئەو فیلمەت دیووە، من کە بەژیانم حەزم بە فیلمی هندی نەبووە، بەلام چێژم لەو سرووتە کۆمەڵیە وەردەگرت، کاتێک هەموو منالانی گەڕەک بەیەکەوە دەچووینە سینەما، بۆیە فیلمەکەم بەپێی گێڕانەوەی خۆم گێڕایەوە، هێلین وتی "باوکە من ئەو فیلمەم دیوە! ئەوەی تۆ باسی دەکەیت بەشێکی کەمی هی فیلمەکەیە، بەلام ڕەنگە تۆ لەسینەما خەوت لێکەوتبێت، لەخەودا فیلمێکی ترت بە ئەکتەرەکانەوە بینیبێت".

من لەژیانمدا دوو جار ژیام، ژیانێک بریتی بوو لە مەرگی باوکم و ژیانی هاتنە دەرەوە لە خوێندن و ژنهێنان، لەگەڵ مەرگی دایکم منیش مردم، بەڵام ئەو ڕۆژەی هاتمە ناو ئەو کتێبخانەیە سەر لەنوێ لێرە لەناو منداڵدانی کتێب لەدایک بوومەوە، ئەوە ژیانی دووەممە، ژیانێک فێری هەموو شتێکی نوێی کردم، بۆیە پێت سەیر نەبێت ئێستا منیش وەکو دایکم، کەوتومەتە نووسین، ئەگەر تەمەن بواریدا و لەژیان بووم، هەر لەچاپخانەکەی خۆمان ئەو کتێبەم چاپ دەکەم کە جارێ خەریکی نووسینیم، بەڵام گەر مردن بواری نەدا، دەبێت تۆش وەک من وەفات هەبێت، وەک ئەوەی من بۆ دایکم هەمە، تۆش بەهەمان شێوە ئەو کتێبەی من چاپ بکەیت.

هێلین وەک ئەوەی منالە شەش ساڵیەکە بێت نەک کچێکی گەنج باوەشی لێدام، بەدەم فرمێسکەوە قسەی دەکرد؛ دارای چایچی و دارای نوسەری کتێب و خاوەنی دوو ژیان ئەو ڕۆژەی تۆ دەمریت، ئاسمان دەرووخێت، ژیان کۆتایی دێت، خۆت کتێبی خۆت چاپ دەکەیت، جا ئەو قسانە مەکە.

## روناکیەك بۆ ئەم تاریکیە

نەخۆشی تـەواو پەکی خستووم، ئەگەرچی لەرۆژگاری چایخانەکەوە من ئازاری گەدەم هەبوو، هەموو جارێک پێش ئەوەی سـەروپێ بخۆم حەبێکی پانتۆپرازۆلم ئەخوارد، ئیدی کێشـەم نەدەما، بەلام لەڕاستیدا درۆم دەکرد، من هێشتا دایکم لەژیاندا بوو، کێشـەی نەخۆشیم هەبوو، بەهۆی ئەوەی بیستبووم نەخۆشی گـەدە بەشێکی پەیوەندی بە دۆخـی دەروونیـەوە هەیە، دەمزانی دوای مەرگی دایکم، دۆخی دەروونی من چی بەسـەر هاتبوو، سـەرەتای ئەو ئازارە ئەو کاتانە بوو رۆژانە سێ بۆ چوار جار ئەڕشامەوە، لەپڕ بینیم لەماوەی دوو مانگدا سی وپێنج کیلۆگرام لە کێشم دابەزی، خۆم هەر زوو وێنای ئەو نەخۆشیە ترسناکەم بۆ خۆم کردبوو، کاتێک چوومە نەخۆشخانە گرفتەکە ئەوە بوو، من دوو چلە ئێسقان بووم، پزیشکەکان ئاگاداریان کردمەوە، گەر زوو خۆم چارەسـەر بکردبا، نەدەگەیشتم بەم ئاستە خراپەی ئێستا، تێگەیشتم من لەدوا قۆناغی شێرپەنجەی گـەدەم، ڕەنگە ژیانم هێندەی نەمابێت، بەرەو کۆتایی بڕوات، بەڵام لێتانی ناشارمەوە، من

زۆر ئاسوودەم، چونکە کۆی دەستنووسەکانی دایکمم چاپ کرد، ئەگەر نەخۆشی بوارم بدات، کتێبەکەی خۆم تەواو دەکەم، کە تا ئێرە ئێوە لەپاڵ دەستنووسەکانی دایکم ئاشنایەتیتان پێی پەیدا کردووە، ڕاستیتان دەوێت..! وا باشترە ئەو کتێبە تەواو نەکرێت، وەک دەستنووسێکی ناتەواو کۆتایی بێت، کە نەخۆشی بواری نەدا نووسەرەکەی تەواوی بکات، نووسەر؟ چیە دارا خۆت لێ بۆتە نووسەر؟ نا هەرگیز من خەونی نووسەربوونم نیە، لەرێی نووسینەوە نهێنی دەنووسمەوە تا تاریکی و مردن لەخۆمدا بکوژم.

تاکە ئازارێک لەئێستادا لەم نەخۆشیە خەمناکتر بێت، تەنیا ئەوەیە دەزانم ئەو کتێبە ناگاتە پاکنووسکردن، من لەم ژیانەدا نەماوم، هاوشێوەی دایکم ناتوانم کتێبی چاپکراوی خۆم ببینم، گرنگ کتێبەکان ناهێلن ئێمە بمرین، ئەوەی کۆتاییمان پێ دێنێت، تەنیا لەناوچوونی جەستەمانە، دەنا بەهۆی کتێبەکانەوە هەمیشە زیندووین لەماڵەکانی خۆمان و دۆستانمان، ئەوانەش کە رۆژێک لە رۆژان یەکتریمان نەبینی، کەچی بەهۆی کتێبەکانەوە هەمیشە لەناو ماڵەکانیاندااین، من لەناو ژووری ئەو کچە عاشقانە دەبم، کە وێنەی دولبەرو کتێبی من پێکەوە لە ڕەفەی کتێبخانەکانیان دادەنێن، وەک چۆن ئێستا ڕۆژانە خەلک بە تامەزرۆییەوە کتێبەکانی دایکم دەکڕن، نیگەرانن کە چۆن لەم شارە ژنێک هەبوو ئەوان نەیانناسی، ژنێک رۆژانە بەسەر شەقام تێدەپەڕی، لەکۆلانەکان سڵاوێکی هێمنانەی دەکرد،

تاوێک لەلای کتێبفرۆشەکانی سەر شۆستەکان دەوەستاو کتێبی دەکڕی، کەس نەیدەزانی سالانێک دێت بە تامەزرۆییەوە دەبێت هەموومان کتێبەکانی بخوێنینەوە.

من دلخۆشم هێلین ئێستا خوێندنی تەواو کردووە، وەک بەڕێوبەری چاپخانەکە ناوبانگێکی باشی پەیدا کردووە، تەنانەت هەر لەو ڕێگەیەوە هاوڕێیەتی لەگەل دیزاینەرێک پەیدا کرد، ئەو دیزاینەرە سەرەتا بەرگی بۆ کتێبەکانی دایکم دروست دەکرد، ئێستا ئەوان پێکەوە دەژین و بڕیار وایە لەداهاتوویەکی نزیکدا منداڵێک بێننە دنیا، هیوادارم منداڵە نوێیەکەی خانەوادەکەمان، وەک کتێبەکەمی لێ نەیەت نەیبینم، ئەو بەڵێنی پێداوم گەر خۆشم لەم ژیانە نەمێنم کتێبەکەم چاپ بکات.

من ژیانم خۆش ئەوێت، مرۆڤێکی هێندە لاوازیش نیم، بیر لەمەرگ بکەمەوە، بەڵام ئەو ئازارەی هەڵمگرتووە، هەموو شەوێک دڵنیام دەکاتەوە کە ڕۆژێکیتر خۆر بەچاوی خۆم نابینم، کێ لەو باوەڕەدا بوو من کە ئەمرم لەژووری کتێبخانەیەکدا بمرم، خۆزگە گۆڕەکەشم لەشێوەی کتێبخانە درووست دەکرا، تا هەست بە ئارامی لاپەڕەکان، بۆنی شێی ووشەکان بکەم، ئارەزوومە سەر لەنوێ بەناو ئەو کتێبخانەیەدا بگەڕێم، نەبادا کتێبێک هەبێت و نەمخوێندبێتەوە، ترسی مرۆڤی وەکو من لەم ژیانە لەوەدایە بمرێت، هەست بکات کتێبێکی سەرنج ڕاکێش هەیە و ئەو نەیخوێندۆتەوە، ڕاسکۆلینکۆڤ و شەوکەت دەستپەڕچی وەک یەک لەژیاندا منیان گریاندووە، یەکێکیان

بەرهەمی نوسینی دۆستۆڤسکی و ئەویتریش ئەو کوڕە قۆزەی هەشتاکان، هەمیشە خەونی ئەوە بوو ببێتە خاوەنی گۆڤارێکی ڕووتی تورکی، دواهەمین جار کە لەنەخۆشخانە بوو سەردانیم کرد، ئەو کاتەی شێرپەنجەی پرۆستاتی بوو، وەک ئێستای من بەدەست ئازاری نەخۆشی ئەینالاند، بۆ ئەوەی دڵنەوایی بکەم، پێم ووت "سەرەنجام ئەنتەرنێت هەیە و کێشەی گۆڤاری ڕووتیشت نەماوە" بەدەم خەندەیەکی پڕ لە گریان ووتی "دارا وەحشی کتێبەکان باش ئەتواریان تێک داویت، کەرە بەخوا هیچیان نەک تامی گۆڤاری ڕووت، خوا عالیمە تامی گۆڤارێکی سیبیل کانیش نادەن، کە هەموو جارێک شوفێرە تورکەکان بەناوی گۆڤاری ڕووت پێیان دەفرۆشتم"

شەوکەت مرد و منیش هێندەم نەماوە بمرم، ئیدی ژیانە دەبێت پێی ڕازی بین، بەشی خۆمان وەرگرت و بەجێی دێلین، ئەوانەی نامرن تەنیا ئەوانەن کە وەک دایکم کتێبی خۆیان هەیە، کتێبەکان هەموو ڕۆژێک دەیانهێننەوە ناو ژیان.

## چاپی سێیەمی کتێبەکەی باوکم

سەیرە ئەو کتێبەی باوکم، وەک ئەوەی تەواو تەسلیمی کۆتایی ژیان بێت، ئاوا بە شەوکەتی هاوڕێی کۆتایی هێناوە، ئەگەرچی ئەو لەژیاندا نەماوە، بەڵام ئەوەتا ئەمڕۆ توانیمان چاپی سێیەمی کتێبەکەی بکەینەوە، کتێبەکەی زۆر لەکتێبەکانی حەبیبەی داپیرم زیاتر دەفرۆشرێت، ئەو باش بوو نەمرد، تا کچەکەمی بینی، من پێم وابوو چاوەڕوانە نەوەکەی خۆی ببینێت.. ئەوسا بمرێت، هەر واش بوو، بۆیە خۆی ناوی لە کچەکەم نا، بیرمە کە لەنەخۆشخانە هاتینەوە ماڵەوە، لەسەر داوای ئەو هاتینە خانووەکەی حەبیبە، وەک ئەوەی ئازاری نەخۆشی نەبێت، بەدەم خەندەیەکەوە باوەشی کردەوە.. تا کچەکەم لەباوەش بگرێت، دوای تاوێک ڕووی لەمن و هاوسەرەکەم کرد، ووتی "ئەو کچە ناو ئەنێین حەبیبە، ئێوەش لەمەولا هەر لەو ماڵە بمێننەوە، تا لەگۆڕدا هەست بکەم حەبیبە گەڕاوەتەوە ماڵەوە، چیتر پێویستی بەوە نیە، من ئەو ماڵە و کتێبخانەکەی بۆ بپارێزم، چونکە خۆی لەماڵەکەدایە.....“

ئەوە دواهەمین دێڕەکانی باوکم بوو، کاتێک سەیری چاوی کچەکەمی ئەکرد، ئیتر نیگاکانی لەبینین وەستا، من وامزانی خەوی دێت، مناڵەکەم لێی وەرگرت "کچم حەبیبە وەرە باپیرە خەوی دێت" نا ئەو خەوی نەدەهات، بەڵکو پەلەی بوو، بڕواتە لای حەبیبەی دایکی، ئەویش نەیتوانی کتێبەکەی خۆی ببینێت، ئەوەمان بۆ بڕاوەتەوە، کەسمان کتێبی چاپکراوی خۆمان نەبینین، منیش دڵنیام ئەو کتێبەی ئەینووسم، خۆم بە چاپکراوی نایبینم، نازانم بۆ؟

خۆ من جاریَ نە پیرم.. نە نەخۆش، بەڵام ئەو ترسە چیە داگیری کردووم؟ دووریش نیە بەهۆی منەوە ئەو قەدەرە شوومە کۆتایی بێت، من یەکەمین نووسەری خێزانەکەم بم، کە کتێبی چاپکراوی خۆم ببینم، کتێبێک لەئێستاوە دەزانم دنیایەک پرسیار دێنێتە بوون، هەوڵمداوە لەپاڵ ڕووداوی ونبوونی نوسەرێک، چیرۆکێکی درێژ بگێڕمەوە، چیرۆکێک کە وابەستەی خەون و فانتازیای نەوەیەکە، چۆن لەرێگەی کتێب و فلمەوە ئەوروپا لێیان دەبێت بە ئەفسانە، کاتێک دەگەنە ئەو شارانەی لە فلمەکاندا بینیان، لەکتێبەکان وێنایان کرد، هەست دەکەن شاری ناو فلمەکان، ولات و شوێنی زهنی ئەوان لە خوێندنەوەی کتێبەکان هەرگیز ئەو شوێنانە نین کە بەڕاستی دەیانبینن، ئەو تێگەیشتنە هەمیشە پرسیاری ڕووبەروو کردومەتەوە، بۆیە ویستم کەسێکی ئەو نەوەیە هەڵبژێرم، سەر لەنویَ چیرۆکی ژیانی ئەوانەی لە دەفتەری یادداشتەکانی جیَ

ماوە بکەم بە ژێرخان بۆ گێرانەوە، ئەگەرچی من ئەو شتانە ناگێڕمەوە کە لەیادداشتەکانیدا تۆماری کردوون، دەمەوێت ئەو چیرۆکانە بگێڕمەوە کە هەرگیز لەناو لاپەڕەکاندا نەینووسین، نەیویست ببنە بەشێک لەیادداشتەکانی.

ئەوەتا ئێستا من بە پێچەوانەی باوکم و داپیرم کتێبەکەی خۆم بە چاپکراوی بەدەستە، لەتەنیشت کتێبەکانی ئەوان داناوە، لەناو ڕەفەی چاپخانە و کتێبخانە گەورەکەی دایە حەبیبەش.

ئەوەی باوکم هەرگیز نەیتوانی لەناو دەستنووسەکانی حەبیبە بیدۆزێتەوە، چەند لاپەڕەی دەستنووسێک بوون کەوتبوونە ژێر ڕەفەی زنجیرە کتێبی مێژووی شارستانیەتی ویل دۆڕانت، ئەو زنجیرە کتێبەی هەمیشە باوکم دەیووت جگە لەو ڕەفەیە تەواوی کتێبەکانی ئەو کتێبخانەیەم خوێندۆتەوە، تازە تەمەنیش بوار نادات خۆم بەو زنجیرە کتێبەوە خەریک بکەم.

بڕوام وایە داپیرم بە مەبەست ئەو دەستنووسەی لەوێ شاردبێتەوە، ئەو دەستنووسە مانایەکی فراوانتر دەبەخشێت بە ماناکانی تەواوی کتێبەکانی حەبیبە، کتێبەکەی باوکمیش کە وەک پەراوێزێک بوو بۆ کتێبەکانی ئەو، بیرتانە لەیەکێک لە کتێبەکانی، داپیرم کاتێک ڕەخنەی ئاراستەی ڕۆشنبیران دەکرد کە بۆچی ڕەخنە لە مەسیحیەت دەگرن، دواتر باوکمیش لەکتێبەکەی خۆیدا باسی کرد، نەتانپرسی ئەو هۆگریە چی بوو.. داپیرم بۆ ئاین هەیبوو؟ ئەو دەستنووسە بەشە نادیارەکەی

ژیانی ئاینی و ڕۆحی ئەو ڕوون دەکاتەوە، بەڵام پێش ئەوەی بچمە سەر دەستنووسەکەی حەبیبەی داپیرم، کە کچەکەشم هەر بەناوی ئەو ناونراوە، جێی خۆیەتی بپرسن؛ ئاخۆ کتێبەکەی من کە ئەمڕۆ لەچاپخانە تەواو بوو، لەبارەی ژیانی نووسەرو شانۆکارێکە بەناوی چیە؟ هەفتەی داهاتوو کتێبەکە دێتە بازار، بەلام تەنیا بۆ زانین کتێبەکە بەناوی ”ونبوونی نووسەر و شانۆکارێک لە کۆڵانێکی پاریسدا“

ئێستاش کاتی ئەوەیە بچینە سەر دواهەمین دەستنووسی حەبیبە، تا ئەو کاتیش کتێبەکەی منیش گەیشتووە، بە تەواوی کتێبفرۆشیەکانی شار، دەتوانن ڕاستەوخۆ دوای ئەو دەستنووسە، کتێبەکەی منیش بخوێننەوە.

## من شاهیدانی یەهوەم

رەنگە رۆژێک ئەو دەستنووسەم چاپ بکرێت، تۆ کۆی نووسینەکانی منت خوێندبێتەوە، دووریش نیە هیچ یەک لەم نووسینانە ڕوناکی نەبینن، بەڵام کافکا کە بڕوای وابوو دوای خۆی دەستنووسەکانی بسووتێنن، هەرگیز نەیدەزانی دڵسۆزترین هاورێی دوای خۆی بەقسەی ناکات و تەواوی دەستنووسەکانی چاپ دەکات، ئەو فرانز کافکا مەزنەی پێ دێتە بوون، بۆیە دوور نیە دارای کوڕم یاخود کەسێک من هەر نەمناسیبێت، کۆ دەستنووسەکانم چاپ بکات، ئەوە دامنا هەمووی چاپ کراوە، هەڵبەت ئەگەر ئەم دەستنووسەش بدۆزرێتەوە، ڕەنگە وەک دواهەمین بەرهەمی من چاپ بکرێت، ڕاستیتان دەوێت من دەبوو ئەوەیان بفەوتێنم، بەڵام دەستم بچووبا کوشتنی دارای کوڕم، دەستم ناچێتە نووسینی ئەو دەستنووسە، ئەو نووسینە ڕەنگە خوێنەرەکانم لێ دوور بکاتەوە، دەمارگرژ بن، لێم تورە بن، پێویست بە توڕەبوون ناکات، تۆ چۆن موسوڵمانیت، من خۆشم ئەوێیت، ئاواش بڕوانە کەسێکیتر کە سەر بە گروپ و ئاینیترە، من بۆ خۆم ئەو

ڕۆژەی لەڕێی ماڵپەڕی شاهیدانی یەهوە، حەزرەتی مەسیح و کتێبی پیرۆزم ناسی، هەستم کرد ڕوناکیەک لەناومدایە.. هەموو ژیان، ناوەوەی من تاریک بووە، روناکیەک هاتە ناوم، وایکرد مردن تاکە شتێک بێت لێی نەترسم، مەسیح فێری کردم من مردن وەک خەوتوو ببینم، نەک کۆتایی مرۆڤ، ئەوە لۆژیکێک بوو بۆ وەلامی بە بیرۆکەی کۆتایی مرۆڤ، لەلای فەیلەسوفی فەڕەنسی میشێل فۆکۆ، تۆ دەکرێت باوەڕت بەو لۆژیکە نەبێت، کەس توانای نیە ئاین و خودات پێ بناسێنێت، خودا ناسی ڕوناکیەکە دەبێت بێتە ناوت و هەستی پێبکەیت، من کارم ئەوە نیە خودا و مەسیح بە کەستان بناسێنم.

ڕێکەوتێکی سەیر ڕۆژێکیان بەدوای ماڵپەڕی کتێب لە ئەنتەرنێت دەگەڕام، لەپڕ ماڵپەڕی گروپێکی ئاینیم بینی، کە لەچوارچێوەی کتێبی پیرۆز، کتێبخانەیەکی دەوڵەندیان درووست کردبوو، لەپاڵ کتێبەکان هەوڵیاندابوو، گۆڤار و فیلم و ئەنیمەیشن و کتێبی دەنگی دابنێن، بەلاتەوە سەیر نەبێت چەندین ساڵم بۆ ئەو پرۆژەیە تەرخان کرد، تا بووم بە باوەرداری مەسیحی و پەیوەندیم بەم گروپەوە کرد، کەوا لەسەرانسەری دنیا و بە زمانی جیاواز مرۆڤەکانیان لەخۆیان کۆ کردۆتەوە، ئەوان لەچوارچێوەی کتێبی خودا دەگەڕێنەوە بۆ خودا.

گروپێکی بڕواداری مەسیحین، لە کولتورو زمان و شارستانیەتی جیاواز پێکهاتوون، بڕوایان بە کتێبی پیرۆز

و عیسای مەسیح هەیە، وشەی یەهوا وەک ناوی خودا لە کۆنترین دەستنووسی کتێبی پیرۆز هاتووە، دەیانەوێت یارمەتی مرۆڤەکانی سەر زەوی بدەن، بۆ پەیڕەوکردن لەئاین وڕێنماییەکانی مەسیح، بۆیە ناویان شاهیدانی یەهوایە، بە نزیکەیی ئەوان لە ٢٣٩ وڵاتدا بوونیان هەیە، ژمارەی ئەندامانیان نزیکەی ٨□٦٩٩□٠٤٨، سەرباری ئەوەی لە لایان کلێسای کاتۆلیکی و میدیای عەرەبی تۆمەتی جیاوازیان بۆ هەڵدەبەستریێت، بەڵام بۆ من ئەوان ڕاستگۆترین مرۆڤگەلێک بوون، هۆکارەکەشی تەنیا ئەوە بوو چۆنیەتی بەستنەوەی گەڕانەوە بۆ لای خودا، لەرێگەی گەڕانەوە بۆ تێکست و کتێبەوە، لەدەرەوەی کتێبەوە مانایەک واتای نیە کە بسەپێنرێتە سەر پەیوەندی مرۆڤ و خودا، بۆیە ئەوان بۆ من بە ئاسانی دەتوانم پەیوەندیان لەگەڵ ببەستم، هۆیەکەشی ئەوەیە لەڕێی نووسین و ووشەکانەوە، دەتوانم لەنهێنی و ڕاستیەکان بگەم.

هەفتانە لەڕێی ئەنتەرنێتەوە هەر جارەی لەگەڵ دوو لەئەندامانی ئەو گروپە گفتوگۆمان لەبارەی کتێبی پیرۆز وئیمان دەکرد، سەرباری ئەوەی لەکۆبونەوی فراوانی یەکشەممان کە لەژووری ئەنتەنێت ساز دەکرا، بەشداری گفتوگۆ و وتارەکانم دەکرد، هەموو کتێبەکان لە شوێنێک، ئەو کتێبەی خودا بۆ من لە شوێنێکیتر بوو، ڕۆژانە دەبوو بۆی بگەڕابومایەوە، شەوان تا چەند لاپەڕەیەکم لێی نەخوێندبایەوە نەمدەتوانی بخەوم، شەوی وا هەبوو لەناو خەو بە ئاگا ئەهاتم، چونکە کتێبی

پیرۆزم نەخوێندبۆوە، کتێبەکەم دەخوێندەوە، دەگەڕامەوە ناو نوێنەکەم، شادیەکی رۆحی تـەواوی ژیانی داگیر کردبووم، ئیدی بۆ من ناسینی خودا.. کوشتنی ترس بوو، تا نوێژم ئەکرد، هەستم بە نزیکی زیاتر لە خودا دەکرد، تۆ کە ئەم دەستنووسە ئەخوێنیتەوە، وەک وێنەی باڵای رۆشنبیر خۆت دەبینیت، بۆ من سەیر نیە کە پێبکەنیت و گاڵتە بە قسەکانم بکەیت، وەک چۆن رۆژگارێک منیش خەریکی ئەدەبیاتی مارکسی بووم، وجودیەدتی سارتەرم ئەخوێندەوە، وەک ئێستای تۆ پێکەنینم بە ڕوانینی ئاینی ئەهات، بۆیە من پەست نیم بە پێکەنینەکانی تۆ، چونکە لەم ژیانەدا فێری شتێک بووم، پێشتریش دێرێکم لەو بارەیەوە ووت، با ئەوەشی بخەمە سەر، کە بیرم کەوتۆتەوە، دۆزینەوەی خودا بۆ مرۆڤ، نابێت کەس بۆتی بدۆزێتەوە، خودا کاتێک دەناسیت کە خۆت لەڕێی گەران ئەیدۆزیتەوە، یان وەک من خودا ئەدۆزیتەوە، یا ئەوەتا هەموو تەمەنت نایدۆزیتەوەو کەسیش ناتوانێت پێتی بناسێنێت.

ئەگەر رۆژێک خودات دۆزیەوە، پێویستت بە کەس نابێت کار بکاتە سەر بڕواکانت، ئەوە تۆیت هەست بە بوونی دەکەیت، دەزانیت ئەو هێندە لێت نزیکە، لە ژیاندا دایکیشیت نەیتوانیووە، هێندە لێتەوە نزیک بێت. ئیدی بۆ من لەو ساتەوەو لەو ژیانەدا دەزانـم خـودا هاوڕێی ڕاستەقینەمە، ئەگەر گوناهبار نەبم دەنووسم، وەک موسا وام، ڕۆژانە من قسە لەگەڵ خودا دەکەم، ئەویش هێز و ئارامی زیاترم پێدەبەخشێت، ئەوە دەستکەوتێکە

لەدواهەمین ڕۆژەکانی ژیان پێی گەیشتم، تەنانەت وەک دەبینن لەدواهەمین نووسینمدا دەگەڕێمەوە سەری، دوای ئەوە ڕەنگە بیر لە نووسین نەکەمەوە، هەوڵ بدەم کۆی ژیانم بۆ ئەو ڕوناکیە تەرخان بکەم، چێژێکی زۆر لەخوێندنەوەو ئەو فیلمانە دەبینم کە لەبارەی کتێبی پیرۆزەوەیە، لەپاڵ ئەوەی لەجاران زیاتر خەریکی خوێندنەوەی کتێبی ئەدەبیات، سەیرکردنی فیلمی سینەمایی و تابلۆ شێوەکاریەکانم، ئەگەر من ژیانێکیتر بژیم، هەر ئەو ژیانە دەبێت کە تا ئەمڕۆ ئەزموونم کرد، بۆیە لەژیانی خۆم ڕازیم، مردنیش هیچ نیە جگە لە خەوی درێژی من، تا لە جیهانی نوێدا، سەر لەنوێ هەموومان بە ئاگا دێینەوە، خواوەند ڕۆحەکانمان بەیەکتر دەگەیەنێتەوە، لەوێدا من و هێمن سەر لەنوێ ژیانی هەمیشەیی خۆمان پێکەوە دەژین، باوەری تەواویشم هەیە ئەوسا، ئێوارەیەک بە ئامادەبوونی هێمن و دارا و خانەوادەکەمان، میلان کۆندێرا داوەتی دۆڵمە خواردنی کوردی دەکەین، کۆ ڕوانین و پرسیارەکانمی ئاراستە دەکەم، وێنەیەک لە کتێبی "ڕوناکی عەقڵ" ی وەک دیاری پێی دەبەخشم.

## ونبوونی نووسەر و شانۆکارێك لە کۆڵانێکی پاریسدا

مرۆڤ کاتێک گیرۆدەی خەون دەبێت، دەزانێت ئەوە ئەفسوونێکە یەخەی بەر نادات، دێوەزمەیەکە دوای دەکەوێت، دەبێت پێی بگات، بەخۆت نازانیت چەند ساڵ و ڕێک لە چ رۆژگارێکدا بوو یەخەی گرتیت، بەڵام دەزانیت ئیدی ئەوە شتێک بوو، چووە ناختەوە، بەهیچ شێوەیەک لەناوتدا نایەتە دەرەوە، مەگەر لە دۆخێکدا گەر توانیت پەنجەکانت بەر خەونەکەت بکەون، ڕەنگە ئەوە گرتنی خەون بێت وەک شتێکی بینراو، ئەو دەمەی دەیگریت، ئەفسوونەکە بەتاڵ دەبێتەوە؟

ئێمە ناتوانین وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە.. تەنیا مرۆڤگەلێک نەبێت کە دەیگرن، ئەو ساتیش ناتوانین گوێیان لێبگرین، چونکە وەک بابەتی تەوتەمەکەی فرۆید ئەو مرۆڤانە یاخود دەمرن یان شێت دەبن، تاکە شتێک بتوانین گوێ لەوان بگرین، تەنیا دوای ئەو دۆخەیە گەر ئەوان توانیان بۆمان بنووسن، باسی ئەو ئاستی گرتنەی خەون بکەن، ئەوەشیان کارێک نیە ئاسان بێت، بەواتایەکیتر ئەوانە چۆن باس لەگرتنی خەون دەکەن،

ئاخۆ بە پێویستی دەزانن لە بەتاڵبونی ئەفسوون بنووسن، یاخود نووسین لەبنەڕەتدا لای ئەوان بەتاڵ دەبێتەوە، وەک ونبونی کارەکتەری ئەو نووسینەی من، کە بەدوای بەتاڵبونی ئەفسوون بەتەواوی وندەبێت، ونبوونێک ناتوانین شتێک لەبارەیەوە بزانین، بە واتایەکیتر ئەوەی ئێمە دەیزانین خودی خەونەکەیە، ئەوەی دەکەوێتە ئەودیوی خەونەکە مەگەر ئەو مرۆڤە خۆی بینووسێت، بەلام ئەو چەندە بۆ ئێمە کارەکتەرێکی وونە، بەهەمان شێوە بۆ خۆشی جۆرە ونبوونێکیتر دەژیێت.

پاریس یەکەم جار لە وێنەی پۆستکارتێکی حانوتی خوێندنگای باوە گوڕ گوڕی شاری کەرکوک دەبینێت، ئەو دەمەی پۆلی یەک دەبێت لەخوێندن، وێنەکە لە کازێوەیەکی بەیان گیراوە، گزنگی خۆر دەیدات لە بورجی ئیڤل، بەرزایی ئەو بورجە چەندە و چۆن درووست کراوە؟ چەند ئاسودەن ئەوانەی دەچنە ئەو بەرزاییەوە؟ ئەو پرسیارانە سەرەتای گومانکردنی ئاستی جیاوازی بینینە، هەر کاتێک سەیری ئەو پۆستکارتە دەکات، وەک ئەوەی یەکەمجار بێت بی بینێت، ئیدی پاریس دەبێتە شوێنی نادیار لەبیرکردنەوەی ئەودا، تاوەکو بیرکردنەوە لەشوێندا شانۆو کتێبی جیاوازی پێدەنووسێت.

ناوەراستی هەشتاکان ئەو رۆژگارەیماڵیان چۆتە شاری هەولێر، لەجەژندا و لەتەمەنی چواردە ساڵیدا بەبۆنەی جەژنی قوربان، لەگەل کۆمەڵە گەنجێک ئەو خەونە سەر لەنوێ دەیهەژێنێتەوە، ئەو کاتەی لەسینەما سیروان فلمێکی فەرەنسی

دەبینێت بەناوی "خورپە" لەنواندنی هەردوو ئەکتەری فەڕەنسی ئالان دیلۆن و کاترین دینۆف، تاوان و خۆشەویستی لەململانێیدان، کەچی شوێن ئەفسوونە ڕاستەقینەکەیە، ئەوێ دەکەوێتە کوێ؟ لەسەرەتای رۆژانی گەنجی هەست بە پیریەکی سەیر دەکات، خۆی لەناو فیلمەکە دەبینێتەوە، هەست دەکات ئێرە شوێنێک نیە بۆ ئەو، دەبێت لەوێ بێت لەناو وونبونی خۆی، دەزانێت گەیشتن بەوێ سەرەتای تێگەیشتنی ڕاستیە لەدنیا، گرێیەکی دەروونی تیا درووست دەبێت، هیچ کاتێک نایشارێتەوە، گرێی پاریسە، هەموو ئەو فیلمانە دەبینێت کە باس لەو شوێنە دەکەن، ئەو هێندە لەبارەی دەخوێنێتەوە، تا بەپێچەوانەوە بۆ ئەوەی لەشوێنێک باشتر بگات دەبێت کتێب لەبارەی بنووسێت، تا مانا فەلسەفی و فیکریەکانی بناسێت، بۆیە شەش ساڵ بە نووسینی کتێبێکەوە خەریک دەبێت لەبارەی فەلسەفەی فەڕەنسی لە سەدەی بیستەمدا، سەرەنجام کتێبەکە چاپ دەکات بەناوی "ڕەخنەگرتن لە مۆدێرنیتی".

پاریس وێنەیەکی باڵای پتەوی لەزهنی ئەو خولقاندووە، ئەو رۆژگارەی دەگاتە ئەوروپا، ترس لەونکردنی بەهای پاریس، یاخود ئەو نهێنیە چیە کە نایەوێت ئەو شارە ببینێت؟ رۆما وارشۆ بەرلین زۆربەی پایتەختەکانی ئەوروپا دەبینێت، تا سەرەنجام لەشاری فرایبۆرگی ئەڵمانی دەگیرسێتەوە، ئەو دەمەی رۆژی پێشتر دەچێت پلیتێک بکرێت بۆ سەیرکردنی شانۆگەری فاوستی گۆتە، لەوێ رێکەوتی کچە گیتارژەنێکی

ئەڵمانی دەکات، کە لەدواوەی ئەو وەستاوە، بۆ کڕینی پلیتی شانۆگەریەکە، بەهۆی خراپ قسەکردنی بە زمانی ئەڵمانی، گیتارژەنەکە تێدەگات کە ئەو زمانەکەی خراپە، دەیەوێت یارمەتی بدات لە شوێنێکی باش بۆ دانیشتن، هەڵبەت باشترین شوێنێک ئەوەیە هەردوکیان پێکەوە لەناوەڕاستی ریزی پێنجەمی کورسیەکان دابنیشن، ئەوە دەبێتە سەرەتای یەکتر ناسینیان، تەنانەت هەر ئەو گیتارژەنە وای لێدەکات پێکەوە سەردانی پاریس بکەن، نهێنی ئەو چوونە بۆ پاریس لە فلمێکی دۆکۆمێنتاری لەبارەی ژیانی گیتارژەنەکەوە دەزانرێت، کاتێک لەو فلمەدا باس لەو شانۆکارو نووسەرە کوردە دەکات کە چۆن دەرۆنە پاریس و لەوێدا ئەو وون دەبێت، هەر بەڕاست ئەو گیتار ژەنە کێ بوو؟ بەپێی ئەو فلمە دۆکۆمێنتاریە بێت کە لەکەنالی دی دەبلیوی ئەڵمانی پەخشکرا، ئەو گیتارژەنە کچێکی بە ڕەگەز یەهودی بوو، بەناوی ئاهاڤا، بەواتای خۆشەویستی، ئاهاڤا بەتەواوی دنیا گەڕاوە، چیرۆکی سەیر لەبارەی مۆسیقا و ناسینی مرۆڤی کولتوور جیاواز دەگێڕێتەوە، بۆیە من بەشێک لەقسەکانی ئەوەی پەیوەندی بەکارەکتەری چیرۆکەکەمەوە هەیە دەیانکەم بە کوردیی.

ڕەنگە بەلاتانەوە گرنگ بێت بزانن لەو بارەیەوە ئاهاڤا چی دەڵێت؟ بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارەتان بدەمەوە، لێرەوە من کۆتایی بە ڕوانینی خۆم دێنم، ئەوەی لەئێستاوە تا کۆتایی دەیخوێننەوە، ئیتر قسەی من نیە، قسەکانی ئاهاڤا یە کە لەو

فیلمە دۆکۆمێنتاریە وەرم گرتووەو بە کوردیی نووسیومەتەوە.

مۆسیقا بۆ من هەموو ژیانە، ئەوانەی دەبنە کەسی نزیکی من لەژیاندا، شێوەی مرۆڤەکە و شێوازی قسەکردن و کولتوور نیە، ئەوە ڕادەی نزیکیانە لە مۆسیقا و بەتایبەت خۆشەویستیان بۆ ئامێری گیتار، ئەو شانۆکارە کوردە کە من ناسیم هەر خۆی وابوو، مرۆڤێکی شڵەژاو ترساو ڕاکردوو، کۆلاژێک بوو لەشێتیەکی تورە، لەهەمان کاتدا پڕ لە شکست و گریان، هەندێکجار لێی دەترسام، هەستم دەکرد نایناسم، ساتی واش هەبوو وەک منداڵێک قسەی دەکرد، دەیووت رۆژێک خەونم بەوە بینی خانویەکی دارینەم هەبێت و فێری گیتار ببم، کچێک لەژیانم بێت هەمیشە گیتاری بۆ بژەنم، کەچی من لەبری ئەوەی ببم بە گیتارژەن، بووم بە عاشقی گیتارژەنێک، هێشتا خەونی خانووە دارینەکەم نەهاتۆتە دی.

ئەو بەم شێوەیە لەئارامترین ساتەکانی باسی خەونەکانی خۆی بۆ دەکردم، نەمزانی چۆن ئاوا خێرا عاشقم بوو، وەک چۆن لەرێی شانۆگەری فاوست هاتە ژیانم، هەر ئاواش بەدەستی خۆم لەژیانی خۆم ونمکرد، پاریس ئەو شوێنە بوو نەدەبوو هەرگیز ئەو بەرمە ئەوێ، ئاخر ترسی ئەو لەوەدا بوو سەختە ئەوێ وەک وێنەی پۆستکارتەکەی منالی و فلمەکەی ئالان دیلۆن نەبێت.

گرفتی ئەو ئەوە بوو شارەکانی لەخەیاڵی خۆی بەشێوەیەک وێنە کێشا بوو، ئەترسا شوێنەکان لەگەڵ تابلۆکانی مێشکی

یەکتر نەگرنەوە، ئەوە ڕاستیەکە بوو، بۆ ئەو هەرگیز ئەویٚ ئەو شوێنە نەبوو کە تابلۆی خەیاڵی بۆ کێشا بوو، شوێنێکیتر بوو، جا گرفتەکەش ئەوە بوو، ئەو لەو جۆرە کەسانە بوو نەیدەتوانی شتەکان وەک خۆی قەبووڵ بکات، دەیویست چیرۆکی خەیاڵیان هەبێت، ڕەگیان بچێتەوە ناو ئەو خەیاڵانەوە، من و ئەو ساڵێک پێکەوە ژیاین، سەفەرمان بەناو هەموو شارو شارۆچکەکانی ئەڵمانیا کرد، خۆی زۆر ئاسوودە بوو، بەتایبەت کاتێک لەرێی کامێراوە ڤیدیۆی دەگرت، ناوە ناوەش خەریکی وێنەگرتنی من دەبوو، هەستم دەکرد نایەوێت لێرە بڕوات، دەیویست درێژترین سەفەرەکانی ئەو سەفەرانە بێت کە دوو شەو لە ئوتێل یان لەوێستگەی شەمەندەفەرو ناو شەقامەکان دەماینەوە، کە چێژێکی زۆرمان لێی وەردەگرت، دواتر لەنیوەشەودا بۆ ئەوەی پارەی شەوی سێیەمی ئوتێل نەدەین، دەیوت ئەمشەو سەفەر دەکەین و بەیانی زوو دەگەینەوە فرایبۆرگ، من چەندە وەک شێتی دەمبینی، هێندەش کە دەمبینی دڵخۆشە دوای دڵخۆشیەکانی ئەو کەوتبووم، کاتێکیش دەیویست گیتاری بۆ بژەنم بەدەم شۆخیەوە دەیووت؛ دەلێی چی کەمێک گیتارت بۆ بژەنم.

دانیشە با تەلەکانی نەپچڕێنیت، خێرا دەیووت ئیٚ کەوایە با کەسێک بیژەنێت کە پەنجەکانی ئارامن، شێت نین و ناپچڕێنن، بیرمە شەوێکی درەنگ بوو لەشاری کۆڵن لەسەر ڕیزە پەیژەیەکی پان دانیشتبووین، کە تاک و تەرا چەند عاشقێک

و هەندێک بەد مەست لەم ناوە ڕاکشابوون، هەندێک جار کەسانێک پشوویەکیان دەداو دەڕۆیشتن، دەستە ڕاستمان کلێسا گەورەکەی کۆلن بوو، بەردەمیشمان گۆڕەپانێکی فراوان بوو، گۆڕەپانەکە ڕێگای چوونەوە ناو وێستگەی شەمەندەفەر بوو، گیتارەکەم لەناو جانتاکە دەرهێنا.. کەوتمە ژەنین، کاتێک بە ئاگا هاتینەوە، بینیمان هەرچی مرۆڤە بەدەورمان دانیشتوون و گوێیان گرتووە، لەهەمووشی سەیرتر هەندێکیان پێیان وابوو، ئێمە لەوانەین مۆسیقا ئەژەنین تا پارەمان پێبدەن، بۆیە هەندێکیان بڕێک پارەیان لەپێشمان دانابوو، پارەکە هەر بەشی چەند قوتووە بیرەیەکی دەکرد، بەڵام بیرۆکەیەکم بۆ هات، پێم ووت دەڵێی چی بەو پارەیە بڕۆینە پاریس؟

پاریس بۆ من خەونە.. ئەفسانەیە، دەترسم لەوێ بمرم، ڕەنگیشە ئاواتەکانم بێنە دی، کێ دەزانێت، ئاخۆ من بتوانم بەسەر ئەو ترسەمدا زاڵ بم و ئەوێ ببینم، من لەنێوان ئەوەی مناڵ دەبمەوە.. یان وەک مناڵم لێ دێت؟ ڕەنگە ژیانێکیتر دەست پێ بکەم، نازانم ئاهاڤا ئەو هەستە خراپە چیە من هەمە؟

هیچ نیە هەر لەخۆڕا شت گەورە دەکەیت، وەرە با ئەمشەو بڕۆین وبەیانی دەگەینە شاری کۆلماری فەڕەنسی، بەدرێژایی ڕۆژەکە لەوێ دەمێنینەوە، شەو بە پاس بەرەو پاریس دەڕۆین، بەرە بەیان دەگەینە ئەوێ، من کۆڵمارم بینیووە شارێکی بچکۆلە و هێمنە.. تۆش زۆرت بە دڵ دەبێت، شانۆی شارەوانی لێیە، ڕەنگە نمایشەکانی سەرنجت ڕا نەکێشێت، بەهۆی ئەوەی

زیاتر شانۆی کۆمیدی تیا نمایش دەکرێت، بەڵام دڵنیام بیناسازی هۆڵەکە بۆ تۆ گرنگە، ئەوە سەرباری ناو شارەکەی و بازاڕەکەی زۆر جوانە، جا واز لە کافێ و ڕیستۆرانتەکانی بێنە، ڕێک دەڵێی بۆ فیلمە فەڕەنسیەکانی هەفتاکان درووست کراوە.

ئەو ڕستەیەی کۆتاییم بەس بوو بۆ ئەوەی وای لێبکەم کە ڕازی بێت بڕۆین، هەستم دەکرد ئیتر دەیەوێت خەیاڵەکانی بکات بە واقیع، ئەو کاتەی ئەو قسانەم بۆی دەکرد، کاتژمێر بەرەو سێی بەیانی دەچوو، کەشەکەی کەمێک ساردی کردبوو، خۆمان کرد بە بانهۆفەکە کە گەشتیاران تیایدا پلیت دەبڕن و چاوەروانی شەمەندەفەری تیا دەکەن، نوسینگەی پلیت فرۆشتن لەشەشی بەیانی دەکرایەوە، دەبوو سێ کاتژمێر چاوەڕوان بین، هەر ئێمە نا، زۆر گەشتیاریتر هەبوون، سێ کاتژمێر لەنیوەی شەودا بە پێکەنین تەواومان کرد، ئەو خەڵکەی وەک ئێمە لەوێ بوون بە خەندەوە سەیریان دەکردین، کە چۆن بەم درەنگانە تاقەتی پێکەنین و قسەکردنمان هەیە.

ئەوەتا خۆمان لەناو شەمەندەفەر دەبینینەوە، بڕیارماندا بگەڕێینەوە فرایبۆرگ و بەیانی زوو سەفەرەکەمان دەست پێبکەین، هەر وامان کرد، شەوەکەی خواردنمان بۆ بەیانی پێچایەوە، من نەمدەزانی ئەو کوڕە چۆن ئاوا شیرنەمەنی و خواردنی درووست کرد، خۆی بەدەم خواردن درووست کردنەوە دەیووت؛ کاتی خۆی کە لەکوردستان ئەژیام،

نەمدەزانی هێلکە وڕۆنێک درووست بکەم، پێم وابوو برنج و فاسولیا تەنیا بە دەستە ئەفسانەییەکانی دایکم درووست دەکرێن، کەچی هاتنە دەرەوەم لە ماڵ فێری کردم، بۆ ئەوەی دڵنیابم لەشێوازی تەندروستی و پاکی خواردنەکە، تەنیا ڕێگا ئەوەیە خۆم درووستی بکەم، جگە لە دۆڵمە، پێموایە ئەوە تەنیا دەبێت ژن درووستی بکات، دۆڵمە چیە؟ من پرسیم و ئەو ووتی شێتخانەیەکی زۆر بەتامە، ئەگەر رۆژێک سەفەرمان کرد بۆ ئەوێ کە نایکەین، لەوێ بۆت درووست دەکەن.

بەیانی رۆژی دواتر لەناو شەمەندەفەر بووین تا گەیشتینە شوێنێک بەناوی برایزاخ، لەوێوە سواری پاسی کۆڵمار بووین و گەیشتینە ئەوێ، کزە بایەکی ساردی دەهات، سەرەتا دوو پلیتی پاسی پاریسمان بۆ شەو بڕی، ڕۆیشتینە ناو شارەکە، لــەدەروازەوە کە شانۆی شارەوانی لێیە هۆلێکی گەورەیە، لەبەرزایی ئاڵای فەرەنسای تیا دەشەکێتەوە، تاوێک بێدەنگ بوو، لەسەر پەیژەی بەردەرگای هۆڵە شانۆییەکە وەستابوو، لەبەر خۆیەوە ووتی "چەند سەیرە من لەبەردەم هۆلێکی شانۆی فەڕەنسیدام" نەمدەزانی سەیری ئەوە لەکوێدایە، سەیرێکی تابلۆی بەر دەرگاکەمان کرد کە پۆستەری چەند نمایشێکی شانۆیی پێوە بوو، یەکێک لەوان شانۆگەریەکی مۆلێر بوو، دیار بوو کارەکان وەک پێشبینیم کرد بەهیچ شێوەیەک سەرنجی ڕانەکێشا، بەدەستە چەپ بەسەر پردێکی بچووک تێپەڕین، کە لەڕۆخەکەیدا کافتریایەکی بچووکی لێیە، لەوێ دوو قاوەمان

کڕی و بەدەم ڕۆیشتنەوە دوو لەفەمان لەجانتاکان دەرکرد و بە قاوە خواردمانەوە.

ئەو شوێنە زۆر جار سەفەرم بۆی کرد بوو، بۆیە تەواو ئاشنابووم پێی، بۆ من گرنگ ئەوە بوو ئەو شوێنەکان ببینێت، شەمەندەفەری بچکۆلەی سەر شەقام تەرخان کراوە بۆ ئەو گەشتیارانەی سەفەری ناو شارەکەی پێ دەکەن، لەرێگەی هیتفۆن و چەندین زمانی جیاواز تەواوی شارەکەت پێدەناسێنێت، دوو پلیتمان بڕی و سەرکەوتین، دیار بوو چێژێکی زۆری لەوە دەبینی، بۆیە کامێراکەی دەرکرد و کەوتە وێنەگرتن، ئەوە قسەیەکی ئەو کاتەی بیرهێنامەوە، کە بەسەفەرێکی لەم شێوەیە چووینە سویسرا بۆ شاری بازل، دەمەو ئێوارەیەکی درەنگ بوو گەیشتین، کامێراکەی دەرکرد و وێنەی دەگرت، لەبەردەم ناوەندی بازل پۆستەری پیشانگای کۆمەڵە تابلۆیەکی بیکاسۆمان بینی، لەناوەڕاستیش چەند کورسیەکی بازنەیی بۆ پیشانگایەکی بازرگانی دانرابوو، لەسەر یەکێک لە کورسیەکان دانیشت و سەیرێکی منی کرد کە هێشتا بە پێوەم، لێوەکانی نا بە کامێراکەوەو ووتی؛ ئەگەر منالێکیشم هەبوایە هەر هێندەی ئەو کامێرایە خۆشم دەویست، هۆگریەکی سەیر هەیە لەنێوان چاوی من و زومی کامێرا، هەر دەلێی بۆ یەکتر درووست بووینە، منیش ووتم ئەی شانۆ؟ دوای کەمێک بێدەنگی وەک ئەوەی بیر لەشتێک بکاتەوە، ووتی سەیرکە من لەڕەحمی شانۆ لەدایک بوومە، واتە منالّی شانۆم، بەلّام کامێرا

خۆشەویستمە، کاتێک دەرفەت و بوار نەبێت کاری شانۆیی بکەم، من بەرەو لای خۆشەویستەکەم دەچم، بۆ من کامێرا دەتوانێت وا بکات خەمبار نەبم، بیر لەنیگەرانی دووری شانۆ نەکەمەوە، گرنگ نیە ئەوەی وێنەی دەگرم چیە، گرنگ من وێنە بگرم و دڵخۆشیەکانی خۆم تۆمار بکەم، وەک چۆن ساتی وا هەیە بەلامەوە مەبەستە وێنەی نیگەرانیەکانم بگرم، بەڵام هەست دەکەم لەو ساتانە لەڕوانینم بۆ کامێرا هیچ نابینم، یەک پارچە ڕەشاییە، ئەو کاتانە تاکە شتێک بتوانم ئەنجامی بدەم تەنیا نووسینە، دەتوانم بنووسم، لەڕێی نووسینەوە دەتوانم خۆم لەم دۆخەم دوور بخەمەوە، بەبێ ئەوەی ئەو ساتەی ژیان بگێڕمەوە، بەڵکو چیرۆکێک دەگێڕمەوە کە هەرگیز لەناو ڕووداوەکان ڕووی نەداوە.

من لە فەڕەنسا بیرم لەو قسانەی سویسرای ئەکردەوە، هەستم بە دلخۆشی ئەو دەکرد، نەمانزانی چۆن کاتەکە تەواو بوو، بە گەڕان و چوونە ناو ئەو دوکانانەی کاری سیرامیک و کتێبی کۆنی تیا دانرابوو، کارێکی بچووکی سیرامیکی سەرنجی ڕاکێشا، وێنەگرێک بوو بەدیار کامێرایەکەوە خەریکی وێنەگرتن بوو، ووتی نرخەکەی گرانە، بەڵام سەفەرێکیتر دێینەوە ئێرە ئەوسا دەیکڕم، سەفەرێک کە هەرگیز نەڕۆیشتینەوە ئەوێ، چونکە بەرەو پاریس بەڕێ دەکەوتین، ئەوە ڕوو دەدات کە لەچاوەڕوانی هیچ کەسێکدا نەبوو.

باشترین شتێک کە من بیکەم ئەوەیە بیر نەکەمەوە، تەنیا پێویستە بخەوم، نەبادا کە ڕۆژ هەڵهات دنیا بەشێوەیەک بێت

هیچ شتێک لەشوێنی خۆی نەبێت، وەک ئەوەی سرووشت تەنیا بریتی بێت لە ئاو، مرۆڤ ناچار بێت وەک ماسی لەناو سرووشت ڕەفتار بکات، لەڕێی شەپۆڵەکانەوە گوێمان لەیەکتری بێت، خۆی ئەوە نە خەوە نە ڕاستی.

بەدەم ئەم قسانەوە لەناو پاسەکە بەتەنیشتمەوە دانیشت، هەر دەڵێی بۆ گۆڕستان دەتبرد، هێندە شلەژاوو نیگەران دەردەکەوت، نەیدەتوانی بخەوێت نەک بەهۆی ئەو ژنە ڕەشپێستەی کە تەلەفۆنی دەکرد، بە هات وهاوار قسەی دەکرد، نا نەخەوتنی ئەو بەهۆی هەڵهاتنی کازێوە بوو، کازێوە لە پاریس هەڵبێت و ئەو دنیای لێ تاریک بێت لەیەکەم گزنگی بەیانی، بیرم لەوە دەکردەوە چۆن خەبەری بکەمەوە پێی بلێم گەیشتینن با دابەزین، ئەو ساتە چەند سەختە بۆ من، بۆ ئەو هەر وازی لێ بێنە، کەچی ئەوە من بووم بەدەم ڕێگاوە خەوم لێکەوت، هەر هێندەم زانی دەستمی ئەکووشی و ئەیووت ئاهاڤا هەڵسە گەیشتین، ئێمە لە پاریسین.

لەپاسەکە دابەزین هێشتا دنیا تاریک بوو، ئەو وێستگەیەی ئێمە لێی دابەزین دوورتر بوو لەوێستگە سەرەکیەکە، بۆیە دەبوو بەگۆڕەپانێکی فراوان تێپەڕین و تا دەگەینە وێستگەکە لەوێ بزانین چی دەکەین، پۆل پۆل گەشتیاران لەم بەیانیە تاریکەدا بەم شەقامە بلاو ببونەوە، چەند جارێک دوای چەند کەسێک کەوتین زانیمان ئەوانیش وەکو ئێمە نەشارەزان، سەرەنجام خۆمان ڕێگایەکمان دۆزیەوە کەبچێتەوە ناو

ویستگە سەرەکیەکە، هەر یەک بەلایەکدا دەچوو، بەڵام ئەوان دەیانوویست بەشەمەندەفەر بگەن، پاسەکان لـەدەرەوەی ئەوێ بـوون، ئەو ووتی چ شێتخانەیەکە، بۆ ئـەوەی کەمێک ئارامی بکەمەوە، ووتم وەک مەنجەلی دۆڵمەکەی لای ئێوەیە، خەندەیەکی کردو پێی ووتـم؛ ئەفسوونی جوانی تۆ توانای ئەوەی هەیە بەرەو ناو ئاگریش بمبات.

لەشـەقامێکی چۆل وسارد خۆمان ئەبینیەوە، لـەدوورەوە ویستگەیەک دیار بوو، چووین لەوێ وەستاین وەک ئەوەی زۆر شارەزا بین، پاسێک هات وسەرکەوتین من هەوڵمدا بە ئەڵمانی قسە بکەم، شوفێرەکەش چەند ووشـەیەکی ئەڵمانی دەزانی کە هەرهەمویان نەدەبوونە ڕستەیەک، ڕەنگە بلێی خۆ نەیووت بەلێ نەخێر تێئەگەم وایە بورجی ئیڤل، دەی ڕێک وای ووت، دوو پلیتمان لەلای شوفێرەکە بڕی و لەسەر دوو کورسی دانیشتین، خەریک بوو دنیا ڕونـاک دەبـۆوە، بەڵام هێشتا تیشکی خۆر دەرنەکەوتبوو، بێدەنگیەک وەک ساردی ناو ئەو پاسە وایە، ئەوەی ئەو بێدەنگیە گەرم دەکاتەوە، تەنیا دەنگی شوفێرەکەیە کە بڵێت دابەزن، نا وا نەبوو، بەنیگایەکی پڕ لەخەمەوە سەیرێکی کردم ووتی دیوتە گەیشتین ئەوە بورجی ئیڤلە.

لەوبەری شەقامەکە دابەزین دەبوو تاوێک بەپێ بڕۆین، کـەوتـە گـێڕانـەوەی چیرۆکێک هـەر بـەڕاسـت ئـەو چیرۆکە ڕاستەقینە بـوو، یاخود دەیویست هەموو شتێک بیر خۆی

بەرێتەوەو تەنیا قسە بکات، ئەوەی بیرم مابێت ئەوە بوو کە ووتی ئێمە لێرەین بۆ چێژی خۆمان لێرەین، رۆژگارێک گەنجانێک لەنیشتمانی مندا لەرۆژانی وا ساردا تفەنگیان بەدەستەوە بوو دەیانوویست سەربازێک ببینن و بیکوژن، ڕەنگ بوو سەربازەکە زووتر هەستی بە بینینی ئەو کردبێت، زووتر دەستی خۆی بوەشاندبا بکوژەکە دەبووە کوژراو، بەڵام ئێستا نازانم من ئەو گەنجەی بەردەم فلمەکەی کاترین دینۆفم دێمە پاریس و دەبمە خۆشەویستی ئەو ئەکتەرە، یاخود سەربازەکەم و دەبمە بکوژی خەونی منالّی خۆم.

لەسەر پردی شەقامەکە بووین کە دەچۆوە سەر بورجی ئیڤل، تیشکی خۆر دەردەکەوت و دەیدا لەئیڤل، داوای کرد بە تەلەفۆنەکەی خۆم چەند وێنەیەکی بگرم و بیانپارێزم، بەشێوەیەک تووشی تورەیی ببوو ئەو دەمەی سەیری وێنەکانی دەکرد، سەرکۆنەی دەکردم کە بۆ خراپ لەوێنەکەدا دەرچووە، ئاخۆ من بە ئەنقەست ئەو وێنە خراپانەی بۆ دەگرم، بەوە کۆتایی بەو قسانە هێنا من هێشتا نەمردووم، تۆ دەتەوێت وێنەی مردنم بگریت.

بێننە پێش چاوتان لەشوێنی من بن چیدەکەن، هاوار دەکەن، جنێو دێڵن، پێی دەڵێن تۆ نەخۆشیت، ئەوە من نیم ئەو قسانە بەو دەڵێم، چونکە ئەوەی وایکرد ئەو هۆگری من بێت، تەنیا ئەو هۆکارەیە کە من وەک کەس نەبووم بۆ ئەو، لەکاتی خۆرئاوابوون تاقی دەکەینەوە، جارێ با بڕۆین ئوتێلێک

بدۆزینەوە و پشوویەک بدەین، ئێوارە بە ئیسراحەتی خۆمان دێینەوە ئێرە، ئەوێمان بەجێهێشت لەرێی نەخشەی تەلەفۆنەوە توانیمان ریگایەک بدۆزینەوە، هەرچەندە بۆ نەگبەتی ئێمە یەکشەممە بوو لەو دەوروبەرە کافێیەک نەکرابۆوە لێی پشوو بدەین، رەنگ بوو هۆکارەکەی ئەو بەیانیە زووە بێت کە ئێمە خۆمان بەوێدا کرد، سەرەنجام وەک کوێرێک سواری پاسێک بووین، نەخشەی تەلەفۆنەکە لەشوێنێک دایبەزاندین، هەر لەدەوروبەری ئیڤڵ بوو زۆر دوور نەبوو، من خۆشحاڵ بووم ئەو ئوتێلەی بۆی چووین، پیاوی پرسگەکە ئەڵمانیەکی باشی دەزانی و دەمتوانی بەویستی خۆم قسەی لەگەڵ بکەم و ژوورێکمان گرت، پشوویەکی باشماندا، ئەوسا هاتینە دەرەوە بۆ نانخواردن، ئەوەی زۆر سەیر بوو، ئەو خێرا کەوتە ستایشی ریستەورانتەکە و بەڵگەی بۆ قسەکانیشی دەهێنایەوە، کە بەڵگەکان چەندین فلمی فەڕەنسی بوو، بڕیارماندا بەرەو لۆڤەر بڕۆین، بەڵام دواتر قەناعەتی ئەوەم پێی هێنا بەرۆژێک هیچ نابینین، بۆیە چەندین رۆژمان پێویستە، دوو پێشنیارم خستە بەردەمی، بڕۆین بۆ شەقامی شانزێ لیزێ یا بۆ گۆڕستانی پییێر لا شێز، کە گۆڕی فرەدریک چۆپین و یەڵماز گۆنای و بلزاک و دیارترین نووسەرانی تیایە، ئەو ساتە بۆوە مناڵ و داوای کرد بۆ هەردوو شوێنەکە بڕۆین، لەناو ئەو گۆڕستانەدا وەک ئەوەی کەسێک بەدوای گۆڕی باوکی بگەڕێ، ئاوا بەدوای گۆڕی یەڵماز گۆنای دەگەڕا، ئەو دەمەی چووە سەر گۆڕی

چۆپین ئیتر بێدەنگ بوو، بڕوام وابوو گوێی لەمۆسیقاکانیەتی، من میوزیکژەن بووم، بەڵام وەک ئەو نەمتوانی ئەو مۆسیقایە ببیستم، کە ئەو لەوێ دەیبیست.

ڕۆژێکی باش نیە ئێمە لەگۆڕستان تەواوی بکەین، ئاخر تۆ دەزانی ئەمڕۆ ڕۆژی لەدایک بوونتە، من بەمەبەست ویستم لەم ڕۆژەدا تۆ لە پاریس بیت، هیچی نەووت بەشێوەیەک ماچی کردم وەک ئەوەی دوای ئەو ماچە ئیتر ئەو بمرێت، ڕۆیشتین بەرەو شەقامی شانزێ لیزێ، بەڵام ئەوەندەی من پێم جوان بوو، هەستم کرد بۆ ئەو هیچی نەگەیاند تەنیا ووتی؛ خۆزگە هەر ناویم ببیستبا و قەت نەمبینیبوایە.

بەدەم پیاسەیەکی درێژی بێ سنوور ڕێگامان دەبڕی، لەکاتی خورئاوابوون گەیشتینەوە لای ئیڤڵ، هەموو شتێک بۆ ئەو جوان و هێمن بوو، لەوە نەدەچوو کوڕەکەی بەیانی بێت، کاتێک وێنەیم ئەگرت ئەیووت تۆ دەبوو فۆتۆگرافەر بوویتایە نەک گیتارژەن.

گەڕاینەوە بۆ ئوتێلەکە خۆشترین شەومان بردە سەر، ڕەنگە بۆ هەردووکمان لەم شەوە جوانتر نەبووبێت، لەبالکۆنی ئوتێلەکەوە دەمانتوانی بورجی ئیڤڵ ببینین، بەهۆی کەشی ساردەوە، خۆ نەدەکرا لەوێ بخۆینەوە، لەژوورەوە بووین پەردەی پەنجەرەکەمان لادا بوو، ئەوەتا ئەوە ئەو ئەفسانەییە کە لێی دەترسایت، شوێنێکە وەک هەر شوێنێکیتری دنیا، بەڵام دووری و بینینی لەناو کتێب و فیلم لەتۆ ببوو بە خەیاڵ، ئەو

هێشتا پێی وابوو ئەو پاریسەی لەخەیاڵی ئەودایە هەرگیز ئێرە نیە کە تیایداین، هەرچۆنێک بێت تەواو مەست بووین، بەڵام دڵخۆش بووم، دڵنیابووم ئەوە من بووم بە خۆشەویستی توانیم گرێی دەروونی ژیانی بکەمەوە، بەیانی خۆشترین رۆژ لەتەمەنمان دەبەینە سەر، نەدەزانم لەم شەوەدا چەند قاپ شەرابمان خواردەوە، نە بیریشمە چەند جار سێکسمان کردو خێرا خۆمان بە حەمامەکە ئەکرد، دووشێکی خێرامان ئەکرد، وەک ئەوەی نە خواردبمانەوە، نە سێکسمان کردبێت، ئەوەی دەیزانم ئەوەیە جارێکیان نیگاکانم کەوتنە سەر کاتژمێرەکە، بینیم بەرەو پێنجی بەیانی دەڕوات، پێم ووت بیرت نەچێت دەبێت نۆی بەیانی ئێمە ئوتێلەکە چۆل بکەین، قارەمان ئەوەیە بخەوێت و خەبەری بێتەوە.

بڕوا ناکەم یاخود نازانم دوای ئەو قسەیەی من ئەو چی ووت، یاخود باسی چیترمان کرد، ئاخۆ خواردمانە، ڕەنگە چووبین بۆ دووش کردن و هەر لەوێ مەیلی سێکسیمان جولا بێت، ئەوەی دەیزانم کاتێک لەخەو بە ئاگا هاتمەوە، نیوەرۆیەکی درەنگ بوو، سەیری کاتژمێرەکەم کرد یەک و دە دەقەی نیوەرۆیە، تازە دەبوو ئەو شەوەش لە ئوتێلەکە بەرینە سەر، بۆیە ناچار بووم رازی بم بەم دۆخە، بینیم ئەو دووش دەکات، چونکە لەناو جێگا نەبوو، خۆ خۆشیشە هێشتا تەواو خەبەرت نەبووبێتەوە، لەباوەشی خۆشەویستەکەت دووش بکەیت و بە پەنجەکانی گیتاری قژت بژەنێت، بە بازێک

لەناو نوێنەکە دەرچووم، خۆم خستە حەمامەکەوە، کە چوومە ژوورەوە ئەو لەوێ نەبوو، تەنیا پارچە کاغەزێک لەو بەجێ مابوو، لەئاوێنەکەی چەسپ کردبوو، لەم ڕۆژەدا و بۆ هەتا هەتایە من ئەوم لەدەستدا، ئەوەی بۆ من ماوەتەوە تەنیا ئەو نامەییە کە ئێستا بۆتانی دەخوێنمەوە.

ئاهاڤای من، بەیانیت باش، بەیانیەک ئیتر من لەتەنیشتەوە نیم، گیتاری قژت ناژەنم، بەڵام تۆ توانیت خەیاڵ بکەیت بە ڕاستی، من شتێک نەما لەژیانم بیری لێ بکەمەوە، مەڵێ ئەی خۆشەویستی من، خۆشەویستی تۆ وەک ناوەکەت و گیتارەکەت و قژە درێژەکەتە، دەتوانیت وا بکەیت تا کۆتایی دنیا ببم بەو سیزیفە بەسەریدا سەرکەوم و ئێوارە غلۆر ببمەوە بۆ خوارەوە، کە خۆر هەڵهات سەر لەنوێ پیای سەرکەوم، ئەوە قسەی فریوودەر نیە، نا ئاهاڤا ئەوە ڕاستیە، لەمندا تۆ هەیت، بەڵام ئیتر پێویستم بەسەفەرێکی درێژە، نە کەس سۆراغی من بزانێت نە دنیا ئیتر کەسێکی بەم ناوە بیر بمێنێت، تا ئەمڕۆ هەرچی کارێک ئەبوو بیکەم ئەنجاممدا، دڵخۆشم توانیم چێژ و شادی، بە خۆم و ئەوانە ببەخشم، کە وەک خۆم ئارەزووی ئەدەبیات و هونەر دەکەن، ئیتر چی؟ خۆشەویستی ئەوە نیە هەموو ڕۆژێک مرۆڤەکان بەیەکەوە بن، بەڵام شەڕو گومان هەلا هەلایان بکات، بەو بیانووەی گوایە هۆگری یەکترین، ئیتر من وتۆ مەگەر لەخەوندا یەکتر ببینین، بەڵام هەمیشە لەلای یەکترین، بۆ هیچ شوێنێک ناڕۆین تەنیا جەستەمانە

ڕۆیشتووە، من بەرەو کێشوەریتر و ولاتی تر هەنگاو دەنێم، ئێستا بیر لە مەدرید دەکەمەوە، ئارەزوومە یاریگای سانتیاگۆ بێرنابیۆ ببینم، لەنزیکەوە سەیری یاریەکی ڕیال مەدرید بکەم، بەیادی تۆ گوێ لەگیتاری ئیسپانی بگرم، مەیلم بەلای سەمای کچە ئیسپانیەکانە، ڕەنگە چەند مانگێک بەم شێوەیە بەرمە سەر، ئەویش بەجێدێلم، من شوێنەکان جێ دێلم، ئەوەی هەرگیز جێی ناهێلم تەنیا خۆشەویستی تۆیە، ئەوسا دەڕۆمە لشبۆنە، لەوێوەش کەس ناناسم، بەلام وای لێ دێت لەوێش بەهەمان شێوە بێزار ئەبم، شتێک لەمندا پێم دەڵێت جێی بێلە، ئەوسا بیر لەشوێنێکیتر دەکەمەوە، ئەگەر هات و لە گوندێکی بچکۆلەدا دوور لەخەڵک، یان تاک و تەرا خەڵکی لێ بێت و من خانوویەکی دارینەم دەست بکەوێت، ڕەنگە بۆ کۆتایی ژیان نامەت بۆ بنووسم ئاگادارت بکەمەوە، گەر عاشقی هیچ پیاوێک نەبوویتە، هێشتا کەس لەناو نوێنەکەت نیە، گەر هێشتا بیر لەمن دەکەیتەوە، دەتوانی بێیت لێرە پێکەوە بژین، خۆ گەر کەسێکیش هەبوو لەژیانت دڵخۆش ئەبم، نەک لەبەر پەیوەندیەکەت، بەڵکو لەبەر ئەو ئارەزووە ژیاندۆستیەی لەتۆ و لە مۆسیقاکەتدا هەیە، بەلام بۆ بەڵێنی درۆ بەیەکتر بدەین، کێ دەڵێت کچێکی ئیسپانی یا پورتوگالی نایەتە ژیانم، لەوانەشە بڕۆمە برازیل، تۆ بیرتە لەرۆمانی ”لە ئۆکتۆبەردا کوژرام“ کارەکتەرێکی برازیلیم هەبوو بەناوی ئیدنا، ڕەنگە لەبارێکی شڕی تاریک، ژنێک بناسم و بلێت من ئیدنام ئەو ژنەی لەناو ڕۆمانەکەی تۆ

بووم، تەواو مەست و سەرخۆش بین و بخۆینەوە، هەر ئەو شەوە بچمە ماڵەکەی، بۆ نەگبەتی من ئەو شەوە ئەو بمرێت، جا وەرە پۆلیس بڕوا بکات، نووسەرێک کارەکتەری رۆمانێکی خۆی کووشتووە، ئەوە چ پەیوەندی بە دەزگاکانی پۆلیسەوەیە، بەڵکو ڕەخنەگرێکی ئەدەبی بۆی هەیە لە وتارێکدا پرسیاری ئەوە بکات: بۆچی ئەو نووسەرە چووە ماڵی کارەکتەرەکەی؟ هەر بۆ ئەوەی کارەکتەرەکە بکوژێت؟ تەنیا بۆ ئەوەی پێمان بڵێت ژنێک نیە ببێت بەوێستگەی گیرسانەوەی لەژیاندا؟

ئەو پرسیارەم پێ ڕاسترە لەوەی لەبەردەم پۆلیسی برازیلی بلێم من شانۆکار و نووسەرم، ئەوە کارەکتەری رۆمانەکەم بوو، دوێنێ شەو بەڕێکەوت لەبارێکی ساوباولۆ یەکترمان بینی، لەسەر داوای خۆی هاتینەوە ماڵەکەی، هێندەمان بیرە خواردو حەشیشمان کێشا و سێکسمان کرد، بەیانی کە ئەو مردووە، کەس بەرپرسیار نیە، منی نووسەر نەبم، ئەوەی مافی پرسیاریشی نەبێت تەنیا پۆلیسە، ئەزانم ئەو کاتە ئەمخەنە سەر زەوی لەدواوە دەستم ئەبەستنەوەو بەرەو زیندان ڕاپێچم ئەکەن، ڕەنگە بۆ هەتا هەتایە لەژووری زیندانی حەشیش کێشەکان بمێنمەوە، خۆ بەوە نیە یەکجار لەژیاندا لەگەڵ ژنێک دەیکێشم، بۆیە تۆ ئەتوانی زۆر پشت بەمن نەبەستیت، کاتێک هەستت کرد پێویستت بە پیاوێکە پێویستە لەگەڵیدا بیت، بەو قسەیە قەناعەت بەخۆت بکە، هاتینە پاریس و لەوێ خۆی لەمن شاردەوەو لێم وون بوو، تاکە شتێک ئەوەیە من تۆم خۆش

ئەویت، بیر لەدیداریکیتری نێوانمان ناکەمەوە، چونکە تۆ هەموو شتێکت لەم ژیانە بەمن بەخشی.

لەکۆتایی نامەکەیدا ئیمزای خۆی نەکردبوو، نووسیبووی ”پیاوێک ئێستا بە گریانەوە بەرەو ئیسپانیا دەڕوات وبەدەم گریانەوە بیر لەتۆ دەکاتەوە“ ئاخۆ کەسێکتان شێتی واتان دیووە؟ ئێستا تێگەیشتن کە بەیانیەکەی گەیشتینە پاریس و لەلای بورجی ئیڤل بووین بۆ لێی تووڕە نەبووم؟ بۆ هاوارم بەسەری نەکرد؟ بۆ سوکایەتیم پێی نەکرد؟ ئاخر ئەو شتێک بوو تەنیا من دەمزانی چ نەگبەتیەک بەدواوەیەتی، دڵنیاش بووم رۆژێک دێت وون دەبێت، بێ ئەوەی کەس شتێک لەبارەیەوە بزانێت، ئەو رۆیشت و بەجێی هێشتم، ئەمشەوەم بەدەم پیاسەی پاریس تەواو کرد، لەباڕێکدا کورێکی ئەڵمانیم ناسی دەیویست شەو لەگەڵم بێت، نەمتوانی دوای بیرەیەک کە پێکەوە خواردمانەوە، بەجێم هێشت و گەڕامەوە ئوتێلەکە، چونکە دەمزانی بۆ ئەوەی ژیان دەست پێبکەیتەوە، دەبێت ئەو خوێنەی لەدڵت دەڕوات ووشک بێت و برینەکەی دیار نەمێنێت، تا لەبەردەم ئاوێنەدا کە خۆتت ڕووت کردەوە، خەیاڵێک پێت بڵێت: ئەو جەستەیەی تۆ بۆ ئەوە نەکراوە لەناو جل و بەرگ بیخنکێنیت، هی ئەوەیە پیاوێک بە پەنجەکانی مۆسیقات پێ بژەنێت، وەک ئامێری پیانۆ سەیرت بکات، بە دە پەنجەی هەر هەشتاو هەشت کلیلی پیانۆی جەستەت بژەنێت.

بەیانی زوو هەڵسام و بەرەو شەمەندەفەری فرایبۆرگ ڕۆیشتم، بەدەم گریانەوە بەتەنیا هاتمەوە، ئەوە من بووم

منداڵەکەم لەپاریس وون کرد، لەگەڵ گیتارەکەم گەڕاینەوە ماڵەوە، سەر لەنوێ کەوتینەوە ژوانی مۆسیقا، کە ئێستا لەهەموو کاتێک زیاتر، لەهەموو پیاوێکیش زیاتر گیتارەکەم خۆش دەوێت، من بیرم ناچێت پیاوەکان جێم دێڵن، ئەوەی هەرگیز جێم ناهێڵێت تەنیا گیتارەکەمە.